ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (465)   دووشەممە 2017/7/17 – 26ی پووشپەڕ 2717   (750) دینار

## 300 منداڵی داعش لە گرتووخانەکانی هەولێردان

**ڕووداو- هەولێر**

بەر لەوەی داعش پەلاماری هەرێمی کوردستان بدات، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر تەنیا نزیکەی 200 کەسی لەخۆگرتبوو، زۆربەشیان ئەو منداڵ و ئافرەتانە بوون کە بەهۆی مادەی هۆشبەر، لەشفرۆشی، دزی و هەندێکجار تاوانی کوشتنەوە دەستگیرکرابوون، بەڵام لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ، لەناکاو بەڕێوەبەرایەتییەکە پڕ بوو لە مێرمنداڵ و ئافرەت کە گومان دەکرێت لە تاوانەکانی داعشدا بەشدار بووبن.

ژمارەی ئەوانە کە نزیکەی 300 کەسە، هەندێکیان تاوانی بچووکیان کردووە، وەکوو قسەکردنی ئۆنلاین لەگەڵ داعش، وەرگرتنی مەشقی سەربازیی داعش یان ئەوانەی ناچارکراون کاریان لەگەڵ بکەن، بەڵام ژمارەیەکیشیان لە تاوانی گەورەدا بەشدارییان کردووە، لەوانە بریندارکردن یان کوشتنی سەربازانی سوپای عێراق لە شەڕی مووسڵدا. ژمارەیەک لە مێرمنداڵە بەندکراوەکان بڕیاری دادگاشیان بۆ دەرچووە و ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردنی سزاکانیاندان.

بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر، ئێستا سەرگەرمی جێبەجێکردنی پرۆگرامێکە بۆ ئەوەی ئەو مێرمنداڵانە بۆ ژیانێکی ئاسایی پاش قۆناغی گرتووخانە ئامادە بکاتەوە.

دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری ئەو چاکسازییە دەڵێت، بە تێپەڕینی کات گۆڕانی زۆر بەسەر بیرکردنەوەی توندی ئەو منداڵانەدا هاتووە و ئێستا هەندێکیان داوا دەکەن قژیان لەسەر مۆدێل بۆ چاک بکرێ.

« 7



**نازم دەباغ بۆ ڕووداو:**

### هەرکەسێک پشتیوانی گشتپرسی نەکات خائینە

4

**بەرپرسێکی سوپای سووریای ئازاد بۆ (ڕووداو):**

### لەگەڵ تورکیا هێرش دەکەینە سەر یەپەگە

6



**فەرید ئەسەسەرد:**


### بەبێ ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان گشتپرسی سەرناگرێ

5

**عومەری سەید عەلی و قادری حاجی عەلی بەهێزترین کاندیدن**

# هەفتەی داهاتوو گۆڕان ڕێکخەر هەڵدەبژێرێ

« 3



**ڕاپۆرتە هەواڵ** 2

### کچێکی کەڕۆلاڵی کوردی ئێزدی لە ڕێگەی ڤیدیۆوە ئازاد دەکرێ



**تاراوگە** 11

### 900 گەنجی کورد دەبنە سەربازی سوید

**ئابووری** 8

### لەمەودوا قاتی شاڵ لەم ڕووەکە دروست دەکرێت



**کۆمەڵایەتی** 13

### پیاوێکی کورد 50 ساڵە جلی ژنان لەبەر دەکات



« 15



### 3500 کەس بەهۆی (ڕووداو)ەوە واز لە جگەرەکێشان دەهێنن



## لە قەزای خەبات دوو ئامۆزا دەخنکێن

ڕووداو- هەولێر

ئەفسەری بەرگریی شارستانی بنکەی خەبات ڕایگەیاند، دوو هاووڵاتی قەزای خەبات کە ئامۆزای یەکدین لە ئاوی زێی گەورەدا خنکان. حەیدەر ئەبوبەکر، ئەفسەری بەرگریی شارستانی بنکەی خەبات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاژێر 7:00ـی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 2017/7/16 دوو گەنجی خەبات لە نزیک گوندی سوفەییە و لەنێو گۆماوێکی نزیکەی دوو مەتری قوڵی زێی گەورەدا خنکان". بەگوتەی ئەفسەری بەرگریی شارستانی بنکەی خەبات، یەکێک لە گەنجە خنکاوەکان ناوی (جیهاد نەسرەدین عەبدولڕەحمان)ـە و لەدایکبووی 1999ـە، گەنجەکەی دیکەش ناوی (عومەر عەبدولمەناف عەبدولڕەحمان)ـە لەدایکبووی 1997ـە. تەرمی دوو گەنجەکە دوای دەرهێنانیان ڕادەستی کەسوکاریان کراوەتەوە.

# کچێکی کەڕولاڵی کوردی ئێزدی لە ڕێگەی ڤیدیۆوە ئازاد دەکرێ

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

چەکدارانی داعش هێندە بێ بەزەیی بوون بەرامبەر کوردی ئێزدی، تەنانەت دەستیان لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتی وەکو (سارا)ش نەپاراستووە. سارا کەڕولاڵە، دوای ڕفاندنی لەلایەن داعشەوە، چەکدارێکی داعش لە تەلعەفەر کڕیویەتییەوە، دواتر چەکدارێکی دیکە لەو چەکدارەی کڕیوەتەوە و بردوویەتییە ڕەققە. ئەو کچە بە ڕێگایەکی زۆر سەیر ڕزگار کراوە، ئەو کەسەی ڕزگاری کردووە، چیرۆکەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە.

سارا، تەمەن 26 ساڵ، ناوی خوازراوی کچێکی کوردی ئێزدییە، لە کاتی پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014، لەگەڵ کەسوکارەکەی کەوتە دەستی داعش. ئەو هەرچەندە کەڕولاڵ بووە، بەڵام داعش دەستی لێ نەپاراستووە و لەگەڵ هەزاران کوردی دیکەی ئێزدی لە شنگالەوە دەیگوازنەوە بۆ تەلعەفەر.

### قاچاخچییەک: تاوەکو ئێستا 329 ئافرەتی کوردم ڕزگار کردووە

عەبدوڵڵا شەریم کە بە بەهێزترین قاچاخچی ڕزگارکردنی کوردی ئێزدی ناسراوە، دەڵێت تاوەکو ئێستا 329 ئافرەتی لە عێراق و سووریا لە دەستی داعش ڕزگار کردووە. شەریم باسی سارا دەکات و دەڵێت "دوای مانگێک، داعش سارای بردبووە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئافرەتانی کوردی ئێزدی، لەوێ بازرگانێک دەیکڕێت و دەیباتە ڕەققە".

### سارا: کە دۆشەکیان بۆ دادەنام دەمزانی ئەوە ئاماژەیە بۆ دەستدرێژیکردنە سەرم

سارا لە شاری ڕەققە جارێکی دیکە دەبرێتە بازاڕی کڕین و فرۆشتن، لەوێ داعشێکی خەڵکی ڕەققە دەیکڕێ، عەبدوڵڵا دەڵێت "لە ڕەققە ئەو کچە وەکو سەبیە لەلای چەکدارێکی داعش دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی قسە بکات و گوێشی لە هیچ نەدەبوو، بۆیە تەنیا ئەگەر شتێکی پێویست بووبێ بە ئاماژە تێیگەیاندووە، بۆ نموونە هەر کاتێک ویستوویەتی دەستدرێژیی بکاتە سەر، دۆشەکێکی بۆ ڕاخستووە".

عەبدوڵڵا باسی چۆنیەتی ڕزگارکردنی ئەو کچەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "هەموو ڕێگایەکم تاقیدەکردەوە بۆ دۆزینەوە و ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتانەی لە دەستی داعشدا بوون. ژنێکم دەناسی خەڵکی ڕەققە بوو. ئەو بەردەوام بەدوای ئەو کچ و ژنانەدا دەگەڕا کە داعش ڕفاندبوونی، لە هەر شوێنێک ڕفێندراوێکی بدۆزیبایەوە، پەیوەندیی پێوە دەکردم".

ڕۆژێکیان ئەو ژنە پەیوەندی بە عەبدوڵڵاوە دەکات و دەڵێت کچێکم دۆزیوەتەوە لەلای چەکدارێکی داعشە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەڕولاڵە و ناتوانم قسەی لەگەڵ بکەم. عەبدوڵڵا داوای وێنەیەکی ئەو کچە لە ئافرەتەکە دەکات و ئەویش وێنەکەی بۆ دەنێرێ.

عەبدوڵڵا دەڵێت "کە وێنەکەی بۆ ناردم بەدوای کەسوکارەکەیدا گەڕام، تەنیا براژنێکیم دۆزییەوە. ئەو زۆرباش لە زمانی ئەو کچە تێدەگەیشت، بۆیە پارچە ڤیدیۆیەکمان تۆمار کرد و پەیامێکمان بۆ ئەو کچە نارد کە ئەو ئافرەتە دێت تۆ ڕزگار دەکات. دوای ئەوەی چەند پارچە ڤیدیۆیەکمان لەنێوان ئەو کچە و براژنەکەی ئاڵوگۆڕ کرد، توانیمان ئەو کچە ڕزگار بکەین".

دوای ڕزگارکردنی، براژنی زۆر قسەی لەگەڵ سارا کردووە لەبارەی ژیانی کە لەلای ئەو چەکدارە بووە. عەبدوڵڵا دەڵێت "براژنی ئەو کچە دەیگێڕایەوە دەیگوت چونکە ئەو زمانی نەبووە، زۆرجار لێدانی بەدەستی چەکدارە داعشەکە خواردووە کە ساڵ و نیوێک لەلای بوو. ئەو چەکدارە تەنیا بۆ دەستدرێژی ئەو کچەی بردبووە لای خۆی، هەر کاتێکیش بیویستایە دەستدرێژیی بکاتە سەر، دۆشەکێکی بۆ ڕادەخست، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە بکات".

عەبدوڵڵا لە زاری براژنی ساراوە باسی یەکێک لە ڕۆژە ناخۆشەکانی سارا دەکات و دەڵێ: "ئەو کچە بۆ براژنەکەی گێڕابوووەوە، شەوێک هێشتا زوو بووە، چووەتە ژوورەوە بینیویەتی چەکدارەکەی داعش دۆشەکەکەی ڕاخستووە، ئەویش ناچار بووە خۆی بۆ ئامادە بکات، جلەکانی داناوە، لەو کاتەدا یەکسەر دوو چەکداری داعش هاتوونەتە ژوورەوە. ئەویش ترساوە و ڕایکردووە بۆ دەرەوە، کە داعشەکە ئەوی بەو شێوەیە بینیوە، زۆری لێداوە و هاواری کردووە: تۆ ئابڕووی منت برد. ئێستاش بەهۆی ئەو لێدانەوە بڕبڕەی پشتی ژان دەکات".

جگە لە سارا، عەبدوڵڵا دەڵێت سێ ئافرەتی دیکەی کەڕولاڵی ڕزگار کردووە و ئێستا لە نێو کەسوکاریاندان. عەبدوڵڵا ئامادە نەبوو بڕی ئەو پارەیە ئاشکرا بکات کە لە ڕزگارکردنی هەر ئافرەتێکدا خەرجی دەکات، بەڵام گوتی "هەموویان بە پارەی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت ڕزگارکراون".



سارا ساڵ و نیوێک لەلایەن چەکدارێکی داعش دەستدرێژی دەکرایە سەر

## مێرمنداڵێکی کوردی ئێزدی کە کرابووە چەکداری داعش:

# داعشەکان باسی نامووسی ئێمەیان دەکرد

ناسر عەلی
ڕووداو- هەولێر

مێردمنداڵێکی کوردی ئێزدی کە لەلایەن داعشەوە ڕفێنراوە و پاشان چەکی کراوەتە شان پێش ئەوەی لە شاری ڕەققە ڕزگار بکرێ، بەسەرهاتی خۆی لەنێو داعش دەگێڕێتەوە و دەڵێت ناخۆشترین هەڵوێست کە بەرەوڕووی دەبووەوە ئەو کاتە بوو چەکدارانی داعش باسی "نامووسی ئێزدییەکان"یان دەکرد. ئەو مێرمنداڵە دەڵێت لەنێو داعش گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتبوو، چەند جارێک داوای کردبوو ئەبووبەکر بەغدادی ببینێ.

(ع.ق) تەمەن 16 ساڵ، مێرمنداڵێکی کوردی ئێزدییە، لە کاتی پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری لە ئابی 2014، لەلایەن چەکدارانی ئەو ڕێکخراوەوە لەگەڵ خوشکێکی و چوار براژن و مام و ئامۆزاکانی ڕفێنراوە. دواتر لە کەسوکارەکەی جیاکراوەتەوە و لەگەڵ چەندین منداڵی دیکە نێردراون بۆ کەمپەکانی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی.

(ع.ق) کە خەڵکی شنگالە، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە لەلایەن داعشەوە ڕفێنراوە. ئەو کە ئێستا لە شاری دهۆکە، گوتی "ئەو ڕۆژە من لە ماڵی مامم بووم کە داعش هات، بە تراکتۆرەکەی ماڵی مامم دەرچووین، بەڵام لە ڕێگا نەمانتوانی خۆمان ڕزگار بکەین و کەوتینە دەست چەکدارانی داعش. دوای هەفتەیەک ئێمەیان بردە تەلعەفەر، لەوێ لە کەسوکارەکەم جیاکرامەوە".

(ع.ق) سەیری ئەو خاڵە دەکات کە لەسەر دەستی کوتراوە و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک دەبن و بێدەنگ دەبێ، پاشان دەڵێت "کاتێک لە تەلعەفەر بووین، براژنەکەم ئەو خاڵەی لەسەر دەستم کوتی، پێیگوتم با ئەو نیشانەیە وەکو یادگاری لەلات بمێنێتەوە، نەوەک یەکدی نەبینینەوە. ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێ نەمبینیوەتەوە. ئەو کاتەشی لە ڕیزەکانی داعشدا بووم، زۆر هەوڵمدا خوشکم و براژنەکانم بدۆزمەوە، بەڵام بێسوود بوو".

(ع) دوای جیاکردنەوەی لە کەسوکارەکەی، دەکرێتە چەکداری داعش. ئەو دەڵێت "نزیکەی مانگێک لە تەلعەفەر ماینەوە، دواتر ئێمەیان برد بۆ ڕەققە، لەوێ ڕۆژێکیان چەکدارێکی داعش هات و ناوی نووسین. ئێمە نزیکەی 45 کەس بووین، 15مان کوردی ئێزدی بووین، ئێمەیان برد بۆ سەربازگەیەک، شەش مانگ مەشق و ڕاهێنانیان پێکردین، ڕۆژانە لە کاژێر هەشتی بەیانی هەتا چواری ئێوارە لە نێو مەشقدا بووین".



سەبارەت بە جۆری مەشقەکان، (ع) گوتی "بەیانیان دوو کاژێر مەشقی جەستەییان پێدەکردین، دواتر قورئانمان دەخوێند، پاشان ڤیدیۆی شەڕ و کوشتاریان پێ نیشان دەداین".

(ع) باسی ئەرکەکەی لە نێو داعش کرد و گوتی "ئێمە زیاتر پاسەوانی بارەگاکانی داعش بووین، لە ڕەققە و تەبقە".

ئەو باسی ناخۆشترین بەسەرهاتی نێو داعش دەکات و دەڵێت :"ژیان لەوێ هەمووی هەر ناخۆش بوو، بەڵام ناخۆشترین کاتمان ئەوە بوو کە باسی نامووسی ئێزدییەکانیان دەکرد، یان دەیانگوت ئەوانە هەموویان کافرن و دەبێت بیانکوژین". ئەو دەڵێت:"بەردەوام پێیاندەگوتم باش بوو بوویتە موسوڵمان، ئەگینا دەچوویتە دۆزەخ".

لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەی لە ڕیزەکانی داعشدا بووە، (ع) زۆر هەوڵی داوە کەسوکارەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام هیچی دەستنەکەوتووە و دەڵێت :"دوای ساڵێک، ئەوان متمانەی زۆریان پێکردم، زۆر بەدوای خزم و کەسەکانمدا گەڕام، بەڵام نەمزانی لە کوێن".

داعش لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیر و هزری ئەو مێرمنداڵە ئێزدییە داناوە، ئەو زۆر تامەزرۆ بووە ئەبوبەکر بەغدادی، کەسی یەکەمی داعش ببینێ. (ع) دەڵێت "ساڵی یەکەم هەموویان دەیانگوت خەلیفەی ئێمە لە موسڵە، ڕاستییەکەی زۆر حەزم دەکرد ئەبوبەکر بەغدادی ببینم، چونکە ئەوان زۆر مەدحیان دەکرد. زۆرجار داوام لێکردن بمبەن بۆ لای خەلیفە، بەڵام پێیاندەگوتم هەتا نەبیتە ئەمیرێکی گەورە ناتوانی ئەبوبەکر بەغدادی ببینی".

(ع) باسی چۆنیەتی ڕزگاربوونی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "پەیوەندیم لەگەڵ باوکم هەبوو، زۆرجار داوای لێدەکردم ڕابکەم، بەڵام نەمدەتوانی. هەتا پێش ماوەیەک داعش زۆر لاوازبوون، زۆربەیان کوژران. هەموو ڕۆژێک چاوەڕێ بووین بمانکوژن، سوپاس بۆ خوا دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت و ڕامکرد".

## حیزبەکەی حەیدەر شەشۆ یەکەم کۆنگرەی خۆی لە دهۆک بەست

حەیدەر شەشۆ:

# بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق دەکەین

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

بە بەشداریی نزیکەی 500 کەس لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق و باشووری کوردستان، یەکەمین کۆنگرەی پارتی ئێزیدیی دیموکرات کە سکرتێرەکەی حەیدەر شەشۆیە لە دهۆک بەڕێوەچوو، لە کۆنگرەکەدا 17 کەس وەکو ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری حیزبەکە دەستنیشانکران. حەیدەر شەشۆ دەڵێ پارتی و یەکێتی ئاگاداری دامەزراندنی حیزبەکەی ئەون.

کاتێک داعش لە ئابی 2014 هێرشی کردە سەر شنگال، حەیدەر شەشۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بوو، لەگەڵ ژمارەیەک کوردی ئێزدی هێزێکیان پێکهێنا و توانییان بەرگرییەکی بێ وێنە لە مەزاری شێخ شەرفەدین لە بناری چیای شنگال بکەن، شەشۆ لەوێ بووە ناوێکی دیار. لە سەرەتای 2015 هێزێکی بەناوی هێزی پاراستنی ئێزدیخان دروستکرد کە سەرەتا هاوکاریی لە بەغدا وەردەگرت، بۆیە بۆ ماوەیەک لەلایەن ئاسایشی پارتی لە دهۆک دەستگیرکرا و دواتر ئازاد کرا.

سەرەتای ئەمساڵ، بەشێک لەو هێزە کە ژمارەیان هەزار کەس بوو، بوونە لیوایەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە. حەیدەر شەشۆ دواتر حیزبێکی بەناوی حیزبی ئێزدیی دیموکرات دروستکرد، ڕۆژی 2015\07\15 لە هۆڵی کۆنگرەکان لە شاری دهۆک، یەکەمین کۆنگرەی ئەو حیزبە بەسترا.

حەیدەر شەشۆ باسی هۆکاری دامەزراندنی ئەو پارتەی کرد و گوتی "دوای ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزدییەکانی شنگال هات، هەستمکرد ئێزدییەکان پێویستیان بە پارتێکە کە بتوانێ خزمەتی ئێزدییان بکات و بەرگرییان لێ بکات. سەرەتا وەکو هێزێکی سەربازی بووین، دوای کەمبوونەوەی مەترسیی داعش، هەستمانکرد پێویستمان بە دامەزراندنی پارتێکی سیاسییە".

پارتەکەی شەشۆ، ناوەکەی ئێزدییە، بەڵام شەشۆ دەڵێت دەرگای بۆ هەموو نەتەوە و کەمینەیەک کراوەیە "ئەم پارتە تەنیا بۆ ئێزدیان نابێت، بەڵکو لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، عەرەب، کوردی موسوڵمان، کریستیان، ئەوانەی پێش ئێستا بەرگریان لە ئێمە دەکرد، ئێستا بەشدارن لەناو پارتی ئێمە و



بەرپرسیارێتیان هەیە".

ئەو حیزبە مۆڵەتی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق وەرگرتووە، حەیدەر دەڵێت "بەپێی یاسای دامەزراندنی پارت، شەش مانگ لەمەوبەر پەیڕەوی ناوخۆمان پێشکێشی کۆمیسیۆن کردبوو، ئێستا مۆڵەتی فەرمیمان لە کۆمسیۆن وەرگرتووە".

سەبارەت بە مۆڵەت وەرگرتن لە کوردستان، شەشۆ گوتی "تەنیا پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ هەیە، وەزارەتی ناوخۆشمان بە فەرمی ئاگادار کردووەتەوە. بەستنی کۆنگرەکەش لە دهۆک بە ڕەزامەندیی پارتی و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە".

بارەگای حیزبەکەی حەیدەر شەشۆ لە شاری سلێمانییە، بەڵام حەیدەر شەشۆ دەڵێت لە نزیکترین دەمدا بارەگا لە هەولێر و دهۆکیش دەکەنەوە. شەشۆ گوتی "پاش تەواوبوونی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، بارەگا لە دهۆک و هەولێریش دەکەینەوە. لەبەر ئەوەی ئێزدییەکان نزیکن لە دهۆک بۆیە مەکتەبی سیاسیمان لە دهۆک دەبێ".

سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان، حەیدەر شەشۆ گوتی "لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق و کوردستان بەشدار دەبین، ناتوانین پێشبینی ڕێژەی دەنگی خۆمان بکەین، چونکە لە شنگال پارتی و یەکێتی و زۆر پارتی دیکەش جەماوەری خۆیان هەیە، بەڵام هەتا ئێستا ئێزدی زۆربەیان پشتگیریمان دەکەن".

لە یەکەم کۆنگرەی حیزبەکەی شەشۆدا 17 کەس وەکو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن دەستنیشان کران، کە چواریان خەڵکی بەغدان و هەندێکیشیان خەڵکی مووسڵن. شەشۆ گوتی "500 کەس بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد، ئەو ستافە 17 کەسییەی بۆ بەڕێوەبردنی حیزب دەستنیشانکراون کاتین، هەتا کۆنگرەی داهاتوو کە ڕەنگە لە ناوەڕاستی 2018 ببەسترێ".

### پارتی و یەکێتی پشتیوانی لێدەکەن

یەکەم کۆنگرەی ئەو پارتە بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا نەبوو، هیچ پارتێکی سیاسی و نوێنەری وڵاتان بانگهێشت نەکرابوون. شەشۆ لەو بارەیەوە گوتی "یەکەم کۆنگرەمان بوو، نەمانویست کەس بانگ بکەین، کۆنگرەکە زۆر بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو. ڕاستە هەتا ئێستا کەس پیرۆزبایی لێنەکردووین، بەڵام خۆی ڕێپێدان بە کردنەوەی بارەگامان لە سلێمانی و بەڕێوەچوونی کۆنگرە لە دهۆک، نیشانەی ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی پشتگیریمان دەکەن". هەروەها گوتی: "پێش ئێستا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانم ئاگادار کردووە، ئەویش ئاگاداری دامەزراندنی ئەم پارتەیە".

### پشتگیری لە گشتپرسی دەکەین

دوای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر نەخشەی سیاسی ناوچەکەدا هات، پێشتر تەنیا پارتی لەوێ حاکم و دەسەڵاتدار بوو، بەڵام ئێستا نزیکەی 15 پارت و گرووپی سەربازی و سیاسی لە شنگال هەن، 64%ی خاکی شنگال لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە و 21%ی لە ژێر دەسەڵاتی پەکەکەدایە، هەروەها 15%یشی لەژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبیدایە.

حەیدەر شەشۆ لەبارەی هەڵوێستیشی لە گشتپرسی دەڵێت: "هەر پارت و لایەنێک هەوڵی دابڕینی شنگال بدات لە کوردستان، من بە خیانەتی دەزانم، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، وەکو هەموو ناوچەکانی دیکە، گشتپرسی لە شنگالیش بەڕێوەبچێ، ئێمە بە هەموو توانایەک پشتیوانی لە گشتپرسی دەکەین".



## نێچیرڤان بارزانی: ئێران دەتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێت

**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق کۆبووەوە و دەربارەی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕایگەیاند، کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دەتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و تارانی بەرز نرخاند، هەروەها پاڵپشتیی خۆی بۆ کار و چالاکییەکانی نیشاندا و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکە نوێکەیدا بۆ خواست. لەبارەی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بارزانی گوتی "چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستی بە دیالۆگێکی جددی هەیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت".

## عومەری سەید عەلی و قادری حاجی عەلی بەهێزترین کاندیدن

# هەفتەی داهاتوو گۆڕان ڕێکخەر هەڵدەبژێرێ


**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە ڕۆژی 2017/7/25 لە ساڵیادی یەکەم بەشداریی گۆڕان لە پرۆسەی هەڵبژاردن کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو، جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان کۆببێتەوە بۆ هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن، دواتریش کەسێک لە خانەکە بە ڕێکخەری گشتی هەڵدەبژێردرێ، بەهێزترین کاندیدیش بۆ ئەو پۆستە هەریەک لە قادری حاجی عەلی و عومەری سەید عەلی، هەڵسوڕاوانی باڵای بزووتنەوەکەن.

ئاوات شێخ جەناب، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان، کاتی هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "تەنیا یەک مەوعیدمان هەیە ئەویش 25ی مانگە، ئەو پرۆسەیە بەپێی دەستووری نێوخۆی گۆڕان بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدەین".

ئامانج و ئاواتی ئێمە کە لە سەرکردایەتی یەکێتیش باسمان کردووە، یەکگرتنەوەمانە لەگەڵ گۆڕان، چونکە گۆڕان لە هەناوی یەکێتی هاتووەتە دەرەوە، ئومێد دەکەین ڕێکخەری داهاتوو لەسەر ڕێبازی کاک نەوشیروان مستەفا بەردەوام بێت و زیاتر لە یەکێتی نزیک ببێتەوە. بە هەردوولامان ڕێککەوتنی نێوانمان وەکو خۆی جێبەجێ بکەین، لەسەر پرسە چارەنووسساز و ستراتیژییەکان زیاتر هاوهەڵوێست بین".

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لەوبارەیەوە گوتی "دەستنیشانکردنی ڕێکخەری گشتی گۆڕان پرسێکی تایبەت بە نێوخۆی گۆڕانە، ئێمە ڕێز لە بڕیاری گۆڕان دەگرین هەر کەسێک هەڵبژێرن و دەستنیشان بکەن، ئێمە مامەڵەیەکی ئەرێنی لەگەڵ دەکەین هەر وەکو کاک نەوشیروان مستەفا، پەرە بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ گۆڕان دەدەین".





### قادر حاجی عەلی

- ساڵی 1955 لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانی لەدایکبووە.
- پێنج برا و پێنج خوشکی هەن، پێنج براکە بوونەتە پێشمەرگە کە یەکێکیان هونەرمەندی کۆچکردوو حەمەجەزا بوو.
- دەرچووی بەشی جیۆلۆجی زانکۆی سلێمانییە
- ساڵی 1972 بووەتە ئەندامی کۆمەڵە
- ساڵی 1974-1975 پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، دوای هەرەسهێنانی شۆڕش، گەڕاوەتەوە زانکۆ بۆ تەواوکردنی خوێندن.
- ساڵی 1980 جارێکی دیکە چووەتەوە شاخ و بووەتە پێشمەرگە
- لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە کە تەمەنی 28 ساڵ بووە، بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و سەرکردایەتی یەکێتی. بووەتە سەرپەرشتیاری یەکێک لە مەڵبەندەکانی ئەو حیزبە.
- پێش ڕاپەڕین بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی.
- لە ساڵی 1990 بووەتە بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی.
- ساڵی 1994 دەزگای زانیاری دامەزراندووە و کەسی یەکەمی ئەو دەزگایە بووە.
- 1996-1997 بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بووە.
- ساڵی 1998 2000 کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە.
- لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمپانیای وشە لە دوای نەوشیروان مستەفا بە کەسی دووەمی ئەو بزووتنەوەیە دادەنرێت، پەیامی سایتی سبەی و بزووتنەوەی گۆڕانی نووسیوە.
- دامەزرێنەری سەرجەم میدیا نووسراو و بینراو و بیستراوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بووە.
- دووجار هاوسەرگیریی کردووە، خاوەنی سێ کوڕە



### عومەری سەید عەلی

- ساڵی 1945 لە گەڕەکی شێخان لە سلێمانی لەدایکبووە.
- خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە.
- ساڵی 1974 بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆی شۆڕش.
- ساڵی 1975 بووەتە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە.
- ساڵی 1976 ڕێکخستنەکەیان ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ شەش سەرکردەی کۆمەڵە دەچنە ئێران و لەوێ دەستگیر دەکرێن و ڕادەستی عێراق دەکرێنەوە.
- لە 11/7/1976 بە شەش ساڵ بەندکردن سزا دەدرێت، ساڵی 1979 بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ و ئازاد دەکرێ.
- دوای ئازادبوونی لە زیندان بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، سەرکردایەتی یەکێتی هەڵبژێردراوە.
- ساڵی 1980 بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە لە بناری کێوەڕەش بریندار بووە، پاشان ڕەوانەی سوێد کراوە، سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی یەکێتی کردووە لە ئەوروپا.
- لە هەموو کۆنگرەکانی یەکێتی بە ئەندامی سەرکردایەتی و پاشان مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە.
- ماوەیەک سەرۆکی شاندی یەکێتی بووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی بۆ پرۆسەی ئاشتی.
- ساڵی 1992 بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.
- ماوەیەک بەرپرسی مەڵبەندی یەکی سلێمانی یەکێتی بووە.
- بەرپرسی مەکتەبی دارایی یەکێتی بووە.
- ساڵی 2009 دەستی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کێشایەوە.
- ساڵی 2009 لەسەر لیستی گۆڕان خۆی کاندید کرد و دواتر کشایەوە.
- سەرپەرشتیاری فراکسیۆنەکانی گۆڕان بووە.

ڕێکخەری گشتی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی دەکات و لەبەردەم جڤاتی نیشتمانیدا بەرپرسیارە (فۆتۆ: ڕووداو)

ئەگەرچی جاڕی دامەزراندنی گۆڕان لە 2009/4/11 لە هەڤپەیڤینێکی نەوشیروان مستەفادا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت هات، بەڵام ڕۆژی 2009/7/25 بەشداری یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کرد و وەکو عورفێک ئەو ڕۆژە بووەتە ڕۆژی دامەزراندنی بزووتنەوەکە. هەروەها ڕۆژی 2010/5/31 مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی وەرگرت.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن بە (ڕووداو)ی گوت: "هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی پرسێکی نێوخۆییە، بەپێی دەستووری نێوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و نامانەوێ لە میدیاکانەوە قسەی لەسەر بکەین".

### ڕێکخەری گشتی یەک دەسەڵاتی هەیە

خانەی ڕاپەڕاندن کە حەوت ئەندامی هەیە، ڕۆڵی مەکتەبی سیاسی دەبینێ و بڕیارەکانی جڤاتی نیشتمانی جێبەجێ دەکات، بەپێی دەستووری بزووتنەوەی گۆڕان، هەر دوو ساڵ جارێک ئەندامانی خانەکە هەڵدەبژێردرێن، ئەندامان بۆیان هەیە بۆ سێ خول خۆیان کاندید بکەن.

بەپێی بەشی نۆیەم لە مادده 13ی دەستووری گۆڕان، خانەکە پێکدێت لە حەوت کەس: (ڕێکخەری گشتی، سکرتێری کاروباری جڤاتی نیشتمانی، سکرتێری کاروباری فراکسیۆنەکان، سکرتێری کاروباری بازێڕەکان، سکرتێری کاروباری ژوورەکان، سکرتێری کاروباری خەڵک و سەرۆکی جڤاتی گشتی). لەو 7 ئەندامەی خانەی ڕاپەڕاندن تەنیا جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی نیشتمانی و ڕەئووف عوسمان، سەرۆکی جڤاتی گشتی بە هەڵبژاردن لە پۆستەکانیان دانراون.

بەپێی ماددەی چوارەم، بەشی نۆیەم لە دەستووری گۆڕان، ڕێکخەری گشتی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی دەکات و لەبەردەم جڤاتی نیشتمانیدا بەرپرسیارە.

بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ (ڕووداو)، بە فەرمی هیچ هەڵسوڕاوێکی گۆڕان خۆی بۆ خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی کاندید نەکردووە و هیچ کەسێکیش لە بەرژەوەندیی کەسێکی دیکە نەکشاوەتەوە، بەڵام چاوەکان زیاتر لەسەر هەریەک لە قادری حاجی عەلی و عومەری سەید عەلین.

(ڕووداو) زانیویەتی گرووپی ڕاوێژ کە لە سەرکردە و هاوڕێکانی نەوشیروان مستەفا پێکهاتوون، لەگەڵ ژووری یاسایی و ژووری هەڵبژاردن میکانیزمیان بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە ئامادە کردووە کە خۆی لە چوار لاپەڕە دەبینێتەوە. ڕۆژی 20ی ئەم مانگە دەرگای خۆپاڵاوتن دەکرێتەوە، هەڵسوڕاوانی گۆڕان ئەوانەی مەرجەکانیان تێدایە دەتوانن لە ڕێگای فۆرمێکەوە خۆیان کاندید بکەن، یەکێک لەو مەرجانەی دانراوە، دەڵێت پێویستە کاندیدی خانەی ڕاپەڕاندن تەمەنی لە 30 ساڵ کەمتر نەبێ.

چالاکی موهەندیس، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێک لە مەرجەکان بۆ خۆکاندیدکردن بۆ خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی ئەوەیە کە پێویستە هەڵسوڕاوێکی بەرچاو و جێگای متمانەی گۆڕانخوازان بێت، نابێ پۆستی دیکەی هەبێ، ئەگەر بۆ ئەو پۆستە خۆی کاندید کرد، پێویستە دەست لە پۆستی حکومی و پەرلەمانی هەڵبگرێت".

> 20ی ئەم مانگە دەرگای خۆپاڵاوتن دەکرێتەوە

چالاکی موهەندیس گوتیشی:"هەریەک لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانتار و وەزیرەکانی کوردستان و عێراق، هەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، یان هەر کەسێکی دیکە وەزیفەی گشتی هەبێ، لەنێو بزووتنەوەی گۆڕانیش پلەی حیزبییان هەبێت، ناتوانن خۆیان کاندید بکەن بۆ خانەی ڕاپەڕاندن".

### قادر حاجی عەلی یان عومەری سەید عەلی

هەرچەندە تاوەکوو ئێستا کاندیدەکانی پۆستی ڕێکخەری گشتی دەرنەکەوتوون، بەڵام هەر لە ئێستاوە باس لە دوو کاندیدی بەهێز دەکرێ، ئەوانیش قادری حاجی عەلی و عومەری سەید عەلین.

عومەری سەید عەلی، سەرۆکی زۆربەی شاندەکانی دانوستاندنی گۆڕان بووە، لە غیابی نەوشیروان مستەفادا وەکو کەسی یەکەمی بزووتنەوەکە دەرکەوتووە. نەوشیروان مستەفا کە لە لەندەن بوو، بریکارنامەی بۆ کردبوو بۆ ئەوەی ئیشەکانی بزووتنەوەکە کە پەیوەستن بە هەڵبژاردن و کۆمیسیۆن جێبەجێ بکات، بەڵام قادری حاجی عەلی نەخشەداڕێژەر و ئەندازیاری پشتی پەردەی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنی گۆڕان بووە، هەموو جووڵەیەکی سیاسی لە ماوەی نەخۆشکەوتنی نەوشیروان مستەفادا دەستی ئەوی تێدابووە. بە قسەی هەڵسوڕاوانی گۆڕان، بەپێی پێشینەی کاری لە دەزگای زانیاریی یەکێتی، قادر حاجی عەلی وردبینترە، هەرچی عومەی سەید عەلی مامەڵەی نەرمترە. بەهۆی تەمەنی وەکو برا گەورەیەک لەنێو سەرکردەکانی گۆڕاندا دەرکەوتووە، لەو گەنجانەش نزیکە کە پۆستیان لە پەرلەمان و حکومەت لە هەولێر و بەغدا وەرگرتووە، بەڵام قادری حاجی عەلی لە بنکەی جەماوەری گۆڕان نزیکترە و توانای دانیشتن و گوێگرتنی لە خەڵک هاوشێوەی نەوشیروان مستەفایە.

بەشێک لە هەڵسوڕاوانی گۆڕان باسی ڕێککەوتنێکی پێشوەختەی هاوڕێیەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن دەکەن، بۆئەوەی بە یەک کاندیدی تەوافوقی بچنە کۆبوونەوەی ڕۆژی 25ی مانگ، بەڵام ژمارەیەک سەرکردە کە قسەیان بۆ (ڕووداو) کردووە، بوونی کاندیدی پێشوەختە بۆ ڕێکخەری گشتی ڕەتدەکەنەوە.

### حیزبەکان چاوەڕێی ڕێکخەری نوێن

تەنیا جەماوەر و هەڵسوڕاوانی گۆڕان نین چاویان لە پڕکردنەوەی پۆستی ڕێکخەری گشتییە، بەڵکو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش چاوەڕێی 25ی تەمووز دەکەن بۆ ئەوەی بزانن ڕێکخەری دوای نەوشیروان مستەفا کێیە.

فازڵ بەشارەتی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ گۆڕان دەکەین، نەک وەکو تاک، ئومێد دەکەین کەسانی میانڕەو لەو پرۆسەیە سەربکەون و گۆڕان بە سیاسەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا بچێتەوە، بۆ ئەوەی بۆچوونەکانمان بۆ سەرخستنی گشتپرسی یەکبخەین، گۆڕان خاوەنی 24 کورسیە و دەبێ لە پرۆسەی سیاسی ڕۆڵی خۆیان بە ئاراستەیەکی باش ببەن".

هەروەها سیروان کوێخا نەجم، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی: "یەکێک لە

**پارتی:**
حەز دەکەین کەسێکی میانڕەو ببێتە ڕێکخەری گشتی

**یەکێتی:**
هیوادارین لەسەر ڕێبازی نەوشیروان مستەفا بەردەوام بێت

**یەکگرتوو:**
هەر کەسێک ببێتە ڕێکخەر مامەڵەیەکی ئەرێنی لەگەڵ دەکەین



## لە کۆنفرانسی کەنەکە ئاڵای کوردستان هەڵنەکرا

**رووداو- سلێمانی**

بە بەشداری هەر پێنج پارتە گەورەکەی باشووری کوردستان و پارتەکانی دیکەی سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان، رۆژی 2017/7/61 کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK لە شاری سلێمانی کۆتایی بەکارەکانی هێنا. ملکۆ بارزیانی، سەرۆکی پارتی سەوزی کوردستان، تێبینی لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە هەیە و بە رووداوی راگەیاند: "ئێمە لە باشووری کوردستان لەکاتێکدا بەرەو گشتپرسی و سەربەخۆیی دەڕۆین، تێبینیمان کرد لە کۆبوونەوەیەکی وادا ئاڵای کوردستان دانەنراوە، تەنیا ئاڵایەکی بچووکی بەقەد دەبەیەکی ئاو لەسەر مێز دانراوە، بۆیە ناکرێت لە کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە ئاڵای کوردستان هەڵنەکرێت".



### نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران بۆ رووداو:

# هەر کەسێک پشتیوانیی گشتپرسی نەکات خائینە

> ئێستا بارزانی تاکە سوارە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان دەکات

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

نازم عومەر دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران دەڵێت سەردانی شاندەکەی یەکێتی بۆ تاران لەسەر داوای کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و دەمێکە بەرنامەی بۆ دانراوە. دەشڵێت شاندی لیژنەی باڵای گشتپرسی سەردانی تارانیش بکەن، هەر یەک وەڵامیان دەستدەکەوێت.

رۆژی یەکشەممە شاندێکی یەکێتی بەرەو تارانی پایتەختی ئێران بەڕێکەوت. نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران کە نوێنەری یەکێتیشە، باسی ئەجێندای سەردانی شاندەکەی یەکێتی دەکات و دەڵێت: "دەمێکە بەرنامەی ئەو سەفەرە دارێژراوە کە لە دەرفەتێکدا شاندێکی باڵای یەکێتی بە سەرۆکایەتی جەنابی کاک کۆسرەت رەسووڵ بێنە ئێران، بەڵام ئەجێندای سەردانەکە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی دۆخی سیاسی ناوچەکە و پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تایبەتی پەیوەندی یەکێتی و ئێرانە".

هەرێمی کوردستان رۆژ بەڕۆژ لە وادەی ئەنجامدانی گشتپرسی نزیک دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرزوو دژایەتی خۆی بۆ پرۆسەکە نیشاندا، عەلی خامنەیی رێبەری ئێران، هەروەها گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە بە ئاشکرا هەڵوێستی وڵاتەکەیان بەرامبەر ئەو هەنگاوەی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

نازم دەباغ بەدووری دەزانێ هیچ گۆڕانکارییەک لەو هەڵوێستەی ئێراندا رووبدات و دەڵێت "تاکە شتێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەڵوێستی بەستراوەتەوە بە دوایین هەڵوێستی حکومەتی عێراقەوە". نازم دەباغ هەروەها دەڵێت: "ئێران لەو هەنگاوەی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان نیگەرانە، ئەوەی من ئاگادارم پەیامی بۆ پارتی، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، حیزبی سۆسیالیست و بزووتنەوەی ئیسلامی ناردووە".

نازم دەباغ هەروەها دەڵێت: "دەبووایە لیژنەی باڵای ریفراندۆم زووتر سەردانی ئێران بکەن، بەڵام دەبێ بزانن جگە لەو وەڵامە هیچ وەڵامێکی دیکە وەرناگرن کە پێویستە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوور و یەکپارچەیی عێراق بڕیار لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی بدات".

بەشێک لە سیاسەتوانان و شرۆڤەکاران، ئەنجامدانی گشتپرسی بە هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان دەزانن و پێیانوایە ئێران لە رێگەی حەشدی شەعبییەوە گوشار لە هەرێمی کوردستان دەکات، بە تایبەتی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

نازم دەباغ لەو بارەیەوە دەڵێت "ناتوانم پشتڕاستی بکەمەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئێران لەسەر گشتپرسی بە ئاسانی ناکەوێتە شەڕ، بەڵکو هەڵوێستی ئێران بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی حکومەتی عێراق کە سوپا و حەشدی هەیە، بەشێک لە فەرماندەکانی ئەم سوپایە بیرکردنەوەی بەعسیانەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە".

یەکێکی دیکە لەو نیگەرانیانە، داخستنی سنوورەکانی ئێرانە بەڕووی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە داخستنی سنوور لە حاڵەتی ئەنجامدانی گشتپرسی، نازم دەباغ دەڵێت: "بە قەناعەتی خۆم بواری ئابووری و بازرگانی دوایین شتە بیری لێ بکرێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە".

بەرپرسانی یەکێتی لە لێدوانە رۆژنامەڤانیەکانیاندا بەردەوام نیگەرانی لە ئەنجامدانی گشتپرسی نیشان دەدەن و ترس و دڵەڕاوکێ و هەڕەشەی وڵاتانی دەوروبەر زەق دەکەنەوە کە زۆر لە چاودێران پێیانوایە ئەو ترس و نیگەرانیە لەجێی خۆیدا نییە، بۆ ئەمەش مەسەلەی فیدراڵیەت لە ساڵی 1992 بە نموونە دەهێننەوە کە سەرەتا زۆر وڵات دژی بوون، بەڵام دواتر مامەڵەیان لەگەڵ کرد، وەکو ئەمری واقیع.

نازم دەباغ دەڵێت: "پێموایە نەک بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی، بەڵکو سەرکردایەتی لایەنە سیاسییەکانی دیکەش ئەو نیگەرانییانەیان هەیە، بەڵام بەرنامەی فیدراڵەت پێش راپەڕین و لەنێو بەرەی کوردستانی بە ئاگاداریی ئێران و کەسانی دیکە دانرا، رەزامەندی و پشتیوانیی زۆر وڵاتی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەو گشتپرسییەی ئێستا تەنیا سەرکردایەتیی کورد بڕیاری لەسەر داوە".

نازم دەباغ رەتیکردەوە یەکێتی لەگەڵ گشتپرسی نەبێت و گوتی "ئێمە واقیعەکە دەخوێنینەوە نەک لەگەڵ گشتپرسی نەبین، ئەوە قەناعەتی خۆمە، هەر کەسێک پشتیوانی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان نەکات خیانەت لە گەلی خۆی دەکات، بەڵام کەی و چۆن ئەو گشتپرسییە بکرێت؟".

لە ماوەی رابردوودا ئێران ئاوی زێی بچووکی گرتەوە، هەندێک لایەن وایان لێکدایەوە کە ئەوە ئینزاری ئێران بووە بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەگەر گشتپرسی بکات، برسی و تینوی دەکات، بەڵام نازم دەباغ رەتیکردەوە گرتنەوەی ئاوی زێی بچووک پەیوەندی بە مەسەلەی گشتپرسییەوە هەبێ و گوتی "داوام لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئیدارەی پشدەر کردووە خۆیان بێنە ئێران و سەیری بەنداوەکان بکەن، ئەم بابەتە پەیوەندی بە گوشاری سیاسییەوە نییە، با بێن لە نزیکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن، ئێران 10 ساڵە پرۆژەی هەیە بۆ دروستکردنی زیاتر لە 20 بەنداوی بچووک، ئەو بەنداوانەش پێویستیان بە گلدانەوەی ئاو هەیە، بۆیە ئەو بابەتە دوور و نزیک پەیوەندی بە گشتپرسییەوە نییە".

### مام جەلال توانای بڕیاردانی نییە

هەندێک لە میدیاکان بە تایبەتی ئێران بەشێوەی جیاواز باسی سەردانەکەی مام جەلالیان بۆ تاران کرد و بە بابەتی سیاسییانەوە بەستەوە، بەڵام نازم دەباغ دەڵێت سەردانەکە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبووە.

لەوبارەوە گوتی "ئەوانەی ئەو پروپاگەندانە بڵاودەکەنەوە خەونی چۆلەکە دەبینن، سەردانەکە دوور لە سیاسەت بوو، بۆ گۆڕینی جەو و کەشوهەوای جەنابی مام جەلال بوو. مام جەلال توانای قسەکردن و گفتوگۆی سیاسی نییە، نابێ ئێمە بەوە هیلاکی بکەین، ئەمە کاری مەکتەبی سیاسی یەکێتییە".

نازم دەباغ زیاتر لەبارەی تەندروستی مام جەلال قسەی کرد و گوتی "دەتوانێت جوڵە بکات و تەندروستی بەرەو باشبوون رۆیشتووە، بە تایبەتی دەست و سەری دەجوڵێنێ، کاتێک قسەی بۆ دەکەی تێدەگات، بەبێ ئەوەی بڕیار بدات بە باشە یاخود بە خراپە. من ئەو چەند رۆژە لە خزمەتیدا بووم، لە هەمان ئەو شوێنە دەمایەوە کە پێشتر بۆی دەهات. زۆریشم پێ ناخۆش بوو کە زوو گەڕایەوە، بەڵام بەهۆی هاتنی شاندی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ ئێران و بۆ تێکەڵنەبوونی ئەو دوو پرسە، گەڕایەوە کوردستان".



### محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان:

# ئێران و تورکیا ناتوانن لە پێنج مانگ زیاتر سنوور دابخەن

> تورکیا لە ئێران نەرمتر نییە بەرامبەر گشتپرسی

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

کورد بەرگەی داخستنی سنووری ئێران و تورکیا دەگرێ؟ ئەم پرسیارە لە مێشکی زۆربەی ئەو کەسانەدا دەخولێتەوە کە خەڵکی باشووری کوردستانن و رۆژی 25ی ئەیلولی داهاتوو بەشداریی لە گشتپرسی سەربەخۆییدا دەکەن. چونکە داخستنی دەرگای ئێران و تورکیا، بەمانای گەمارۆیەکی سەخت دێ. سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، داخستنی سنوور بە کارتێکی تورکیا و ئێران دەزانێ، بەڵام دەڵێت لە پێنج مانگ زیاتر خۆیان ناگرن و لەبەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان دەروازەکان دەکەنەوە.

محەممەدی حاجی مەحموود کە حیزبەکەی کورسییەکی لە پەرلەمان هەیە و لە حکومەتدا نییە، نوێنەرێکی حیزبەکەی لە کۆمیتەی گشتپرسیدایە. ئەو پێیوایە هەڵە تێگەیشتن هەیە کاتێک دەگوترێ شاندی هەرێمی کوردستان لە فلان وڵات سەرکەوتوو نەبووە یان پێشوازیی باشی لێنەکراوە، چونکە دەڵێ شاندەکانی گشتپرسی بۆ ئەوە ناچن پرس بە هیچ وڵاتێک بکەن "پێیان دەڵێین ئێمە 25ی ئەیلولی داهاتوو گشتپرسی دەکەین، 80 ساڵ لەگەڵ حکومەتی سوننەی عەرەب و 13 ساڵ لەگەڵ حکومەتی شیعە نەگەیشتینە ئەنجام بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراق بمێنینەوە، پشتیوانیی ئێوەمان پێویستە".

هەفتەی پێشوو، شاندێکی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی لە بەلجیکا چەند دیدارێکیان ئەنجامدا. محەممەدی حاجی مەحموود، دیاریکردنی برۆکسل وەک یەکەمین وێستگەی شاندەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "بارەگای یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆی لێیە". بەڵام بۆچی لە وڵاتە دراوسێکانەوە دەستیان پێ نەکرد؟ کاکە حەمە دەڵێت: "هێشتا شاندی کوردستان سەردانی ئێران و تورکیا و عێراقی نەکردووە، ئەوان رەتیانکردەوە، بەڵام ئەورووپییەکان جگە لە سۆزیان بۆ کورد، خاوەنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤن و تێدەگەن کە نەتەوەیەک بڕیار لە مافی چارەنووسی خۆی دەدات، مانای چییە".

ئەو بڕیارەی کورد لەبارەی گشتپرسییەوە داویەتی، بووەتە قسەیەکی گەرم لە نێوەندە سیاسی و میدیاییە جیهانییەکاندا. بە جۆرێک کە رۆژانە لە هۆڵی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکانی جیهانەوە هەڵوێستی لەبارەوە رادەگەیێنرێ.

هێشتا سەرکردەکانی کورد نائومێد نین و پێیانوایە گوێیان لە لێدوانێک نەبووە لەسەر ئاستی ئەورووپا و ئەمریکا و رووسیا کە دژایەتی بۆ گشتپرسی تێدابێ.

محەممەدی حاجی مەحموود ئاراستەی داهاتووی شاندی گشتپرسی باس دەکات کە بریتی دەبن لە ئەمریکا، بەریتانیا، رووسیا، چین و فەرەنسا "ئەوانە خاوەنی ڤیتۆن و لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کاریگەرن و رەنگە ئەوان نەڵێن پشتیوانتان دەبین، بەڵام ئامانجی ئێمە ئەوەیە دژ نەبن". گوتیشی: "ئەوان تاوەکو ئێستا هەر باسی کات دەکەن، مانای وایە گڵۆپی سەوزیان هەڵکردووە".

لەدوای کەوتنی حکومەتی سەددام حوسێن و هاتنی داعش، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان گۆڕان. چیدی کورد ناڵێ چوارگۆشەی دژبەری ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق، چونکە سووریا لەبەر دۆخی نێوخۆی خۆی، ناپەرژێتە سەر هیچ وڵاتێکی دیکە، عێراقیش یەخسیری دەستی تاران بووە. بۆیە کورد دەبێ هەموو هەوڵەکانی لەگەڵ تاران و ئەنقەرە بخاتەگەڕ.

محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێ: "دەزانین ئەوان دژایەتی خۆیان بۆ گشتپرسی راگەیاندووە و پێی رازی نابن، بەڵام هەر دەچین بۆ ئەوەی نەڵێن ئاگاداریان نەکردینەوە. پێشیان دەڵێین کە ئێمە 26 ساڵە نیمچە سەربەخۆین و جگە لە سوود هیچی دیکەمان بۆ ئێوە نەبووە، بەڵام دەبێ ئێرانیش بزانێ کە لێرەوە بەرمیلێک نەوت بە 25 دۆلار دەڕوات بۆ ئەو وڵاتە لە کاتێکدا نرخی نەوت 40 دۆلاری تێپەڕاندووە".

هەروەها لەبارەی تورکیاوە دەڵێ: "ئەوان نەرمتر نین لە ئێران بەرامبەر گشتپرسی، بەڵام تورکیا بەرژەوەندیی زۆرترە، 800 کۆمپانیا و 30 هەزار کرێکاری لێرەیە، شاند هەر دەچێتە لایان ئەگەر رەتیشی بکەنەوە".

رەنگدانەوەی نەبوونی کۆدەنگی و یەکگوتاریی حیزبە سیاسییەکان، دابەشبوونی خەڵکی بەرهەمهێناوە لە بەرامبەر پرسێکی ئاوا چارەنووسسازدا. هەوڵیش هەن بۆ ئەوەی کاتەکان لەدەست نەچن و ئەو ناکۆکییە نەبرێتە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان. ئێستا وای لێهاتووە داوای دواخستنی گشتپرسی لە نێوخۆی کوردستانەوە دەکرێ.

سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، دواخستنی گشتپرسی بە "چاڵ" ناودەبات و پێیوایە کورد خۆی تێیدەکەوێ "کە رازی بووین بە دواخستن، مانای وایە تۆ خاوەنی بڕیار نیت و قسەی خەڵکی دیکە سەردەکەوێ، بۆیە هەر دەبێ لەکاتی خۆیدا بکرێ".


بەبڕوای ئەو، دەستبەرداربوونی پارتی لە مەرجەکانی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و یەکلاکردنەوەی کێشەکان هەنگاوێکی باشە، بەڵام بۆچی هێشتا ئەو بەستەڵەکە نەتواوەتەوە؟ محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێ: "لەبەر ئەوەی هەندێک لەناو حیزبەکان هەن دژایەتی پارتی کاری لەپێشینەیانە و پێیانوایە دژایەتیکردنی گشتپرسی و سەربەخۆیی بەمانای دژایەتی پارتی دێت، پەرلەمان لە 24ی ئەیلول وادەی تەواو دەبێ، دەبێ پێش ئەو رۆژە پەرلەمان رۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات، کەچی زۆربەی لایەنەکان لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنەکان کۆکن و ئەوەش بە مانای درێژکردنەوەی ئەو خولە دێ بۆ دوو ساڵی دیکە کە ئەوە زۆر خراپە، چونکە بە مانای درێژکردنەوەی کێشەکانیش دێت".

> شاندەکەی کوردستان سەردانی ئەمریکا، بەریتانیا، رووسیا، فەرەنسا و چین دەکات

لەوەتەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە، محەممەدی حاجی مەحموود سەرپەرشتیکردنی یەکێک لە بەرەکانی شەڕی لە کەرکووک پێ سپێردراوە. ئەو هەمیشە دەڵێت کورد دەبێ لەدوای داعش بە کەمتر لە کۆنفیدراڵی نەیەتە دەرەوە لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدا. بەبڕوای ئەو "لەو ناوچانەی بەدەست پێشمەرگەوەن، گشتپرسی بەبێ کێشە ئەنجام دەدرێ. ئەو ناوچانەشی بەدەست پێشمەرگەوە نین، ئەوەندە کوردی تێدا نەماوە تاوەکو گشتپرسی تێدا بکرێ".

### فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# بەم دۆخە سیاسییەی ئێستاوە چانسی ئەنجامدانی گشتپرسی کەمە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

وادەی ئەنجامدانی گشتپرسیی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان نزیک دەبێتەوە و ناکۆکییە نێوخۆییەکانیش هێشتا زۆر و ئاڵۆزن و بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. یەکێتی لەلایەک پێداگیریی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکات بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەکە و شاندێکیشی پێکهێناوە تاوەکوو سەردانی وڵاتانی دراوسێ بکات بۆ قسەکردن لەسەر گشتپرسی. فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) پێیوایە ڕازیبوونی بەغدا بە گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان بەندە بە ڕەزامەندیی تورکیا و ئێرانەوە. سەبارەت بە کاراکردنەوەی پەرلەمانیش دەڵێت: "لە کۆتاییدا پارتی ڕازی دەبێ پەرلەمان بەوشێوەیە کارا بکرێتەوە کە حیزبەکانی دیکە دەیانەوێ".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: هەفتەی ڕابردوو یەکێتی بڕیاری پێکهێنانی شاندێکی حیزبیی دا کە بۆ مەسەلەی گشتپرسی سەردانی وڵاتان بکات. ئەو شاندە پەیوەندی لەگەڵ کۆمیتەکانی گشتپرسی هەیە کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دیاریکراون و نوێنەری حیزب و کەمینەکانی تێدایە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەو شاندە شاندێکی تایبەت بە یەکێتییە و لە ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی پێکدێ و نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات. ئەو شاندە لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە بڕیاری پێکهێنانی دراوە و پەیوەندی بەهیچ کۆمیتەیەکی پێکهێنراو بۆ گشتپرسی نییە، هەروەها پەیوەندی بە هیچ حیزبێکی دیکەوە نییە. ئەو وڵاتانە دیاری دەکرێن کە شاندەکە سەردانیان دەکات و ئەرکی شاندەکەش بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئامانجی گشتپرسی، هەروەها پەیداکردنی لایەنگر بۆ پرۆسەکە لەو وڵاتانەی سەردانیان دەکەن.

**ڕووداو: یەکێتی لەکاتێکدا شاند بۆ گشتپرسی دروستدەکات و هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی لە وڵاتانی دراوسێ دەدات کە لەهەمانکاتدا پێداگیریی دەکات لەسەر ئەوەی پەرلەمان کارا بکرێتەوە و پەرلەمان یاسا بۆ گشتپرسی دەربکات، چۆن دوو هەوڵی لەم جۆرە لەیەک کاتدا دەگونجێن؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە لەسەر هەردوو ئاست کاردەکەین، ڕاستە وامانگوتووە و شاندیش دروست دەکەین، بەڵام بۆچوونی ئێمە لەبارەی گشتپرسی ئەوەیە کە قۆناغی یەکەم دەبێ پەرلەمان کارا بکرێتەوە. چونکە پێمانوایە بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان گشتپرسی شەرعیەت وەرناگرێ و دوودڵین لە بەشداریکردن لە گشتپرسییەک کە نەتوانێ شەرعیەت بۆ خۆی دابین بکات. ئەوەیە وامان لێدەکات پێداگیریی بکەین لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان.

**ڕووداو: شاندێکی یەکێتی لە ئێرانە، پێتوانییە ئێران هەوڵ بدات گوشار لەسەر یەکێتی دروست بکات بۆ پاشگەزبوونەوە لە گشتپرسی؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** هەڵوێستی ئێران ڕوونە و پێویستی بەوە نییە کە یەکێتی بڕوات بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر گوشاری خۆیانەوە. ئەوان پێشتر و بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە دژی گشتپرسی و دابەشکردنی عێراقن. پێویست بەوە ناکات یەکێتی بڕوات بەلایەنەکانی دیکە بڵێ ئەم دەوڵەتە بۆچوونی وایە و ئەو دەوڵەتە بۆچوونی وایە، چونکە ئەو دەوڵەتانە بۆخۆیان لەسەر ئاستێکی بڵند هەڵوێستی خۆیان بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە.

**ڕووداو: شاندەکەتان بۆ لە سەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستپێدەکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە دەبێ سەرەتا لە دراوسێکانمانەوە دەستپێبکەین. کاری دانوستاندن لەپێناو گشتپرسی ئەوەیە سەرەتا لە دراوسێکانتەوە دەستپێبکەی. هەرێمی کوردستان درێژترین سنووری لەگەڵ ئێران و تورکیا هەیە. ئەگەر ئێران و تورکیا ڕەزامەندی لەسەر گشتپرسی بدەن یان جۆرە نەرمییەک بنوێنن، کاریگەریی دەبێ لەسەر هەڵوێستی بەغداش. بێگومان ئیشکردن لەسەر هەڵوێستی بەغدا وادەکات کە دژایەتی دەوڵەت و هێزە جیهانییەکان هیچ بایەخێکی نەمێنێ.

**ڕووداو: واتە کرنەوەی دەرگای ئێران بەمانای کردنەوەی دەرگای ڕەزامەندیی بەغداش دێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێران وڵاتێکی کاریگەری ناوچەکەیە و هەڵوێستی خۆی بەفەرمی دووجار ڕاگەیاندووە. جارێک لەسەر زاری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕایگەیاندووە کە دژی گشتپرسییە. لە تورکیاش ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆک کۆماری تورکیا دوو جار دژایەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان دەربڕیوە. لە G20یش، دووپاتیکردەوە کە دژی گشتپرسییە.

> ”رەنگە پێویست بکات گشتپرسی دوابخرێ“

**ڕووداو: بەڵام هەندێک دەڵێن 20 ساڵی دیکەش کورد باسی گشتپرسی بکات ئەم جۆرە لێدوانانە هەر دەبیستین لەبارەی دژایەتیکردنی گشتپرسی؟**

> ”بەبێ ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان گشتپرسی سەرناگرێ“

**فەرید ئەسەسەرد:** لەو هەلومەرجەی ئێستا من بۆچوونم ئەوەیە کە ئێمە ئێستا تووشی هەڵپەی گشتپرسی بووین. ئەگینا ئەگەر بەشێوەی واقیعی سەیری مەسەلەکە بکەین، دۆخەکە گونجاو نییە بۆ گشتپرسی. بەو بەڵگەیەی کێشەی نێوخۆیی ئەوەندە زۆرە کە کێشە و تەگەرەی زۆری لەبەردەم گشتپرسی دروستکردووە و ناڕەزایەتیی نێودەوڵەتیش ئەوەندە زۆرە کە تاوەکو ئێستا هیچ دەوڵەتێک پشتگیریی نەکردووین، بەڵام ڕەنگە پەیوەندی بە هەندێک لایەنی دیاریکراوەوە هەبێ کە دەیەوێ مەسەلەکە بەرەو گشتپرسی ببات. واتە بابەتەکە زۆرتر بە حیزبی و شەخسی کراوە زۆرتر لەوەی کە واقیعەکە خوێندرابێتەوە و بتەوێ بەپێی تێگەیشتن لە واقع گشتپرسی بکەی.

**ڕووداو: کێشەی نێوخۆیی، ململانێی نێوان لایەنەکانە بەگشتی کە ململانێ کۆنەکانیان دەخەنە نێو بازنەی گشتپرسییەوە یان مەبەستت پەرلەمانە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەگەر پەرلەمان کارا بکرێتەوە، ئێستاش دەرفەتی زۆرمان لەبەردەم ماوە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، بەڵام ئەگەر گوشاری دراوسێکانمان و نێودەوڵەتی زۆرتر ببێ، ڕەنگە پێویست بەوە بکات دوابخرێ، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گوشارەکان و کاردانەوەکان زۆرتر و توندتر دەبن بەرامبەر گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: بەبڕوای تۆ لە کۆتاییدا گشتپرسی لەوادەی خۆیدا دەکرێ، یان دوادەخرێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەگەر دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان وەکو ئێستا بمێنێتەوە و نێوانی لایەنەکان هەروا خراپ بێ، گشتپرسی چانسی ئەنجامدانی نابێ. هۆیەکانیش پەیوەندی بە گوشاری دەرەکی نییە و پەیوەندی بە باری خراپی نێوخۆییەوە هەیە.

**ڕووداو: ئەگەر گۆڕان و یەکێتی بەشێوەیەکی مەبدەئی لەگەڵ گشتپرسی نەبن، لە سلێمانی و هەڵەبجە گشتپرسی سەرکەوتوو دەبێ؟ دەنگی بەڵێ وەک پێویست دەبێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەگەر مەبەستت کارانەکردنەوەی پەرلەمان بێ، بێگومان سێ لایەنی سەرەکی کە یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵن، بەشداری لە گشتپرسی ناکەن. ئەوکات بەدڵنیاییەوە ناکرێ گشتپرسی لە دوو پارێزگادا سەرکەوتوو بێت و لە دوو پارێزگادا سەرکەوتوو نەبێ. ئەوکاتە پرۆسەکە هەمووی بەگشتی پەکیدەکەوێ و ناتوانی بڵێی گشتپرسی کراوە.

**ڕووداو: کەواتە لەم دوو پارێزگایە سەرکەوتوو نابێت و دەنگی نەخێر زۆرتر دەبێ؟**


> ”ئەگەری زۆرە هەڵبژاردن دوابخرێ“

**فەرید ئەسەسەرد:** پێموانییە دەنگی نەخێر زۆر بێ، بەڵکو بایکۆت زۆر دەبێ. واتە خەڵک زۆرتر بەشداریی ناکەن نەک بەشداریی بکەن و بە نەخێر دەنگ بدەن.

**ڕووداو: ماوەیەکە پارتی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕایدەگەیێنێ کە دەستبەرداری مەرجەکانی بووە و داوا دەکات پەرلەمان کارابکرێتەوە و دەستەی سەرۆکایەتی ئێستا بچنەوە سەر کارەکانیان بۆ ئەوەی گشتپرسی سەرکەوتوو بێت، کەچی هێشتا ئێمە ڕێککەوتنی لایەنەکان نابینین؟ کێشەی نوێ چییە؟**

> ”دوودڵین لە بەشداریکردن لە گشتپرسی“

> ”گشتپرسی بە حیزبی و شەخسی کراوە“



**فەرید ئەسەسەرد:** ڕەنگە خاڵی ڕانەگەیێندراوی دیکە لە کاراکردنەوەی بێمەرجی پەرلەماندا هەبن کە وەک مەرج وان و پارتی دەستی لێ بەرنەداون. ناتوانم لەوەش دڵنیابم، چونکە هێشتا پارتی پرۆژەی بێمەرج کاراکردنەوەی پەرلەمانی نەداوەتە یەکێتی و گۆڕان. لەبەرئەوەی مەرج نییە زانیارییەکانم دروست بن، نامەوێ لەو بارەیەوە زۆرتر بڵێم.

**ڕووداو: کەواتە ئەم دۆخە درێژە دەکێشێ و پێش ئەنجامدانی گشتپرسی ڕێککەوتنی لایەنەکان ئەستەم بووە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** من دڵنیام لە کۆتاییدا پارتی ڕازی دەبێ بە کاراکردنەوەی پەرلەمان بەو شێوەیەی لایەنەکانی دیکە دەیانەوێ. بەبێ مەرج و بەوشێوەیەی کە یەکڕیزیی نیشتمانی لێ بکەوێتەوە.

**ڕووداو: کەی ئەوە ڕوودەدات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** دڵنیام لەوەی پارتی لە کۆتاییدا ئەوە دەکات، بەڵام خۆی دەبێ ئەوە لەکاتە گونجاوەکەدا بکات. پێش ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان پێکەوەبین و گشتپرسییەکە سەرکەوتووانە بکەین. ئەگەر پارتی بیەوێ گشتپرسی بەهەر نرخێک بێت بکرێ، دەبێ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ڕێکبکەوێ و هەموو کێشەکانی لەگەڵ گۆڕان چارەسەر بکات. بەبێ ئەوە بەدڵنیاییەوە گشتپرسی سەرناگرێ.

**ڕووداو: ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان سەرقاڵی دیاریکردنی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتتییە. ئایا پێش دیاریکردنی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی، پارتی دەتوانێ گفتوگۆ بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** بەڵێ بزووتنەوەی گۆڕان وەک حیزبێک یان هێزێکی سیاسی پێویستی بە ناوەندی بڕیاردانی یەکگرتوو و یەکلاکەرەوە هەیە، لەم هەلومەرجەدا زۆر ئەستەمە گۆڕان بتوانێ بڕیار بدات و یەکلایی ببێتەوە لەسەر پرسێک، بەڵام کاتێک ڕێکخەری گشتی هەڵدەبژێرێ و خانەی ڕاپەڕاندن دیاری دەکات، ئەوکات دەتوانێ بڕیار بدات.

**ڕووداو: گۆڕان سەرقاڵی دیاریکردنی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندنە، ئەوەش بە مانای ئەوە دێ کە چیدی یەکێتی باسی یەکگرتنەوەی لەگەڵ نەکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئێمە لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ گۆڕان هیچ کاتێک باسی یەکگرتنەوەمان نەکردووە. هیچ ماددەیەک نییە باسی یەکگرتنەوە بکات و تەنیا باسی یەکخستنی فراکسیۆنەکان دەکرێ.

**ڕووداو: بەڵام باس لە ئەگەری بەهێزی دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەکرێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** تاوەکو ئێستا هیچ لایەک ئەم بابەتەی پێشنیاز نەکردووە، بەڵام ئەگەری زۆریش هەیە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن. هۆیەکەش ئەوەیە ئێستا لایەنەکان بە گشتپرسییەوە سەرقاڵن. لایەنەکان بەشێوەی نافەرمی پرسی دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەردەبڕن، ئێستا لە عێراقیش هەروا پێشنیازی دواخستنی هەڵبژاردن هەیە.

**ڕووداو: کەواتە دواخستنی هەڵبژاردن بەمانای درێژکردنەوەی تەمەنی سەرۆکایەتییەکان دێ؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێ، دەبێ پەرلەمان بڕیار لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی و حکومەت بدات، بەڵام بۆ مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم لەبەر ئەوەی یاساکەی ڕێگە نادات، دەبێ ڕێگاچارەی دیکە بدۆزرێتەوە. یان ئەوەتا لایەنەکان دەستدەکەنەوە بە دانوستاندن بۆ چارەسەری یاساکە کە سەرۆک لە پەرلەمانەوە دیاری بکرێ، یان کەسێک دیاری دەکەن ببێتە سەرۆکی هەرێم، یان ئەوەتا چەند مانگێک هەڵبژاردن دوادەخرێ و بەهەڵبژاردن یەکلایی دەکرێتەوە.

ڕووداو: کەواتە پارتی و یەکێتی چاوەڕێی ڕێکخەری گشتی نوێی بزووتنەوەی گۆڕانن؟

فەرید ئەسەسەرد: نازانم چاوەڕێی ئەوەن یان نا، بەڵام هەر دەبێ چاوەڕێ بین، چونکە هیچ حیزبێک ناتوانێ بەبێ کەسی یەکەم بڕیار بدات.

**ڕووداو: لە سلێمانی کۆنفرانسی ڕاوێژکاریی کەنەکە هەبوو تۆش بەشداریت کرد، ئەوەی دەیبینی لەبارەی دروستکردنی کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەیی، پێتوایە کارێک یان پرۆژەیەکی هەروا ئاسان بێ؟**

> ”ئێمە تووشی هەڵپەی گشتپرسی بووین ئەگەرنا کاتی نەهاتووە“

**فەرید ئەسەسەرد:** ئەمە کۆنگرە یان کۆبوونەوەیەکی گرنگە و لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر ئەوەبێ ئایا هەموو پارتەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لەسەر یەک ستراتیژی کارکردن کۆبکاتەوە، ئەوە کارێکی ئەستەم و قورسە، چونکە هەر پارچەیەک هەلومەرجێکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوەی بۆ کوردستانی عێراق گونجاوە، ڕەنگە بۆ کوردستانی تورکیا یان سووریا نەبێ، بەڵام گرنگە بۆچوونە جیاوازەکان لەیەک نزیک بکاتەوە و ئەرکێکی پیرۆزە.

**ڕووداو: مژاری گەرم لە باشووری کوردستان گشتپرسییە، لێرە باسی ئەو پرسە ناکرێ، بۆچی؟**

> ”شاندەکەی یەکێتی پەیوەندی بە هیچ کۆمیتەیەکی پێکهێنراو بۆ گشتپرسی نییە“

**فەرید ئەسەسەرد:** من ناتوانم بڵێم بۆچی. بەڵام لە هەرێمی کوردستان بابەتی سەرەکی گشتپرسییە و دەمانەوێ بە ئامانجی دروستمان بگەیێنێ. تەگەرەی زۆریش لەبەردەمی هەیە و ئەگەر بتوانین یەکڕیزی بەهێز لە هەرێمی کوردستان دروستبکەین، دەتوانێ دژایەتییە نێودەوڵەتییەکان کەم بکاتەوە.

## دەمیرتاش کاندیدە بۆ خەڵاتێکی ئەوروپی

**ڕووداو- برۆکسل**

سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەشت مانگ بەندکراوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کاندیدکراوە بۆ خەڵاتی مافی مرۆڤی یەکێتیی ئەوروپا. گرووپی یەکێتیی چەپڕەوەکانی ئەنجوومەنی کۆنسەی پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەوروپا، سەلاحەددین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپەی کاندیدکردووە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "ڤاکلاف هاڤێل" بۆ مافی مرۆڤی یەکێتی ئەوروپا کە بڕیارە ڕۆژی 29ی ئابی2017 لە ڕێوڕەسمێکدا ببەخشرێت. پێشتر لە ڕێوڕەسمێکدا 8 کەسایەتیی بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە دیاریکرابوون، دواتر پۆڵێن کران و تەنیا سێ کاندید مانەوە و سەلاحەددین دەمیرتاش یەکێکە لە کاندیدەکان بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە.



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (465) - دووشەممە 2017/7/17

### بەرپرسێکی سوپای سووریای ئازاد بۆ (ڕووداو):

# لەگەڵ تورکیا هێرش دەکەینە سەر یەپەگە

**برادۆست ئازیزی**
**ڕووداو- هەولێر**

تورکیا بەردەوامە لە هەڕەشەکانی بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین، سەرەتای ئەم هەفتەیە چەند تۆپێکی سوپای تورکیا گەیشتنە نێو شارۆچکەکە، بەرپرسێکی باڵای پەکەکەش دەڵێت ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەریان، ئەوێ دەکەنە کۆبانێی دووەم.

دوایین هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە زاری گەورەترین بەرپرسی ئەو وڵاتەوە هات. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا کە هەفتەی ڕابردوو بە مەبەستی بەشداری لە کۆنفرانسی G20 لە ئەڵمانیا بوو، بە پەیامنێری (ڕووداو)ی گوت: "شاری عەفرین بووەتە هەڕەشە لەسەر تورکیا و لەوێوە هێرش دەکرێتە سەر شاری کیلس". گوتیشی "ڕێگا بە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری سووریا نادەین".

### دوای قەڵغان نۆرەی شمشێرە


هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین لەوکاتەوە دەستیپێکرد کە ساڵی ڕابردوو یەکینەکانی پاراستنی گەل هەرسێ شارۆچکەی منغ، تەلڕفعەت و دێرجەمال و چەند گوندێکی باشووری شارۆچکەی ئەعزازیان لە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەرهێنا کە لە تورکیاوە نزیکن. ئێستا ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەیەوێ بە پاڵپشتیی تورکیا دەست بە ئۆپەراسیۆنێکی هاوشێوەی قەڵغانی فورات بکات بەناوی شمشێری فورات.

مستەفا سێجەری، فەرماندەی لیوای ئەلموعتەسەم بە (ڕووداو)ی گوت، لە شاری عفرینەوە هێرش کرایە سەر ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بۆ جێبەجێکردنی پلانی ڕووسیا و ڕژێمی سووریا. ڕژێم هاوسنووری عفرینە، بەڵام یەکجاریش هێرش نەکرایە سەر هێزەکانی ئەسەد لە نوبل و زەهرا".

مستەفا سێجەری ئاشکرای کرد لەگەڵ تورکیا خۆیان بۆ ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی ئەو سێ شارۆچکەیەی ساڵی ڕابردوو یەپەگە لەدەستی دەرهێنان، بیگەڕێننەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. سێجەری گوتی "یەپەگە ئەو ناوچە عەرەبنشینانەی داگیر کردووە و ئامادە نییە بە دانوستاندن بیانگەڕێنێتەوە".

ماوەیەک لەمەوبەر بەناوبژیوانیی ئەمەریکا، لیوای موعتەسەم و شاندێکی یەپەگە کۆبوونەوە، سەرەڕای ئەوەی لیواکە دەڵێ ڕێککەوتوون لەسەر گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە، بەڵام ڕێککەوتنەکە سەری نەگرت.

شاری عفرین لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستان بۆ گرێکوێرەی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی نێو سووریا گۆڕاوە. لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، تورکیا چەندین جار هەڕەشەی لە هێزە کوردییە چەکدارەکانی ئەو ناوچەیە کردووە و هۆشداریی داوە کە سوپاکەی ئامادەیە بچێتە نێو خاکی سووریاوە و عفرین بکاتە ئامانج.





سوپای سوریای ئازاد دەیەوێت منخ، تەلڕەفعەت و دێرجەمال لە یەپەگە وەربگرێتەوە

### سەرکردەکانی یەپەگە:
## عفرین دەکەینە کۆبانێی دووەم

یەکینەکانی پاراستنی گەل ناوچەکانی تەلڕەفعەت لە باکووری ڕۆژئاوای حەلەبیان کۆنترۆڵ کردووە و ئەوەش بەگوتەی تورکیا، ئامانجی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات بەنیوەچڵی دەهێڵێتەوە کە لە بنچینەدا ئامانجە ڕاستەقینەکەی بەستنەوەی باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەبە بە باکووری ڕۆژئاوای و بڕینی ڕێگەی یەپەگەیە لە ڕۆژئاوای سووریا بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا.

هەرسێ شارۆچکەکە منغ، تەلڕەفعەت و دێرجەمال هاوسنووری ناوچەکانی ژێر دەستی حکومەتی سووریان، ئەگەر لەلایەن تورکیاوە کۆنترۆڵ بکرێن، ئەوا عفرین بە یەکجاری گەمارۆ دەدرێت، لەبەرئەوەی نوبل و زەهرا، هەم عفرین بە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان و هەم بە ناوچەکانی حکومەتی سووریا لە حەلەب تاوەکو دیمەشق دەبەستێتەوە.

بۆیە تورکیا (بەپێی نەخشەکە) لە هەوڵی ئەوەدایە ئیعزاز لەگەڵ هەرسێ شارۆچکەکە پێکەوە ببەستێتەوە و بەشێوەیەکی بازنەیی عفرین گەمارۆ بدات.

ماوەی چەند ڕۆژێکە سوپای تورکیا چەکی قورس ڕەوانەی سنووری عفرین دەکات و بەردەوامیشە لە بۆردومانکردنی عفرین و دەوروبەری، بەڵام پەکەکە هۆشداری دەداتە تورکیا و دەڵێت ئەگەر هێرش بکاتە سەر عفرین، کۆبانێی دووەم دووبارە دەبێتەوە.

موراد قەرەیلان، فەرماندەی ناوەندیی هێزەکانی پاراستنی گەل (باڵی سەربازیی پەکەکە) ڕایگەیاند "تورکیا دەیەوێت بەشداریی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە بکات و ئەوەی لەدەستی چووە بیهێنێتەوە، بۆ ئەوەش دەیەوێت باس لە داگیرکردنی عەفرین بکات، بەڵام بێگومان ئەو کارە هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەگەر تورکیا بچێتە نێو عفرین، بێگومان کۆبانێی دووەم دەبینن".

لەگەڵ هەڵکشانی هەڕەشەکان، ئامادەکارییەکانیش چڕتر دەبن. یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەکێکە لە ڕێکخراوترین هێزە چەکدارەکانی نێو سووریا و لە نزیکەی 50 هەزار چەکدار پێکهاتووە. بەشداری لە چەندین شەڕی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا کردووە کە دیارترینیان شەڕی کۆبانێ و سەرێکانی بوو. هاوکاری لە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکەی سەر بە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش وەرگرتووە، بە تایبەتیش چەکی سووک و هاوەن و دژە تانک.

لەبەرامبەردا، سوپای ئازادی سووریا سەرکردایەتییەکی هاوبەش و یەکگرتووی نییە، لە نزیکەی 25 هەزار چەکدار پێکهاتووە و بەشداری لە چەندین شەڕی چەکداریدا کردووە لە سووریا. هاوکاریی چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی تورکیا، ئەمریکا، قەتەر، سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکە وەردەگرن.

### ئەمریکا کۆدی چەکەکانی دەداتە تورکیا

کانتۆنی عفرین لە هەردوو کانتۆنی جزیرە و کۆبانێ دابڕێنراوە، یەپەگە دەمێکە هەوڵ دەدات کۆریدۆرێک بۆ کانتۆنی عفرین بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە ناچاربووە بە قاچاخ چەک بگەیەنێتە عفرین.

گواستنەوەی ئەو چەکانە بۆ عفرین تورکیای نیگەران کردووە، لەوبارەیەوە گلەیی لە ئەمریکا کردووە، بۆیە ئەمریکا بەڵێنی داوە لەمەودوا هەر چەکێک بۆ یەپەگە بنێرێ، کۆدەکەی بداتە تورکیا.

لە دیسەمبەری ساڵی ڕابردوودا، سوپای تورکیا 17 کەسی لەسەر سنووری دربێسیێ و باکووری کوردستان دەستگیر کرد کە چەکی تاویان پێبووە و دەیانویست ئاودیوی سنووری بکەن. سێ لەوان بە ناوەکانی (خالید چەکرۆ، مەعرووف یەحیا و محەممەد عەلی مستەفا) لەلایەن تورکیاوە کوژران.

تاوەکوو ئێستاش چارەنووسی 14 لەو قاچاخچییانە دیار نییە و پێدەچێت لە زیندانەکانی تورکیادابن، بەڵام هەم حکومەتی تورکیا و هەم پەیەدەش باسەکەیان داپۆشی و هیچیان لەبارەوە نەگوت، تەنیا هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری کانتۆنی جزیرە لە پۆستێکی فەیسبووکدا نووسیبووی: "گەنجە شەهیدەکانی سەر سنوور، ئەرکی نیشتمانپەروەریيان بەجێهێنا".

# سووری ئامەد.. خانووی بلۆک بە نرخی شوێنەواری مێژوویی

**ماشەڵڵا دەکاک**
**ڕووداو- ئامەد**

فەرمانگەی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون (TOKI) دەستیکردووە بە دروستکردنی چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لەو شارانەی باکووری کوردستان کە لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی شەڕەوە بەرەورووی کاولکاری بوونەتەوە، بەڵام ئەوانەی زیانیان بەرکەوتووە، لە کارەکانی تۆکی ڕازی نین و هەندێکیان داوا دەکەن خانووی خۆیان بۆ دروست بکرێتەوە".

ئەو شەڕە کە لە نێوان سوپای تورکیا و لایەنگرانی پەکەکە لەژێر ناوی یەدەگەهە و یەپەسە ڕوویدا، نەک شارەکانی باکووری کوردستانی وێران کرد، بەڵکو کۆتایی بە پرۆسەی چارەسەری ئاشتی هێنا کە لە ئاداری 2013 دەستی پێکردبوو.

لەو شەڕەدا بۆ ماوەیەک قەدەغەی هاتوچۆ لە گەڤەر، سلوپی، جزیر، شرنەخ، نسێبین، کەربۆران، فارقین، دێرک، هەزەخ، سوور ڕاگەیەنرا، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا کە دوو ساڵی خایاند، نزیکەی 500 هەزار کەس ئاوارە بوون.

### نیوەی شرنەخ ئاوارەن

ئەوەی لەو شەڕەدا زۆرترین زیانی بەرکەوت، شارۆچکەی شرنەخ بوو. ژمارەی دانیشتووانی ئەو شارە 80 هەزار کەسە، 42 هەزار کەسیان بەهۆی شەڕەکەوە ئاوارە بوون. لە کۆی 15 گەڕەک تەنیا 3 گەڕەک وێران نەبوون. 14 هەزار خانوو زیانیان پێگەیشت و 6000 خانوو بە تەواوی خاپوور بوون.

لە شرنەخ هەشت مانگ قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنرا، بە هەر لایەکی شارەکەدا دەڕۆی خانوو و دووکانی ڕووخاو دەبینی، ئێستا فەرمانگەی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون کە خەڵکی باکوور بە تۆکی ناوی دەهێنن، سەرقاڵی دووبارە بنیاتنانەوەی خانوو و باڵەخانە و خانووە ڕووخاوەکانە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕابردوو.

ئەوانەی ئەو شەڕەیان بینیوە دەڵێن بەری ڕەنج و ماندووبوونی دەیان ساڵیان بە چەند ڕۆژێک لەدەستچوو. ئەو ڕۆژانە قەت لەیاد ناکەن.

بەدری جانەر، گەنجێکی تەمەن 35 ساڵی شرنەخە، دەڵێت: "من تەمەنم 35 ساڵە، لە گوند بووین و گوندمان وێران کرا، کە هاتینە شار شاریش وێران کرا، تاوەکو ئێستا چوار جار وێرانبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆم بە چاوی خۆم بینیوە. ئێمە زۆر زەرەرمەند بووین".

شەمسەددین باریش کە پێش شەڕەکە دووکاندار بووە، گوتی "خانووەکەم ڕووخا، دووکانم لەنێوچوو. بایی چوار ترلیۆن لیرە کەلوپەل لە دووکانەکەمدا هەبوو، هەمووی لەنێوچوو".

لە شرنەخ جگە لە خانوو، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی 1000 دووکانیش وێران بوون، ئێستا حکومەت دەیەوێ سەرلەنوێ شرنەخ ئاوەدان بکاتەوە. بەپێی پرۆژەی حکومەت، تۆکی، پارک و باخچە و ڕێگەی فراوان لە شرنەخ دروست دەکات و 1000 دووکانیش دروست دەکات.

ئەکرەم ئەرتاش، سکرتێری گشتیی هۆبەی دووکاندارانی شرنەخ دەڵێت "جگە لە دروستکردنی دووکان، پێویستە قەرەبووی دووکاندارەکانیش بکرێتەوە، ئەوان نزیکەی 15 مانگە هیچ کار و کاسبییەکیان نەکردووە، زۆرجار تەلەفۆنمان بۆ دەکەن دڵمان بۆیان دەسووتێ، هەندێکیان ئێستا کرێکاری دەکەن".

هەندێک کەس مەرجەکانی تۆکییان قبوڵ کردووە، هەندێکیش دەیانەوێ لە ڕێگەی پارێزەرانەوە مافی خۆیان لە دەوڵەت وەربگرن.

عەلی بایرام، پارێزەری مەغدووران دەڵێت "خەڵک زیانی زۆری بەرکەوتووە، دەوڵەت تاوەکو ئێستا ڕێوشوێنێکی بۆ قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان دانەناوە. کاتێک سەردانی فەرمانگەکان دەکەن، دەڵێن قەرەبووتان ناکەینەوە و بڕۆن سکاڵا تۆمار بکەن".

### ژنێکی دانیشتووی سووری ئاماد:
## خانووی تۆکیم ناوێ

### خانووی نوێ بە خانووی مێژوویی دەفرۆشنەوە

ڕەنگە زەرەرمەندترین شوێن لەو شەڕەدا گەڕەکە مێژوویی و شوێنەوارییەکەی ئامەد بێ کە گەڕەکی سوورە. لەوێ نەک تەنیا باڵەخانە و دووکان، بەڵکو بە دەیان دێر و مزگەوت و خانووی شوێنەواری لەگەڵ زەوی تەخت بوون.

هەردەم دوگرول، سەرۆکی هۆبەی بیناسازیی ئامەد دەڵێت: "ئێستا حکومەت پڕوپاگەندە دەکات و دەڵێت سوور وەکو پێشوو دروست دەکەینەوە، خانووی مێژوویی دروست دەکەنەوە، ئەوە خۆی کێشەیە، ئایا خانووی نوێ چۆن دەبێتە خانووی مێژوویی. خانووە کۆنەکان لە بەرد دروستکرابوون، تۆکی ئێستا خانووەکان لە بلۆک دروست دەکەن و ڕووپۆشی بەردی لێدەدەن، بەڵام ئەو بەردەش لە کارگە دروست دەکرێ، ڕەنگ و بۆی سووری ئامەدی تێدا نییە".

خەڵکی سوور لە پرۆژەکانی تۆکی نیگەرانن و دەڵێن مێژووی ناوچەکەی شێواندووە. سورەیا یەشار دانیشتووی سووری ئامەد دەڵێت: "من سوور دەخوازم، من خانووی تۆکیم ناوێ".

### جزیری داوای مۆنیومێنت دەکەن

لە کاتی شەڕەکەدا نزیکەی 200 کوڕ و کچی کورد لە ژێرزەمینی دوو باڵەخانەدا لە جزیرە، بوونە قوربانی. ئێستا شوێنی ئەو دوو باڵەخانەیە زەوییەکی چۆڵە، تۆکی دەیەوێ شوقەی لەسەر دروست بکات، بەڵام خەڵکەکە داوا دەکەن شوێنەکە بکرێتە مۆنیۆمێنتێک بۆ یادکردنەوەی ئەو کارەساتە.

شەڕ لە جزیرە زۆرتر لە گەڕەکانی جوودی، سوور، نوور و یاسەف بوون، بۆیە زۆربەی خانووەکانی ئەو چوار گەڕەکە ڕووخاون و خەڵکەکەشی ئاوارە بوون، هەندێکیان چاوەڕێی تەواوبوونی خانووەکانی تۆکین بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە. دەوڵەت دەڵێت ئەو خانووانەی ئێستا دروستیان دەکەن، باشترن لەو خانووانەی کە پێشتر تێیدا دەژیان.

حاجی بایرام، سەرۆکی یەکێتی موختارانی جزیرە دەڵێت: "هەندێک خەڵک ڕازین بە پرۆژەکانی حکومەت، هەندێکیشیان ناڕازین، بە تایبەتی ئەوانەی منداڵیان زۆرە، دەڵێن لەو شوقانەدا جێگەیان نابێتەوە. بۆ نموونە خێزان هەیە 10 — 15 کەسە، شوقەیەک بەشیان ناکات، چونکە ئەو شوقانە زۆربەیان بۆ خێزانی 3-4 کەسی دروستکراون".

### سلۆپی داوای شەفافیەت دەکات

سلۆپی کە هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەو شەڕە بەدەر نەبوو، لەوێش خەندەق لێدرا، بەڵام زیانەکانی شەڕەکە کە 37 ڕۆژی خایاندا، بەراورد بە شوێنەکانی دیکە کەمتر بوون. لە سلۆپیش دەست بە ئاواکاری کراوە، حکومەت بڕیاری داوە مانگانە 500-600 لیرە بداتە ئەوانەی ئاوارە بوون، تاوەکوو ئەو کاتەی خانوویان بۆ دروست دەکرێ. دوای تەواوبوونی خانووەکان، ئاوارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە و کلیلی خانوویەکی نوێ وەربگرن، بەڵام ئەوان داوا دەکەن پرۆسەکە بەشێوەیەکی شەفاف بەڕێوەبچێ.

### نسێبین هێشتا ئاسایی نەبووەتەوە

نسێبینی سەر بە شارۆچکەی مێردین، یەکێکی دیکەیە لەو ناوچانەی ئاگری شەڕ وێرانی کردووە. ئەو شەڕەی لەو ناوچەیە ڕوویدا، دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو. بە دەیان کەس لە هەردوولا کوژران. شەڕی نسێبین شەش گەڕەکی بە تەواوی وێران کرد. نزیکەی 6000 خانوو بە تەواوی ڕووخان.

ڕۆژی 2015/3/14 قەدەغەی هاتوچۆ لەو شارە ڕاگەیەنرا و 17 مانگ درێژەی هەبوو، بەڵام لە ناوچەکانی دیجلە، فورات، عەبدولقادر پاشا، قشڵە، زەینولعابدین هێشتا قەدەغەی هاتوچۆ درێژەی هەیە.

مەسعود ئەگراکچە، بەڕێوەبەری شارەوانیی مێردین و دەوروبەری دەڵێت: "دوای ئۆپەراسیۆنەکە، لیژنەی زەرەر و زیانەکانمان پێکهێنا. بەپێی ئاماری ئێمە 11 هەزار و 600 خانوو زیانیان بەرکەوتووە. ئێستا تۆکی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک خانووەکان دروست دەکاتەوە".

ئەو کەسانەی بەهۆی خاپووربوونی خانووەکانیان دەربەدەر بوون و لە خانووی کرێدان، دەخوازن تۆکی یەکسەر خانووەکانیان ڕادەست بکات. ئەوان نەک تەنیا خانوو، بەڵکو هەموو کەلوپەلی نێوماڵیشیان لەدەستداوە.





دانیشتووانی جەزیرە منداڵیان زۆرن و لە شووقەکانی تۆکی جێگەیان نابێتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

منداڵانی داعش لە کوردستان ڕادەهێنرێنەوە

# 300 منداڵی داعش لە گرتووخانەیەکی هەولێرن



بەڕێوەبەری چاکسازیی منداڵان و ئافرەتان لە هەولێر:
**سەرەتا لە منداڵەکان دەترساین**

**ڕووداو- نیوزویک**

لە ماوەی سێ ساڵی حوکمڕانیدا، داعش کۆششێکی زۆری کردووە بۆئەوەی مێرمنداڵانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی لەسەر بیر و ڕەفتاری پەڕگیرانە پەروەردە بکات و لەو ڕێیەوە درێژە بە مانەوەی خۆی بدات.

نموونەی ئەم کۆششە گەورەیە لە مێرمنداڵێکی 12 ساڵانی وەکوو محەممەددا بەدیدەکرێ کە بە حەزێکی زۆرەوە سەیری وێنە و ڤیدیۆی سەربڕینەکانی داعش دەکات و لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمریکیدا دەڵێت "هەستم دەکرد چوون بۆ جیهاد شتێکی خۆش بێ".

نزیکەی ساڵێکە محەممەد و دوو براکەی و دایک و باوکی لە ماڵی مامیان لە ڕەیحانلی لە تورکیا دەژین کە لە ڕاپۆرتەکەدا بە (ڕەعد) ناوی هاتووە. پاش هەوڵێکی زۆر، ڕەعد توانیبووی قەناعەت بە براکەی بهێنێت دەستی خێزانەکەی بگرێت و ڕەققە جێبهێڵن و ڕوو لە تورکیا بکەن، بەڵام ئێستا نیگەرانە لەوەی کە مێشکی سێ برازاکەی بەوجۆرە شۆردراوەتەوە.

## سینەما، نوقڵ و سەربڕین

ئاساییبوونی دیمەنی سەربڕین لای محەممەد و دوو براکەی لەخۆوە نییە. سێ ساڵ لەمەوبەر، پاش تەواوبوونی قوتابخانە لەگەڵ باوکی و ئیبراهیمی برا بچووکی، یان لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانی دەچوون بۆ سینەمایەکی سەرئاوەڵا لە ناوەندی شاری ڕەققە. لەو نیمچە سینەمایەدا دیمەنی گرتنی ناوچەکان لەلایەن چەکدارانی داعش، بڕینی سەری خەڵک و دڵخۆشیی چەکدارانی داعش بڵاودەکرانەوە، لە کاتی نمایشکردنی دیمەنە خوێناوییەکانیشدا، بۆ شیرینکردنی دەمیان نوقڵ و شیرینی بەسەر منداڵەکاندا دابەش دەکرا.

نۆ مانگ پاش دەرچوونیان لە ڕەققە، هەتا ئێستاش محەممەد و براکانی، ئیبراهیم و سەلیم، پێیانوایە "ئەوانە کافرن و سەربڕینیان ئاساییە". ڕەعد لەوە نیگەرانە و منداڵەکانی ڕەوانەی قوتابخانەیەکی یونسێف کردووە، تەنانەت ئاپیادی بۆ کڕیون، بەڵکو ئەو بیرکردنەوە توندوتیژە لە مێشکیان دەربچێت. وەکوو خۆی بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکەی باسکردووە "ئەوان هەتا ئێستاش بۆڵەبۆڵم لەسەر دەکەن کە بۆچی ئەوانم هێناوەتە ئێرە". ڕەعد دەڵێ "ئەمە کاتی دەوێ".

## منداڵە مەترسیدارەکان

داعش ماوەی سێ ساڵە حوکمی بەشێکی زۆر لە عێراق و سووریا دەکات. لە لوتکەی دەسەڵات و پێشڕەوییەکانی خۆیدا دەستی بەسەر 30%ی خاکی عێراق و سووریادا گرتبوو. داعش لە دوای ڕاگەیاندنی خۆیەوە وەکو خەلافەتێکی ئیسلامی، دەستی بە دانانی میتۆدی خوێندن و ڕاهێنانی سەربازی بۆ منداڵانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی کرد، ژمارەیەک لەو منداڵانەش کوردی ئێزدی و مەسیحی بوون کە لەکاتی هێرشەکانی 2014 ڕفێنراون و مێشکیان شۆردراوەتەوە.

لە نیوەڕاستی 2015ەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بەردەوام بچووک دەبنەوە، لە ناوچە ڕزگارکراوەکانیش منداڵان سێ کێشەی سەرەکی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دروستدەکەن: کێشەی یەکەمیان ئەوەیە هەموو منداڵانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە پەروەردەی فەرمی دوورکەوتوونەتەوە، ئەم کێشەیە لە دوای گرتنەوەی ناوچەکان قورساییەکی زۆر لەسەر شانی حکومەتەکان دادەنێت بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکاندا جێگەیان بکەنەوە.

کێشەی دووەم ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵانە تووشی دڵەڕاوکێی سەخت و نەخۆشی دەروونیی قورس بوون، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی جیهانی ، بەشێکی زۆر لەو منداڵانەی ئەزموونی شەڕەکانی ئەم چەند ساڵەی عێراقیان کردووە، تووشی دڵەڕاوکێی قورس، بێدەنگیی درێژخایەن و ناسروشتی و جۆرێک لە بێ هەستی بوون.

کێشەی سێیەمیش لە نموونەی محەممەد و دوو براکەیدا دەردەکەوێت کە هەڕەشەیەکی گەورەیە نەک هەر بۆ عێراق و سووریا، بەڵکو بەهۆی گەڕانەوەی چەکدارە بیانییەکان، مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی ڕۆژئاواش دروست دەکەن. وڵاتێکی وەکوو هۆڵەندا چاوەڕێ دەکات 80 منداڵی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشی بۆ بگەڕێتەوە.

## مامەڵەیەکی نەرم بۆ چەسپاندنی بیری توندئاژۆیی

محەممەد ئەحمەد لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی داعشەوە چاودێریی سیستەمی پەروەردە و پێگەیاندن لەناو ئەو ڕێکخراوە دەکات. ئەو دەڵێت داعش هەڕەشەی توندی لەو دایک و باوکانە دەکرد کە منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانەکان و کەمپەکانی ڕاهێنانی داعش نەدەکرد، تەنانەت هەندێکجار کار دەگەیشتە سزای دارایی و ئەشکەنجەش. بەڵام مامەڵەی داعش لەگەڵ منداڵەکاندا نەرم بوو.

برازاکانی ڕەعد ماوەی دوو ساڵ لە مزگەوتێکی ڕەققە بەشداریی وانەکانی داعشیان دەکرد. محەممەد دەڵێت "مامۆستاکەم هیچکات لێی نەدام و مامەڵەی مامۆستاکان لەگەڵ قوتابییەکان زۆر باش بوو. خوێندنەوەی قورئانیش خەڵاتی هەبوو"، هەندێکجاریش وەکوو دیاری تفەنگی پلاستیکییان بە منداڵەکان دەدا.

عومەر ئەلجبووری کە ماوەی سێ ساڵ لە مووسڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاوە، دەڵێت داعش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی منداڵان و قوتابیان دانابوو. جبووری پێش هاتنی داعش لە ڕێکخراوێکی حکومیی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان و منداڵان کاری کردبوو، پاش هاتنی داعش ڕێکخراوەکەیان داخرا.

بە گوتەی جبووری "منداڵان وردە وردە ڕوویان لە پۆشینی جلی ڕەشی ئەفغانی دەکرد و حەزیان دەکرد شتی زیاتر لەبارەی جیهادەوە بزانن. ئەگەر کەسێک شتێکی پێچەوانەی بانگەشەکانی داعشی گوتبا منداڵەکان لێی بەدەنگ دەهاتن و بە لادەر ناویان دەبرد. منداڵی زۆر کەم تەمەنم دەبینی باسی گرتنی ڕۆمای دەکرد".

## منداڵانی ئێزدیی نێو داعش

ئەحمەد ئەمین کۆڕۆ مێرمنداڵێکی تەمەن 16 ساڵی کوردی ئێزدییە کە داعش لە هێرشەکانی 2014 بۆ سەر شنگال لەگەڵ نزیکەی 200 منداڵ و مێرمنداڵی دیکەی ناوچەکەیان ڕفاندبوونی. ئەحمەد هەر زوو بۆ کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی گوازرابووەوە. لەوێ لەگەڵ دەیان منداڵی دیکە کە هەندێکیان تەمەنیان شەش ساڵ بووە، لە خانوویەکی بچووکدا دەمانەوە. بەشێک لە مەشقەکان لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی پشتێنی بۆمبڕێژکراو بووە، شەوانیش "سەیری ڤیدیۆی کوشتنی خەڵکمان دەکرد. پرۆجێکتۆرێکی گەورەیان هێنابوو و دیمەنە ڤیدیۆییەکانیان لەسەر دیوار پیشانی ئێمە دەدا".

وەکوو خۆی بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکەی باس دەکات، کاتێک ڕاهێنەرەکان زانیبوویان ئەحمەد مۆبایلی هەیە 250 قامچییان لێدابوو، بەهۆی ئەو ئەشکەنجەیەوە ئێسقانی سینەی لەجێ دەرچووە. ئەو مێرمنداڵە ئێزدییە لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی داعشیشدا دەرکەوتووە. لە هەمان ڤیدیۆدا مێرمنداڵێکی دیکەش هەیە کە وەکوو سەرکردەی ئەو پۆلە دەردەکەوێت، بە گوتەی ئەحمەد بووە بە داعشێکی تەواو و تەنانەت چەند جارێکیش بینیویەتی لە بازرگانیکردن بە ئافرەتە کوردە ئێزدییەکاندا بەشدار بووە.

## منداڵانی داعش لە کوردستان

لەکاتی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکاندا یەکەم پرسیار کە بۆ هێزە ئەمنییەکان دروستدەبێت ئەوەیە کام لە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی کارا ئەندام و لایەنگری داعش بووە. هەندێکجار یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە پێویستی بە کاتێک و پرۆسەیەکی درێژ هەیە.

بەر لە هێرشەکانی داعش بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ئافرەتان و منداڵانی هەولێر تەنیا 200 کەسی داڵدە دابوو. زۆربەشیان ئەو منداڵ و ئافرەتانە بوون کە بەهۆی مادەی هۆشبەر، لەشفرۆشی، دزی و هەندێکجار تاوانی کوشتنەوە دەستگیرکرابوون، بەڵام لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، لەناکاو بەڕێوەبەرایەتییەکە پڕکرا لە مێرمنداڵ و ئافرەت کە گومان دەکرێت لە تاوانەکانی داعشدا بەشدار بووبن. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نیوزویک)، ئێستا بەندیخانەکە 500 منداڵ و ئافرەتی تێدایە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک ڕاپۆرت سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەدژی ئەو مێرمنداڵانە لە گرتووخانەکانی کوردستان بڵاوکراونەتەوە، لەوانەش ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (هیومەن ڕایتس وۆچ). بەڵام بەرپرسێکی کورد لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکە، وێڕای ڕەتکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی هیومەن ڕایتس، دەڵێت لەو ڕاپۆرتەدا یەک بەڵگەش نەخراوەتەڕوو کە بیسەلمێنێ پێشێلکاری کراوە، جگە لەوەش ئەو منداڵانە "بەبێ هیچ سنوور و بەربەستێک پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ خاچی سووری نێودەوڵەتی هەیە".

دیمەن محەممەد بایز، بەڕێوەبەری چاکسازیی ئافرەتان و منداڵانی هەولێر، ئاشکرای دەکات کاتێک لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەو مێرمنداڵانە هێنران بۆ لایان، ستافی بەڕێوەبەرایەتییەکە لێیان دەترسان، چونکە چڵکن بوون، قژیان درێژ و جلوبەرگی داعشیان لەبەر بوو. ئەو بەندکراوانە لەوانی دیکە جیاکرابوونەوە، نەوەک کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵکانی دیکەی ناو بەڕێوەبەرایەتییەکە دابنێن.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت ژمارەیەک لەوانەی بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گوازراونەتەوە تاوانی بچووکیان کردووە، وەکوو قسەکردنی ئۆنلاین لەگەڵ داعش، وەرگرتنی مەشقەکانی داعش یان ئەوانەی ناچارکراون لەگەڵ داعش کار بکەن. بەڵام ژمارەیەکیشیان لە تاوانی گەورەدا بەشدارییان کردووە، لەوانە بریندارکردن یان کوشتنی سەربازانی سوپای عێراق لە شەڕی مووسڵدا. ژمارەیەک لە مێرمنداڵە بەندکراوەکان بڕیاری دادگاشیان بۆ دەرچووە و ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردنی بڕیارەکەدان.

دیمەن محەممەد بایز دەڵێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هەستی ستافی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەرامبەر بەندکراوە داعشەکان گۆڕاوە و تەنانەت لەهەندێک حاڵەتدا دڵیشیان بۆیان دەسووتێ. بە گوتەی دیمەن محەممەد "ژیانی زۆرینەی ئەو منداڵانە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا تێکچووە. هەندێک لەو منداڵانە دایک و باوک و خێزانیان لەدەستداوە، هەندێکیان خانووبەرەیان نەماوە، هەست دەکەم هۆکاری ئەوەی لێرە کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروست ناکەن ئەوە بێت کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆریان چەشتووە".

بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی تەنیا شوێنی ڕاگرتنی ئەو مێرمنداڵانە نییە، بەڵکو پرۆگرامێکیشیان هەیە بۆ ئامادەکردنەوەی ئەو مێرمنداڵانە بۆ قۆناغی دوای گرتووخانە، بۆ ئەوەش دەبێ کۆمەڵێک جیاوازی نێوان ژیانی ئێستایان و ژیانی ژێر دەسەڵاتی داعشیان تۆخ بکرێتەوە.

دیمەن دەڵێت: "یەکەم شت کە ئێمە دەیکەین گۆڕینی جلوبەرگ، تراشینی ڕیش و کورتکردنەوەی قژیانە. بەکورتییەکەی دەمانەوێ ڕواڵەتیان بگۆڕین". قۆناغی دواتر دروستکردنی جۆرێک لە تێکەڵاوییە لەگەڵ بەندکراوەکاندا، بۆ ئەوەش کەڵک لە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی یاریی تۆپی پێ وەردەگیرێ. وەکوو دیمەن محەممەد دەڵێت "ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو منداڵانە هەست بە ئاسوودەیی بکەن".

قۆناغی دوای دروستکردنی ئەم تێکەڵاوییە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بریتییە لە پێدانی کۆمەڵێک کۆرسی فێرکردنی زمان و کۆمپیوتەر، مۆسیقا و وەرزش. بەڕێوەبەری چاکسازیی ئافرەتان و منداڵانی هەولێر گلەیی ئەوەی هەیە کە شوێنەکەیان بچووکە، ژمارەی بەندکراوەکان زۆرن و ڕەوشی داراییشیان باش نییە. باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ تەنیا 120 بەندکراو دروستکراوە، بەڵام هەتا مانگی ئایاری ئەمساڵ 475 بەندکراوی تێدا بووە. بەم حاڵەشەوە بەڕێوەبەرایەتییەکە کارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات.

لەپاڵ ئەو پرۆگرامە پەروەردەیی و پیشەییەدا، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی هەفتەی جارێک یان دووجار سەردانی بەندکراوەکانی داعش دەکات، هەروەها دەروونناس، پزیشک و مەلایەک بەسەریان دەکاتەوە. بە گوتەی دیمەن محەممەد، مەلاکە باسی "ئیسلامی ڕاستەقینە" یان بۆ دەکات. بەڕێوەبەرایەتییەکە هەندێکجار فیلمی بەڵگەییان بۆ نمایش دەکات تاوەکوو لە فیلمەکاندا "پیشانیان بدەین ئایدیۆلۆژیای داعش نەگریسە و ئەو ڕێکخراوە شارەکەیان وێران دەکات و خەڵک دەکوژێت". لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکاندا توێژەی کۆمەڵایەتیش ئامادە دەبێ.

بەڕێوەبەری چاکسازیی ئافرەتان و منداڵان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەندێک گۆڕانکاری دڵخۆشکەر لە منداڵ و مێرمنداڵەکاندا ڕوویداوە "سەرەتا کاتێک گەیشتبوونە ئێرە، نەیاندەویست هیچ ئافرەتێک ببینن، حکومەتەکەی ئێمە و هەموو ستافی ئێرەیان بەبێ دین دەبینی، دەیانگوت ئەگەر بەدەست ئەوان بووایە هەموومانیان دەکوشت"، بەڵام بەو دواییە ستافی بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕاپرسییەکیان لە نێوان منداڵ و مێرمنداڵەکاندا کردووە و دەرکەوتووە هەموویان حەزیان لە نیگارکێشان و مۆسیقایە.

وەکوو بەڕێوەبەرەکە دەڵێت، هەندێکیان بەمدواییە حەزیان لێیە قژیان بە مۆدێل بۆ کورت بکرێتەوە، لە کاتێکدا بەگوێرەی ڕێساکانی داعش ئەمە قەدەغە بووە "ئەوان داوایان کردووە ئەگەر بکرێت قژیان وەکوو فلانە مۆدێلەی فاشن بۆ کورت بکرێتەوە. ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیان خەریکە دەگۆڕێت". بەڵام هەندێکیان بەو ئاسانییە واز لە بیری داعش ناهێنن. بە گوتەی دیمەن محەممەد یەکێک لە کوڕەکان دوای تەواوبوونی ماوەی بەندکردنەکەی جارێکی دیکە چووبووەوە نێو داعش، دواتریش دیسان دەستگیرکرایەوە و سزای نوێی بۆ دەرچوو "دەرهێنانی ئەو بیرکردنەوەیە لە مێشکیان کارێکی ئاسان نییە و کاتێکی زۆری دەوێت".

توێژەرێکی کورد:
**ئەم منداڵانە زۆر توندوتیژن و لە هاوڕێ و ئەندامانی خێزانی خۆیان دەدەن**

توێژەرێکی ئەڵمانی:
**هەندێک منداڵی ئێزدی و مەسیحی کە داعش ڕفاندبوونی، ئێستا خێزانەکانیان بە کافر دەزانن**

## منداڵەکان چاک دەبنەوە؟

جان ئیلهان کزڵهان، شارەزایەکی ئەڵمانی - کوردی لەبواری دڵەڕاوکێ و تراوما و سەرۆکی پەیمانگایەکی سایکۆلۆژی لە دهۆک، پێیوایە تەنانەت ئەو منداڵانەش کە داعش زۆر بە قووڵی کاری لە بیرکردنەوەیان کردووە، چانسی چاکبوونەوەیان هەیە. ئەو خۆی مامەڵەی لەگەڵ خراپترین کەیسەکاندا کردووە.

حکومەتی ئەڵمانیا لە ساڵی 2014 داوای لە جان ئیلهان کردبوو دەروونی 1400 قوربانیی داعشیان بۆ هەڵسەنگێنێت، کە هەموویان مەسیحی و ئێزدی بوون. بەم حاڵەشەوە بەشێک لەو منداڵانە ئامادە نەبوون جارێکی دیکە لەگەڵ خێزانەکانی خۆیاندا بژین، لەبەر ئەوەی بە "کافر"یان دەزانین.

بە گوتەی جان ئیلهان، چارەسەری ئەو جۆرە منداڵانە پێویستی بە پرۆگرامێکی دوو بۆ سێ ساڵە هەیە. ئەو ماوەیەش بە ماوەی "جێگیرکردنەوە"ی باری دەروونی منداڵەکان ناودەبردرێت. ئەو قۆناغە قوتابخانە، یاری و وەرزش و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ دەروونناسەکان لەخۆ دەگرێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە "هەست بکەن خەڵکانێک هەن متمانەی پێیانە و دەیانەوێت یارمەتییان بدەن. دەبێ جارێکی دیکە بڕوا بە مرۆڤایەتییان بۆ بگەڕێنرێتەوە".

ئاکۆ فایەق، خاوەنی کلینیکی دەروونی، بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی جان ئیلهان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەم منداڵانە دژە - کۆمەڵگان. کۆمەڵگای خۆیان ڕەتدەکەنەوە. زۆر توندوتیژن و لە هاوڕێ و ئەندامانی خێزانی خۆیان دەدەن".

ئاکۆ خۆیشی بەدەستی نەخۆشەکانی لێدانی خواردووە. خاوەنی کلینیکەکە هۆشداری دەدات کە "ئەگەر ئەم کێشەیە ئێستا چارەسەر نەکرێ، ئەوە کاتێک گەورە بوون زۆر بە ئاسانی خەڵک دەکوژن".

پرۆژەکەی جان ئیلهان تەنیا چارەسەرکردنی منداڵ و مێرمنداڵەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش ناگرێتەوە، بەڵکو بە هاوکاریی حکومەتی ئەڵمانیا پەیمانگایەکی پێگەیاندنی شارەزایانی دەروونشیکاریشی لە دهۆک کردووەتەوە. پۆلی یەکەمی خوێندکارانی ئەو پەیمانگایە لە 2020 دەردەچن، جان ئیلهان هیواخوازیشە پرۆگرامی هاوکارییەکانی ئەڵمانیا هەتا 2030 درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەتا ئەوکات هەزاران شارەزای تراوما و دڵەڕاوکێ لە هەرێمی کوردستان پێبگەن.

سەختیی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە چیرۆکەکانی نێوان ڕەعد و برازاکانیدا دەردەکەوێت. وەکوو خۆی دەگێڕێتەوە، لەگەڵ گەیشتنیان بە ڕەیحانلی، ڕەعد دەستی سەلیمی برا گەورەی محەممەدی گرتبوو بردبووی بۆ کەنار دەریا تاوەکوو لەوێ بە بینینی دیمەنی مەلەی ئافرەتان هەندێک لە کەشی بیرکردنەوەی داعش دەربچێت، کەچی سەلیم گوتبووی "ئەمانە دەبێ سەرببڕدرێن و ئاوی دەریاکە بە خوێنیان سوور بکرێ".

ڕەعد پێیوایە لە برازاکانی خۆی مەترسیدارتر ئەو منداڵانەن کە دایک باوکیان بڕوایان بە داعشە "ئەوان لە داهاتوودا کێشە بۆ هەموو جیهان دروست دەکەن".



## بانکی ناوەندی 21 تریلیۆن دیناری بە قەرز داوەتە حکومەت



**ڕووداو- بەغدا**

مەزهەر محەممەد ساڵح، راوێژکاری دارایی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق رایگەیاند، لەماوەی دوو ساڵی رابردووی شەڕی داعش، بانکی ناوەندی 21 تریلیۆن دیناری وەک قەرز بە حکومەت داوە. مەزهەر محەممەد ساڵح لە پەیمانگەیەکی ئابووری رایگەیاند "بانکی ناوەندی رۆڵێکی گرنگی لە شەڕی داعش بینی و پاڵپشتی حکومەت بوو بۆ ئەوەی تووشی شکستی دارایی نەبێت". ئەو راوێژکارەی عەبادی هەروەها گوتی "دراوی عێراق بەتەواوی بە دراوی بیانی پاڵپشتکراوە و هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە، چونکە بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو بەهای دراوەکە بە بەهێزی ماوەتەوە".

## قاتی شاڵی لێ دروست دەکرێ

# مامۆستایەکی زانکۆ رووەکێکی نوێ دێنێتە کوردستان



یەک هێکتار کینەف توانای هەڵمژینی گازی دوانۆکسیدی یەک ساڵی 20 ئۆتۆمبێلی هەیە

### تایبەتمەندییەکانی کینەف

رووەکی کینەف دوو جۆرە ریشاڵی هەیە: دارک (Bast Fiber) و نیان (Core Fiber) کە لە بوارە جیاوازەکانی رستن و چنین وەک قوماش، رایەخ، کیس و پەت بەکاردێت. هەروەها لە پیشەسازیی دروستکردنی تەختە، دیکۆرات، کاغەز، فایبەری ئۆتۆمبیل، دروستکردنی پارە بەکاردێت. گەڵاکانیشی بە سەوزی دەخورێ، لە هەندێک وڵاتیش لە ئامادەکردنی زەڵاتە لە چێشتخانەکان بەکاردێت. دوای وشککردنەوەشی دەتوانرێت وەکوو چا بخورێتەوە، تۆوەکەشی زەیتێکی نایابی هاوشێوەی زەیتوونی تێدایە، هەروەها گەڵاکانیشی وەکو ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێ. کینەف لە دروستکردنی شامپۆ و سابوون و جوانکارییەکانی ئافرەتانیشدا سوودی لێ وەردەگیرێ.

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی زانکۆ لە شاری هەولێر، جۆرە رووەکێکی ریشاڵی بەناوی کینەف دێنێتە کوردستان کە دۆستی ژینگەیە. دەتوانرێ ریشاڵەکانی رووەکەکە ببێتە جێگرەوەی مووی بزنی مەرەز کە بۆ دروستکردنی شاڵ بەکاردێ.

کینەف (Kenaf) رووەکێکی ریشاڵییە، ناوە زانستییەکەی (Hibiscus cannabinus) و سەر بە خێزانی تۆڵەکەیە (Malvaceae). زیاتر لە 50 جۆری هەیە، بەهۆی سوودە ئابوورییەکەی 20 وڵات گرنگیی پێدەدەن و دەیچێنن.

نیشتمانی رەسەنی رووەکی کینەف، کیشوەری ئەفریقا و باشووری کیشوەری ئاسیایە، بەڵام ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان دەچێنرێ. لەڕووی بەرهەمهێنانەوە وڵاتانی هیندستان، چین، بەنگلادیش، ئیندۆنیسیا، تایلاند، مالیزیا، بەرازیل، ڤێتنام و باشووری ئەفریقا لەپێشەوەی وڵاتانی جیهان دێن. تورکیا و ئێرانیش لەو چەند ساڵەی دواییدا گرینگییان بەچاندنی ئەم رووەکە داوە، ئێستا لەزۆر بوای پیشەسازیدا سوودی لێوەردەگرن.

د.رابەر فەتاح، مامۆستا لە بەشی بەرووبوومی کێڵگەیی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین کە دکتۆرای لە مالیزیا لەسەر گەشەپێدانی ریشاڵی رووەکی کینەف بەدەستهێناوە، دوای ئەوەی سوودە ئابوورییەکانی ئەم رووەکەی بۆ دەردەکەوێت، نموونەی تۆوی رووەکەکە لەگەڵ خۆی دێنێتەوە و توێژینەوەی لەسەر دەکات. د.رابەر فەتاح دەڵێت "بۆ توێژینەوە 10 جۆر تۆوی رووەکی کینەفم لە مالیزیا هێنا، لەناوەڕاستی مانگی چوار لەکێڵگەی توێژینەوەی کۆلێژی کشتوکاڵی هەولێر بەبێ بەکارهێنانی هیچ پەیینێک وەک تاقیکردنەوە چاندم، خۆشبەختانە هەشت جۆریان زۆر گونجاو بوون لەگەڵ کەشوهەوای هەولێر".

د.رابەر لەو توێژینەوەیە بۆی دەرکەوتووە دوو جۆر لەو هەشت جۆر کینەفەی چاندوونی ئاستی گەشەیان زۆر باشتر بووە لە مالیزیا.

د.رابەر دەڵێت "خاک و ئاو و کەشوهەوای کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی ئەم رووەکە".

کینەف، رووەکێکی هاوینەیە، توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ هەموو خاکێک هەیە، گەشەی زۆر خێرایە و بە 4- 5 مانگ دەگاتە بەرهەم، لە هەندێ وڵات دەتوانرێت لە ساڵێکدا دووجار بڕوێنرێ.

ئەم رووەکە بەگوێرەی جۆرەکانی 2-6 مەتر بەرز دەبێت و تیرەی قەدەکەی لەکاتی پێگەیشتن نزیکەی 2-3 سانتیمەتر دەبێت، گەڵای شێوە جیاوازی هەیە، هەندێ جۆریان لە پەنجەکانی دەست دەچێت، لەکاتی پێگەیشتنی گوڵی هەمەڕەنگ دەگرێت، بەڵام باوترینیان کرێمییە.

د.رابەر فەتاح دەڵێت "بەپێی مەبەستی بەکارهێنان کاتی پێگەیشتنی رووەکەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر بۆ مەبەستی دەستکەوتنی ریشاڵی رستن و چنین بچێنرێت باشترین کواڵیتی ریشاڵت لەنێوان دوومانگ و نیو تاوەکو سێ مانگ و نیو دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر ریشاڵەکانی بۆ مەبەستی دروستکردنی تەختە بەکاربێت باشترین کواڵیتی و زۆرترین بڕی ریشاڵت لە تەمەنی 4 — 5 مانگی دەستدەکەوێ.

د.رابەر لە مالیزیا توێژینەوەی لەسەر دوو جۆری کینەف کردووە (FH-952 ی چینی و 4383 ی بەنگلادیشی) لە جۆری یەکەمیان بەبێ بەکارهێنانی پەین، لە هێکتارێکدا 15.7 تۆن بەرهەمی هەبووە، جۆری دووەمیش 20.8 تۆن بەرهەمی دا، بەڵام بە بەکارهێنانی پەین، بەرهەمی جۆری یەکەم گەیشتە 58 تۆن و جۆری دووەمیش گەیشتە 30.5 تۆن.

د.رابەر دەڵێت "ئەگەر جوتیاران بەشێوەیەکی زانستی ئەو رووەکە بچێنن و کارگە بۆ ساخکردنەوەی پێکهاتەکانی دابمەزرێنین، دەتوانین بڵێین سوودە ئابوورییەکانی لە گەنم و جۆ پترە".

د.رابەر کە خۆی و خانەوادەکەی پێشتر کاری جۆڵاییان کردووە، زیاتر لە گرنگیی ئەو رووەکە تێدەگات و دەڵێت "دەتوانین لەداهاتوودا لەڕێگەی توێژینەوە و گەشەپێدان، کواڵیتی ریشاڵەکانی رووەکەکە تا ئەو رادەیە پێشبخەین ببێتە جێگرەوەی مووی بزنی مەرەز کە بۆ دروستکردنی شاڵ بەکاردێت، چونکە بۆمان دەرکەوتووە بەشێک لەو قوماشانەی لەچین هەناردەی وڵاتان دەکرێ، لە ریشاڵی ئەم رووەکە دروستدەکرێ".

### دۆستی ژینگەیە

کینەف توانایەکی زۆر باشی بۆ هەڵمژینی گازی دوانۆکسیدی کاربۆن هەیە، هەر بۆیە بە دۆستی ژینگە ناسراوە.

د.رابەر فەتاح دەڵێت "بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە هەر هێکتارێکی چێندراوی ئەم رووەکە لەماوەی گەشەی تا پێگەیشتنی 30 بۆ 40 تۆن گازی دوانۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژێ، ئەو بڕەش یەکسانە بە گازی دەرچووی 20 ئۆتۆمبێل لەساڵێکدا، بۆیە لەڕێگەی چاندنی ئەم رووەکەوە بەتایبەت لە کێڵگەکانی نزیک شارەکان، دەکرێت ژینگەکەمان پاک بکەینەوە".

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەبارەی ئەو رووەکەوە دەڵێت "لە کوردستان کارگە بۆ بەکارهێنانی رووەکە ریشاڵییەکان نییە، بۆیە تائێستا گرنگیمان بە توێژینەوەی رووەکە ریشاڵییەکان نەداوە". بەڵام ئامادەیی بەڕێوەبەرایەتییەکەی نیشاندا کە هاوکاریی هەر کەسێک بکات بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو رووەکە.

هەندێک وڵات بۆ پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی گوشاری بڕینەوەی دارستانەکان بیر لەوە دەکەنەوە رووەکی کینەف بکەنە جێگرەوەیەک بۆ دروستکردنی کاغەز و تەختە، چونکە گەشەی زۆر خێرایە و بەرهەمەکەشی زۆر لەو درەختە زیاترە کە چەندین ساڵ خزمەت دەکرێ.

د.لوقمان عوسمان، پسپۆڕی گەشەپێدانی ئابووری دەڵێت: "بەهۆی نەبوونی کارگە لەوانەیە نەتوانین لەلایەنی ئابوورییەوە سوود لەو رووەکە وەربگرین، بەڵام دەکرێت بۆ پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی هاوردەی هەندێ لەو کەلوپەلە ساکارانەی لەو رووەکە دروستدەکرێن، سوودی لێ وەربگرین".

## نەبوونی ئاگربڕ مەترسی لەسەر دارستان و پاوانەکانی کوردستان دروستکردووە

## لە حەوت ساڵی رابردوودا

# یەک ملیۆن دۆنم دارستان و پاوان سووتاون

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست بۆ دروستکردنی ئاگربڕ و پاککردنەوەی دارستانەکان لە پووش و پەڵاش، لە ئەگەری کەوتنەوەی هەر ئاگرێک، رەنگە رووبەرێکی زۆری دارستان و پاوان لە کوردستان بسووتێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە حەوت ساڵی رابردوودا بەهۆی ئاگرکەوتنەوە یەک ملیۆن و 58 هەزار و 866 دۆنم دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان سووتاوە. زۆرترین رووبەری سووتاویش لەدوو ساڵی رابردوو بووە کە نزیکەی 623 هەزار دۆنم بووە و دەکاتە نزیکەی 59%ی تێکڕای رووبەری سووتاوی دارستان و پاوان لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا.

دڵدار عەبدوڵڵا مەلازادە، بەڕێوەبەری دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی ماوەی دوو ساڵە حکومەت وەک پێویست و لە کاتی خۆیدا بودجە بۆ هەڵمەتی پاککردنەوە و دروستکردنی ئاگربڕ بۆ دارستان و پاوانەکان دابین ناکات، بۆیە ئاگر کەوتنەوە زیانێکی زۆری لە دارستان و پاوانەکان داوە".

بە گوتەی دڵدار عەبدوڵڵا، ئەمساڵیش تاوەکو ئێستا حکومەت هیچ پارەیەکی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکردووە، تەنیا بەهاوکاریی رێکخراوی GIZ ی ئەڵمانی، هەندێک کار و پاککردنەوە و هەڵپاچین و دروستکردنی هێڵی ئاگربڕیان کردووە، بەڵام هێشتا 95%ی پاوان و دارستانەکانی کوردستان پاکنەکراونەتەوە و ئاگربڕیان بۆ دروست نەکراوە.

ئاگر بە گەورەترین مەترسی لەسەر کەمبوونەوە و لەنێوچوونی دارستان و تێکچوونی هاوسەنگی ژینگە دادەنرێ. ساڵانە بە ملیۆنان هێکتار دارستان لەجیهاندا دەسووتێ و لەنێودەچێ، بۆیە زۆربەی وڵاتان ئامێری پێشکەوتوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگر بەکاردێنن، بەڵام لە کوردستان ئاگری دارستان و پاوانەکان بە چڵەدار و بەتانی و بێڵ دەکوژێندرێتەوە، بۆیە لە ئەگەری هەر ئاگرکەوتنەوەیەک رووبەرێکی زۆر لە دارستان دەسووتێ.

دڵدار عەبدوڵڵا دەڵێت زیانی ئاگرکەوتنەوە لە کوردستان بە بەراورد بە شوێنی دیکە دوو هێندەیە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە کەمیی بودجە و دابیننەکردنی لەکاتی خۆی، ئەو شێوازە کلاسیکییەی ئاگری پێ دەکوژێندرێتەوە، کەمی یان نەبوونی رێگەوبان لە نێو دارستانەکان، هەبوونی مین لە نێو هەندێک لە دارستانەکان و تۆپبارانەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان.

دڵدار عەبدوڵڵا گوتی "بەپێی بەدواداچوونەکانمان دەرکەوتووە 35%ی ئەو دارستان و پاوانانەی لەو چەند ساڵەی دوایی سووتاون، بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێران و تورکیا بووە".

بەپێی ئامارەکان زۆرترین ئاگرکەوتنەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی روویانداوە و لە حەوت ساڵی رابردوودا 534 هەزار و 213 دۆنم پاوان و دارستانی ئەو پارێزگایە سووتاوە.

جەمال رەشید، بەڕێوەبەری دارستان لە پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی سەختیی ئەو شوێنانەی ئاگریان لێدەکەوێتەوە، نەبوونی رێگا، هەروەها مینی چێنراو لە هەندێ ناوچە، ساکاریی ئامرازەکانی ئاگر کوژاندنەوە، زۆربەی جار ئاگرەکان تەشەنە دەکەن و رووبەرێکی زۆر لە دارستان و پاوانەکان دەسووتێن".

جەمال رەشید هەروەها دەڵێت: "بەشێک لە ئاگرکەوتنەوەکان بەتایبەت لە دارستانە دەستکردەکانی نزیک شار بەدەستی ئەنقەست روودەدەن، بۆ نموونە ئەمساڵ هەوڵێکی زۆرماندا رێگری لە کەوتنەوەی ئاگر لە دارستانەکانی گۆیژە بکەین، تەنانەت بنکەی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوەشمان بۆ دانا، بەڵام بەهۆی فراوانیی رووبەری گۆیژە کە نزیکەی 6 هەزار دۆنمە، تا ئێستا سێ جار سووتاوە و نزیکەی 20 دۆنم دارستان و پاوانی سووتاون".

پارێزگای سلێمانی خاوەنی زیاتر لە سێ ملیۆن دۆنم پاوانی سروشتی و دەستکردە، لەگەڵ یەک ملیۆن و 670 هەزار دۆنم دارستانی سروشتی و 23 هەزار دۆنم دارستانی دەستکرد.

جەمال رەشید، لەبارەی ئاگرکەوتنەوەکانی ئەمساڵ گوتی "ئاماری هەموو شوێنەکانمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام تەنیا لە قەرەداخ نزیکەی 2 تاوەکو 3 هەزار دۆنم دارستان و پاوان سووتاون. لە چەند ئاگرکەوتنەوەیەکیش لە دارستانە دەستکردەکانی دووکان و بانی مەقان و پارکی وەیس نزیکەی 8 هەزار و 945 دار سووتاون".

بەگوتەی جەمال رەشید، کەمتەرخەمی و ناهۆشیاریی بەشێک لە گەشتیاران و گوندنشینان وایکردووە ژمارەی ئاگرکەوتنەوەکان زیاتر بێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت "هەندێ جوتیار و گوندنشین، تەنیا بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە سوود لەپاشماوەی دانەوێڵە و پاوانەکان وەرنەگرێت، ئاگر لە پەرێزەکانیان بەردەدەن، زۆرجار ئاگرەکە تەشەنە دەسێنێ و رووبەرێکی زۆر لە دارستان و پاوان دەسووتێ".

لە دوو ساڵی رابردوودا پارێزگای هەولێر لە سووتانی دارستان و پاوان ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە، لەم دوو ساڵەدا نزیکەی 279 هەزار و 421 دۆنم دارستان و پاوانی سووتاوە. تەنیا لە 20 رۆژی رابردوودا حەوت هەزار و 174 دۆنم دارستان و پاوان لە چیای سەفین و ناوچەی سوسێ و هەندێ ناوچەی قەزای سۆران سووتاون.

عەبدوڵڵا حەسەن، بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی پارێزگای هەولێر دەڵێت: "ماوەی دوو ساڵە نەمانتوانیوە هیچ پاککردنەوە و ئاگربڕێک بۆ دارستانە سروشتییەکان بکەین، ئەمەش زیانی ئاگرکەوتنەوەکانی زیاتر کردووە".

عەبدوڵڵا گوتی "ئەمساڵیش تائێستا هیچ بودجەیەکیان بۆ دابین نەکردووین، لە هەفتەی رابردووەوە بۆ دروستکردنی ئاگربڕ، شۆفڵ و گرێدەرێمان ناردووەتە دەوروبەری قەزای شەقڵاوە و ناحیەی پیرمام، بەڵام گاز نییە لە ئامێرەکانی بکەین".

بۆ هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانیش عەبدوڵڵا گوتی "هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوە زۆرن، بەڵام زۆربەیان بەهۆی کەمتەرخەمی و پاشماوەی ئاگری گەشتیارانەوە روودەدەن، بەشێکیشی بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان بەهۆی تۆپبارانی تورکیا و ئێران روویانداوە".

لوقمان شێروانی، گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "سووتانی دارستان و پاوانەکان گەورەترین زیان بە ژینگەی ناوچەکان دەگەیەنن، چونکە لەلایەک دەبنە هۆی لەناوچوونی سەتان جۆر باڵندە و زیندەوەر، لەلایەنکی دیکەش دەبنە هۆی گۆڕانکاری لەپێکهاتەی خاک و ئاوی ناوچەکان، زیانی زۆریش بەمرۆڤ دەگەیەنن چونکە دارستان وەکو سیی مرۆڤ وایە".

فەرمانگەکەی لوقمان لە هەفتەی داهاتووەوە هەڵمەتێک لەڕێگەی فەیسبووکەوە رادەگەیەنن، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی چەند سپۆتێک. هەروەها لە رێگەی ئەوقافەوە داوا لە مامۆستایانی ئاینی دەکەن کە خەڵک هۆشیار بکەنەوە و ئاگایان لە دارستان و پاوانەکان بێ.



59%ی ئەو دارستان و پاوانانەی سووتاون لە دوو ساڵی رابردوودا بووە

### رووبەری سوتانی دارستان و پاوان بەدۆنم (2010 تاوەکو 2016)

| ساڵ / پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | 27.039 | 126.214 | 8.747.5 | 22.029 | 184.029.5 |
| 2011 | 8.040 | 65.497 | 5.349 | 510 | 79.296 |
| 2012 | 31.270 | 44.494 | 4.474 | 8.200 | 88.438 |
| 2013 | 6.375 | 26.692 | 4.525 | 500 | 38.092 |
| 2014 | 4.261.5 | 37.139.5 | 4.463.7 | 0 | 45.864.7 |
| 2015 | 125.597.5 | 117.814 | 70.789 | 262 | 314.462.5 |
| 2016 | 153.824 | 116.463 | 3.397.25 | 35.000 | 308684.25 |
| کۆی گشتی | 356.407 | 534.213.5 | 101.745.45 | 66.501 | 1.058.866.95 |

# ئەندامانی ئۆپێک چاڵ بۆ ڕێککەوتنەکەیان هەڵدەکەنن

## ئەگەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بە سیاسەتی بەرهەمهێنانیاندا نەچنەوە و لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی ڕووسیا نەگەنە ئەنجامێکی ئەرێنی، دوور نییە نرخی نەوت بۆ 40 دۆلار دابەزێ



یادگار سدیق

تا دێت هەڕەشەکانی سەر بازاڕی نەوت زۆرتر دەبن، سەرەڕای زیادبوونی چالاکیی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت، گوشارێکی بەهێزترن بۆ سەر بازاڕ و نرخی نەوت، لەوانەش لیبیا و نەیجیریا کە ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕێککەوتننامەکەی وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپێک و بەشێک لە وڵاتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە کە لە تشرینی دووەمی ڕابردوو بە کەمکردنەوەی یەک ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا ئیمزا کرا و لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا بۆ ماوەی نۆ مانگ درێژ کرایەوە.

ئێستا چەند بەرهەمهێنێکی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک، دەیانەوێت بەربەستێکی دیکە لەبەردەم ئەو خستنەڕووە زۆرەی نەوت کە ئێستا لە بازاڕەکانی جیهاندا کەڵەکە بووە، دابنێن، بە تایبەتی لیبیا و نەیجیریا. هەفتەی ڕابردوو، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئۆپێک لە کۆنگرەی ساڵانەی وزە لە ئیستانبوڵ ڕایگەیاند، هەردوو وڵاتە ئەفریقییەکە بانگهێشتکراون بۆ کۆبوونەوەی 22ی ئەم مانگە کە وا بڕیارە لە شاری سان پیتەرسبورگی ڕووسیا بکرێ. ئەو دوو وڵاتە کە بەدەرکراون لە ڕێککەوتنی ڕاگرتنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، داوایان لێدەکرێ بێنە نێو ڕێککەوتنەکە و ئاستی بەرهەمهێنانیان زیاتر نەکەن، بەڵام شرۆڤەکاران دەڵێن زەحمەتە ئەو دوو وڵاتە بە داواکەی ئۆپێک ڕازی ببن.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا نرخی نەوت بەرزبوونەوەیەکی کەمی بەخۆیەوە بینیوە و لە ئاستەکانی 46 دۆلار جووڵەی کردووە. ئەمەش زیاتر لە ژێر کاریگەریی کەمبوونەوەی یەدەگی نەوتی کۆگاکراوی ئەمەریکادایە. بەگوێرەی ئاژانسی وزەی ئەو وڵاتە، یەدەگی نەوتی کۆگاکراو بەبڕی 6.7 ملیۆن کەمی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر بەبڕی 6.3 کەمی کردبوو، یەدەگی بەنزین بەبڕی 1.6 ملیۆن کەمی کردووە کە بەگوێرەی هەمان ئاژانس پێشتر بەبڕی 2.7 کەمی کردبوو، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی خێرای سەکۆ نەوتییەکانی ئەمەریکا، هەڕەشەکانی نەوتی بەردینی ئەو وڵاتە بەردەوامن کە بەپێی دوایین ئامار ژمارەکە بۆ 765 سەکۆ بەرزبووەتەوە و ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی ئەمریکا گەیشتووەتە 9.38 ملیۆن بەرمیل. ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ مانەوەی نرخی نەوت لە ئاستێکی نزمدا، چونکە ناتوانین بڵێین نرخی نەوت بەرزبووەتەوە و جێگای متمانەیە تاوەکوو لە خوار ئاستەکانی 50 دۆلار بمێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە مانگی حوزەیران بەرزبووەتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی مانگانەی ڕێکخراوەکە، مانگی ڕابردوو بڕی بەرهەمهێنان بە بەراورد بە مانگی ئایار 393.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە. ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ئۆپێک 32 ملیۆن و 611 هەزار بەرمیل بووە. هۆکارەکەشی لیبیا بووە کە ئاستی بەرهەمهێنانی لە حوزەیراندا گەیاندووەتە 852 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەمەش 127 هەزار بەرمیلی زیاترە بەراورد بە مانگی ئایار. نەیجیریاش بەهەمانشێوە بڕی بەرهەمهێنانی بەرزکردووەتەوە بۆ یەک ملیۆن و 733 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا و بەراورد بە مانگی ئایار 96.7 هەزار بەرمیل بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. چەند ئەندامێکی دیکەی ئۆپێکیش لە پاڵ ئەو دوو وڵاتە ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرزکردووەتەوە. لەوانەش سعودیە بە 51.3 هەزار بەرمیل، ئەنگۆلا 66 هەزار بەرمیل، عێراق 60 هەزار بەرمیل و ئێران 16.7 هەزار بەرمیل.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: ئایا وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بەو هەڵوێستەیان چۆن دەتوانن هاوسەنگی بۆ بازاڕ بگەڕێننەوە؟

نرخی نەوت لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەگەر ئەندامانی ئۆپێک مەبەستیان بێ، دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بە دەست خۆیان دەبێ. ساڵی 1971 نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئۆپێک بە کەمتر لە سێ دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرا، بەڵام بەهۆی کۆبوونەوەکانی ئۆپێک لە تاران و سووربوونی شای ئێران و بەشێک لە ئەندامانی ئۆپێک لەسەر بەرزکردنەوەی نرخ، نرخی بەرمیلێک نەوتی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی 1973 گەیشتە 11.65 دۆلار. ئەوکات سەرۆکی ئەمەریکا نامەیەکی بۆ شای ئێران نارد و داوای لێکرد چاو بە بڕیارەکەدا بخشێننەوە "بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، کارێکی نائاقڵانەیە لە قۆناغێکی وەهادا کە بە ئەنقەست بڕی خستنەڕووی نەوت کۆتوبەند کراوە"، بەڵام شا لە وەڵامی ئەو نامەیەدا گوتی: "دەزانین وزە چەند گرنگە بۆ ئابووریی جیهان و سەقامگیرکردنی، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، ڕەنگە ئەو سامانە سروشتییە دوای 30 ساڵی دیکە لەنێوبچێت".

ئایا ئێستا ئۆپێک دەتوانێ ئەو هەماهەنگییە بکات و لە پێناوی هاوسەنگیی بازاڕ ڕێککەوتننامەیەکی نوێ ئیمزا بکات؟ یان سعودیە سیناریۆی ساڵی 1985 دووبارە دەکاتەوە کاتێک لە دوای ساڵی 1983 ئێران و عێراق بەبیانووی جەنگ بڕی بەرهەمهێنانیان زیاد کرد، بەشێک لە کۆمپانیاکانی جیهان کەوتنە کێبڕکێ و نرخی نەوتیان دابەزاند و ئاستی بەرهەمهێنانیان زیاد کرد. لە حوزەیرانی 1985 وەزیرانی نەوتی وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپێک لە تائیف کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری نەوتی سعودیە نامەیەکی شای وڵاتەکەی خوێندەوە کە گوتبووی: "ئەگەر بەشێک لە وڵاتانی ئەندام پێیانوایە دەستیان کراوەیە بە ئارەزووی خۆیان بڕی بەرهەمهێنان زیاد دەکەن، کەواتە پێویستە هەموومان چێژ لەو دۆخە وەربگرین، سعودیەش بەرژەوەندیی خۆی لەبەرچاو دەگرێت". ئەوکات سعودیە بڕی بەرهەمهێنانی بەرێژەیەکی بەرچاو کەمکردبووەوە بۆ 2.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا توانای هەبوو ڕۆژانە 10.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ. دوای ئەو کۆبوونەوەیە سعودیە و وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت بازاڕی نەوتیان نغرۆ کرد لە نەوت. سعودیە بڕی بەرهەمهێنانی بەرزکردەوە، دوای ئەو کۆبوونەوەیە نرخی نەوت ڕووی لە دابەزین کرد، بە جۆرێک نرخی بەرمیلێک نەوتی خاوی ئۆپێک لە ساڵی 1986 گەیشتە حەوت دۆلار، لە کاتێکدا لە ساڵی 1983 بە 30 دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرا. تاوەکوو سەرەتای نەوەتەکان سعودیە بڕی بەرهەمهێنانی بۆ سەرووی هەشت ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزکردەوە، ئەمەریکا ڕۆڵێکی کارای گێڕا لە هەڵسوکەوتەکانی ئەو وڵاتە لە بڕی بەرهەمهێنان. بۆیە ئێستا ترسی بازاڕ لەوەیە سعودیە هەمان سیناریۆی ئەو ساڵە دووبارە بکاتەوە کە لە ڕێککەوتننامەکەی ئەمجارەدا ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە، بۆیە خەریکە ئەو وڵاتانە سعودیە هاندەدەن، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە ئەندامانی ئۆپێک بە دەستی خۆیان چاڵ بۆ ڕێککەوتننامەکەیان هەڵبکەنن لەبارەی سنووردارکردنی ئاستی بەرهەمهێنان، ئەویش بە مەبەستی گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت. بۆیە ئەگەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بە سیاسەتی بەرهەمهێنانیاندا نەچنەوە و لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی ڕووسیا نەگەنە ئەنجامێکی ئەرێنی، دوور نییە نرخی نەوت بۆ 40 دۆلار دابەزێ.



### مەترسی لەسەر ڕێککەوتنەکە هەیە

# بەرهەمی نەوتی ئۆپێک ڕووی لە بەرزبوونەوەیە

ڕووداو- هەولێر

هەفتەی پێشوو ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) ڕاپۆرتی مانگانەی ڕێکخراوەکەی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئاماژە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە مانگی حوزەیران دەکات، ئەمەش لە کاتێکدا هەوڵەکانی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان لەچوارچێوەی ڕێککەوتنەکەی ساڵی ڕابردوودا بەردەوامە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئۆپێک، ئاستی بەرهەمهێنانی ڕێکخراوەکە لە مانگی حوزەیران بە ڕێژەی 1.4% لەچاو مانگی ئایار بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 32.16 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە لیبیا، نایجیریا، ئەنگۆلا، عێراق و سعودیە دەگەڕێتەوە. مانگی ڕابردوو ئۆپێک 393 هەزار بەرمیلی زیاتر لە مانگی ئایار بەرهەمهێنابوو.

بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتەش، بەدگومانییەکی زۆر هەبوو لەوەی ئۆپێک و ڕووسیا بتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر هاوسەنگیی نێوان خواستی بازاڕ و خستنەڕووی نەوت دابنێن. ئۆپێک 14 وڵات لەخۆدەگرێت و زیاتر لە 35%ی یەدەگی نەوتی جیهان لەژێر خاکی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەدایە، بەڵام سەرهەڵدان و گەشەی پیشەسازیی نەوتی لیتەیی وای کردووە بڕیار و هەنگاوەکانی ئۆپێک کاریگەرییەکی خێرا و بەرفراوان لەسەر بازاڕەکانی نەوت دانەنێن.

ئۆپێک لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا پشت بە دوو سەرچاوە دەبەستێ، یەکەمیان داتای وەزارەتی نەوتی وڵاتانی بەرهەمهێنە کە زۆربەی جاران بڕواپێکراو و ورد نین و سەرچاوەی دووەمیشیان ئەوکۆمپانیا وناوەندە سەربەخۆنێودەوڵەتییانەن کە چاودێریی ڕەوشی بازاڕەکانی نەوت دەکەن. بۆ ئەم ڕاپۆرتەیان (ڕووداو) پشت بە جۆری دووەمی سەرچاوەکان دەبەستێت کە لە ڕاپۆرتە مانگانەکەی ئۆپێکیشدا هاتووە.

بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی ئۆپێک، لیبیا لە مانگی حوزەیراندا ڕۆژانە 127 هەزار بەرمیل ئاستی بەرهەمهێنانی بەرزکردووەتەوە، دوای لیبیا نایجیریا دێت کە نزیکەی 97 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بەرزکردووەتەوە. نایجیریا و لیبیا لە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئۆپێکدا بەشدار نین.

بڕیار وایە هەفتەی داهاتوو شەش وڵاتی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک کە لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکدا بەشدارن، لە سان پیتەرسبورگ کۆببنەوە. یەکێک لەو بژارانەش کە لەو کۆبوونەوەیەدا تاوتوێ دەکرێ ئەوەیە داوا بکرێت لیبیا و نایجیریاش بێنە ناو ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکەوە کە بڕیارە هەتا کۆتایی مانگی ئاداری 2018 کاری پێبکرێت. لە مانگی حوزەیراندا، نایجیریا ڕۆژانە یەک ملیۆن و 733 هەزار بەرمیل و لیبیا 852 هەزار بەرمیلیان بەرهەمهێنابوو.

لەو وڵاتانەی لە ڕێککەوتنی دابەزاندنی بەرهەمهێناندا بەشدارن، عێراق پاش ئەنگۆلا لە پلەی دووەمی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دێت کە لە مانگی حوزەیراندا 60 هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا لە چاو مانگی ئایار بەرزتر کردبووەوە. عێراق لە مانگی حوزەیراندا 4 ملیۆن و 502 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێنابوو.

بەو پێیەش تەنیا 30% پابەندییەکانی خۆی بە ڕێککەوتنی ئۆپێک جێبەجێ کردووە.

بەپێچەوانەی ئاستی بەرهەمهێنان، بڕی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە مانگی حوزەیراندا ڕووی لە دابەزین بووە. بەگوێرەی داتاکانی ڕۆیتەرز، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە حوزەیراندا 3 ملیۆن و 140 هەزار بەرمیل بووە، واتە 60 هەزار بەرمیل لە چاو مانگی پێشتر دابەزیوە. بەپێی داتاکانی هەمان سەرچاوە، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانیش لە مانگی حوزەیراندا گەیشتووەتە 480 هەزار بەرمیل لە چاو 510 هەزارەکەی مانگی ئایار، واتە 30 هەزار بەرمیل کەمی کردووە.

لە مانگی حوزەیراندا سعودیەش ڕۆژانە 51 هەزار بەرمیل زیاتر لە مانگی پێشتری بەرهەمهێنابوو. بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی سعودیە لە حوزەیراندا نۆ ملیۆن و 950 هەزار بەرمیل بووە. بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی وزەی سعودیە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی شانشین لەوەش بەرزتر بووە و گەیشتووەتە 10.07 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ئەگەر داتاکانی سعودیە خۆی جێی بڕوا بن، ئەوە یەکەمجارە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ڕیاز ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی لەو ئاستە بەرزتر بێت کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکدا بەڵێنی دابوو. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک، سعودیە دەبووایە ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی بۆ 10 ملیۆن بەرمیل دابەزێنێت.

### ● کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک

هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان و دابەزینی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتانی ئۆپێک لە سێ مانگی هاویندا بۆ بەرزبوونەوەی داوای نێوخۆیی دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا لە بەشی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەوت سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی وزەی کارەبایە، نەک بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردە. چاودێرانی پیشەسازیی نەوت جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەڵوێستی ڕووسیا و سعودیە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە چارەنووسی ڕێککەوتنەکە، هەر دوو وڵاتەکەش هەتا ئێستا هەڵوێستی ئەرێنییان بەرامبەر پاراستنی ڕێککەوتنەکە هەبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرز، سعودیە بڕیاری داوە ئاستی هەناردەی وڵاتەکەی لە مانگی ئابدا بە بڕی 660 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکاتەوە. سەرچاوەیەک لە وەزارەتی وزەی سعودیە بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە "بۆ ئەوەی سعودیە بتوانێ داوای نێوخۆیی پڕبکاتەوە و بتوانێت بە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکیشەوە پابەند بێت، بڕیارمان داوە ئاستی بەرهەمهێنان کەم بکەینەوە". ئەمەش دەکرێ ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی سعودیە خوازیارە ڕێککەوتنەکە بپارێزێت.

لەلایەکی دیکەوە ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری نەوتی ڕووسیا بە تۆڕی میدیایی (CNBC) ڕاگەیاندووە "ئەگەر پێویست بکات ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لەوەش درێژتر دەکەینەوە کە هەتا ئێستا لەسەری ڕێککەوتووین و ئاستی کەمکردنەوەکەش زیاتر دەکەین". لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنە شەش مانگییەکەی ئەمساڵ بۆ نۆ مانگی دیکەش درێژبکەنەوە.

بناغەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک لە کانوونی یەکەمی 2016 دانرا کە تێیدا بڕیار درا وڵاتانی ئۆپێک (جگە لە نایجیریا، لیبیا و ئێران) و 11 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک، ئاستی بەرهەمهێنانی هاوبەشیان بە بڕی نزیک 1.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکەنەوە. لەو بڕە 1.2 ملیۆن بەرمیلی دەکەوێتە سەر شانی ئۆپێک و 558 هەزار بەرمیلی دەکەوێتە ئەستۆی 11 وڵاتەکەی دیکە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا سعودیە پشکی شێری لە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بەرکەوتووە و بە درێژایی پێنج مانگی یەکەمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەش سعودیە زیاتر لەو ڕێژەیەی لە بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی کەمکردبووەوە کە لە ڕێککەوتنەکەدا بەڵێنی دابوو. ئێستا سعودیە بەنیازە بۆ سووککردنی باری سەر شانی وڵاتەکەی، هەردوو وڵاتی لیبیا و نایجیریاش هان بدات لە کۆبوونەوەکەی سان پیتەرسبورگ ڕەزامەندی دەرببڕن ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەیان لەو ئاستەی مانگی حوزەیران ڕابگرن و بەرزتری نەکەنەوە.

رووداو هونەری
ژمارە (465) - دووشەممە 2017/7/17



## شاجوان هەڵدەبژێردرێت

**رووداو- هەولێر**

لە کۆتایی ئەمساڵدا، شاجوانی نوێی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێ، لە سەرەتای مانگی داهاتووشەوە دەرگای ناونووسین بۆ ئەو کچانە دەکرێتەوە کە دەیانەوێ بەشداری کێبڕکێیەکە بکەن.

ئەو بۆنەیە بۆ ئەمساڵیش لەلایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرستی دەکرێ، بەڵام حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ دابین ناکات و کۆمپانیای بابیلۆن سپۆنسەری بۆنەکە دەبێ. بەپێی زانیارییەکان ئەمساڵ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ڕێنماییەکان و چۆنیەتی هەڵبژاردنی شاجواندا دەکرێ. بڕیاریشە لە سەرەتای مانگی داهاتودا کچان ناوی خۆیان تۆمار بکەن. دوایین شاجوانی کوردستان لە شەوی 2016/10/6 هەڵبژێردرا، ژالیا سیروان کە خەڵکی شاری سلێمانییە تاجی شاجوانی لەسەرنرا.

### ئەکتەرانی چوار وڵات ڕۆڵی تێیدا دەبینن و (رووداو) سپۆنسەری میدیایی دەبێت

# تێچووی شانۆگەریی دەرهێنەرێکی کورد 400 هەزار یورۆیە

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەرێکی کورد ئەکتەرانی چوار وڵات لە شانۆگەرییەکی نیشتمانیی ئەڵمانیدا کۆدەکاتەوە کە بودجەکەی 400 هەزار یورۆیە، تۆڕی میدیایی رووداویش سپۆنسەری میدیایی کارەکەیە.

ئیحسان عوسمان، دەرهێنەرێکی کوردە و چەند ساڵێک لەمەوبەر وەکوو هەزاران کوردی دیکە بە ڕێگەی قاچاخ خۆی گەیاندووەتە ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی ئەو خەون و ئارەزووە لەمێژینەیەی بۆ کاری هونەری هەیەتی بیکاتە ڕاستی، ئەو بە زەحمەتی و نەهامەتییەکی زۆر گەیشتە خەونەکانی، هەر بۆیە ئێستا ئەو نەهامەتیانە لە کارەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە.

دوایین کاری ئەو دەرهێنەرە شانۆگەرییەکە بەناوی "لەژێر باراندا چاوەڕێ دەکەین". ئەوەی ئیحسان کردوویەتی، ڕەنگە بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەکرێ، چونکە ئەو لەو شانۆگەرییەدا ئەکتەرانی چوار وڵاتی ناکۆکی کۆکردوونەتەوە، ئیسرائیلی و فەلەستینی لەلایەک و تورک و ئەڵمان لەلایەکی دیکە. ئیحسان عوسمان بە (رووداو)ی گوت "حکومەتی ئەڵمانیا و شانۆی نیشتمانیی ئەڵمانیا 400 هەزار یورۆی بۆ ئەم شانۆگەرییە دابین کردووە کە بڕیارە ڕۆژی 2017/8/8 هەموو ئەکتەران و ستافی ئەم شانۆگەرییە لە ئەستەنبوڵ کۆببنەوە و دەست بە پرۆڤە بکەن.

یەکەم نمایشی شانۆگەرییەکە، ڕۆژی 2017/9/13 لە بەرلین دەبێت، دواتریش لە ئیسرائیل، تورکیا و فەلەستین. بەڵام خەونی ئیحسان ئەوەیە هەمان شانۆگەری لە کوردستانیش نمایش بکات.

## ● پەیامی شانۆگەرییەکە

پەیامی ئەم شانۆگەرییە مژارێکی گەرمی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپایە.

ئیحسان عوسمان دەڵێت: "شانۆگەرییە باس لە کۆچبەران دەکات. دەمانەوێت بە هەموو ئەو وڵاتانەی بەرهەمهێنەری چەکن بڵێین، کاتێک ئێوە چەک بە وڵاتە دیکتاتۆرەکان دەدەن، ئەوە لەبەرامبەر ئەوەدا ئاوارە و کۆچبەر رووتان تێدەکات، واتە ئەگەر چەک بچێنی، ئاوارە و کۆچبەر دەدووریتەوە، بۆیە پێویستە وڵاتە زلهێزەکان بەچاوێکی باشتر لە کۆچبەران بڕوانن".

## ● رووداو تاکە سپۆنسەرە

تۆڕی میدیایی رووداو وەکو تاکە کەناڵی کوردی و جیهانی بووەتە سپۆنسەری میدیایی ئەم شانۆگەرییە و ڕووماڵێکی بەرفراوانی دەکات، ئیحسان عوسمان دەڵێت "تۆڕی میدیایی رووداو ئێستا لەسەر ئاستی جیهانی ناسراوە، ئێمە خۆشحاڵ و شادومانین لەگەڵ ئەم کەناڵە پرۆفیشناڵە کار بکەین، بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگ و ئازارەکان لەڕێگەی شاشەی رووداوەوە بۆ هەموو جیهان بگوازرێتەوە، بێگومان ئەمە دوا ئیشی ئێمە نابێت لەگەڵ رووداو، بەڵکو کاری بەرزتر و جوانتر بەیەکەوە دەکەین".

## ● ڕۆبەرت وێڵسن دێنێتە کوردستان

ئەم دەرهێنەر و شانۆکارە کوردەی دانیشتووی ئەڵمانیا، بڕیارە بەشداری لە کارێکی دەرهێنەری ناوداری ئەمریکی ڕۆبەرت وێڵسن بکات، ئیحسان دەڵێت " جگە لە دەرهێنان هەندێ جاریش وەکو ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەریدا دەکەم، وەکو ئەکتەر بەشداریم لە کارێکی دەرهێنەری ناوداری جیهانی ڕۆبەرت وێڵسندا کردووە کە بەناوی بورجی بابلە و بڕیارە لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو لە فرانکفۆرت نمایش بکرێت".

ڕۆبەرت وێڵسن یەکێکە لە دەرهێنەرە ناودارەکانی جیهان، هەمیشە کارەکانی بەچاوێکی بەرز سەیر دەکرێت و دەنگدانەوەی جیهانی دەبێت، ئیحسان لەبارەی ڕۆبەرت



**ئیحسان عوسمان:**
**لەگەڵ دەرهێنەری بەناوبانگ ڕۆبەرت ویلسن بەنیازی کارێکین لەسەر کورد کە 500 هەزار یورۆی پێویستە**

دەڵێت "ڕۆبەرت باشترین دەرهێنەری جیهانە، هەموو کارەکانی ئەو پێشوازییەکی باشیان لە ئەمریکا و ئەورووپا لێدەکرێ".

ئەوە دوا کاری ئیحسان نابێ لەگەڵ ئەو دەرهێنەرە ئەمریکییە، ئیحسان دەڵێت :"لەگەڵ ئەو دەرهێنەرە لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی کارێکی شانۆیی لەسەر کورد بکەین کە نزیکەی 500 هەزار دۆلاری دەوێت، بۆیە لەوانەیە لەگەڵ شانۆی نەتەوەیی ئەڵمانیا ئەم شانۆگەرییە پێشکەش بکەین".

ڕۆبەرت وێلسن ساڵی 1941 لە ئەمریکا لەدایک بووە، یەکێکە لە شانۆکار و دەرهێنەرە ناودارەکانی ئەمریکا، هاوکات وەکو ڕاهێنەرێکی سەما لەگەڵ چەندین گۆرانیبێژ و ئەکتەری هۆڵیوود کاری کردووە، لەیدی گاگا یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی کە لەسەر دەستی ڕۆبەرت سەما فێر بووە.

## ● ئیحسان ئەندامی شانۆی نیشتمانیی ئەڵمانیایە

ئیحسان عوسمان، خەڵکی شاری دهۆکە و لەساڵی 1991ەوە لە ئەڵمانیا دەژی، بەهۆی ئەو کارانەی لەماوەی ڕابردوودا پێشکەشی شانۆی ئەڵمانیی کردووە، بووەتە هەڵبژێردراوی شانۆی نەتەوەیی ئەڵمانیا، بەتایبەتی دوای ئەو ئۆپێرایەی لەسەر شانۆکانی ئەڵمانیا پێشکەشی کرد کە لە ڕۆمانەکانی سەلمان ڕوشدی وەریگرتوون و چەندین ئەکتەری کوڕ و کچی ئەڵمانی بەشدارییان تێدا کردووە.

ئیحسان هەر بە ئەندامبوون لە شانۆی نیشتیمانی ئەڵمانیا نەوەستا، بەڵکو توانی ببێتە ئەندامی پەیمانگەی شانۆی جیهانی (iTi) کە سەر بە ڕێکخراوی یونسکۆیە. ئیحسان ڕەزامەندی پەیمانگەکەی وەرگرتووە کە شانۆکارانی دیکەی کوردیش ببنە ئەندامی.

ئیحسان عوسمان دەڵێت "هەرچەندە لە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو ڕێکخراوەی یونسکۆدا هاتووە کە تەنیا دەوڵەتی سەربەخۆ دەتوانن ببن بە ئەندام، بەڵام توانیمان بە پشتگیری وڵاتانی ڕۆژئاوا وەک ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، نەمسا، هۆڵەندا و لۆکسەمبۆرگ و چەندین وڵاتی دیکە، هەروەها بە پشتگیریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی ئای تی ئای بەڕێز بیانکونە، سەرەڕای دژایەتیکردنی تورکیا و سووریا و ئێران، بەڵام کوردیان بە ئەندامی کارا وەرگرت".

پەیمانگەی جیهانی بۆ شانۆ " International Theatre Institute ITI" ڕێکخراوێکی جیهانییە بۆ شانۆکاران، سەر بە ڕێکخراوی یونسکۆیە، لە ساڵی 1948 دامەزراوە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 90 وڵات تێیدا ئەندامن، ساڵانە کەسایەتییەکی شانۆکاری دیاری دونیا، پەیامی ساڵ دەنووسێت. ڕێکخراوەکە ساڵانە دەیان فێستیڤاڵی جیهانی سازدەکات.

ئیحسان هەروەها دەڵێت: "بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ئەمساڵ لە ئیسپانیا کۆنفرانسی پەیمانگەی شانۆی جیهانی بەڕێوەبچێ، کورد وەک هەموو ئەندامانی دیکە بانگهێشت کراوە و ئاڵای کوردستان هاوشانی ئاڵای وڵاتانی بەشداربوو دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا شانۆکارانی کورد مافیان هەیە خۆیان بۆ سەرۆکایەتی ئای تی ئای، کە سەر بە ڕێکخراوی یونسکۆیە کاندید بکەن".

# باران یەکەمین گۆرانی بە کوردی بڵاودەکاتەوە



دەست بەکاری بازرگانی دەکەم

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

خەڵکی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە کەنەدا. ئێستاش بەتەنیا لە لۆس ئەنجلس-ی ئەمەریکا دەژی و ماوە ماوە سەردانی خێزانەکەی دەکات.

باران، خاوەنی ناوبانگێکی زۆرە لە ئێران و وڵاتانی دیکەش، هەوادارانی لە کوردستان گلەیی ئەوەی لێدەکەن کە تا ئێستا هیچ گۆرانییەکی بە کوردی تۆمار نەکردووە. ئەو کە بۆ دوو کۆنسێرت سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ڕایگەیاند کە گۆرانییەک بە کوردی تۆمار دەکات.

**رووداو: چەند ڕۆژێکە لە کوردستانی، کۆنسێرتەکانت لە هەولێر و سلێمانی چۆن بەڕێوەچوون؟**

**باران:** کۆنسێرتەکان زۆرباش بوون، بەتایبەتی لە کۆنسێرتەکەی هەولێر سێ ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی، هیچ بلیتێک نەما و هەموویان فرۆشران. جۆش و خرۆشی خەڵک هەستێکی زۆر خۆشی پێدام.

**رووداو: تۆ کوردی، چۆن بوو بە گۆرانیی فارسی دەستتپێکرد؟**

**باران:** لە کەنەدا و لۆس ئەنجلس کۆمپۆزەری کوردم نەدەناسین. سەرەتا ویستم بە گۆرانیی ئینگلیزی دەستپێبکەم و گۆرانی ئینگلیزیشم گوت، بەڵام باوکم نەیهێشت بەردەوام بم، بۆیە دەستم بە گۆرانیی فارسی کرد.

**رووداو: ماوەیەکی باش لە کوردستان بووی، کەواتە دەبێت ئێستا پەیوەندیت دروستکردبێت بۆ ئەوەی گۆرانی کوردی بڵێی؟**

**باران:** بەڵێ، ئێستا پەیوەندیم هەیە، کار بۆ گۆرانییەکی کوردی دەکەم و تا مانگێکی دیکە بڵاویدەکەمەوە.

**رووداو: بیرت لەوە نەکردووەتەوە لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد گۆرانی هاوبەش تۆمار بکەن؟**

**باران:** بەڵێ پرۆژەیەکی وام لەبەردەستە، لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ میکائیل بەرهەمێکی دوێتمان بڵاوکردەوە، ئێستاش پرۆژەیەکی دیکەم هەیە.

**رووداو: یەکەمجارت بوو سەردانی کوردستان بکەیت، چی زۆر سەرنجی ڕاکێشایت؟**

**باران:** هەموو شتێک لای من سەیر بوو، هەموو شتێک سەرنجی ڕاکێشام، پێشتر کە چووینە کەنەدا باوکم هەمیشە باسی غەریبی و غوربەتی بۆ دەکردم، ئەودەم من تێنەدەگەیشتم، بەڵام ئێستا تێدەگەم کە غوربەت و غەریبی مانای چییە. تازە کە هاتم ناتوانم بێ کوردستان بژیم و دەبێت زوو زوو ئەگەر بۆ کاریش نەبێت، بێمەوە ئێرە.

**رووداو: جگە لە کاری هونەری بیر لە کاری دیکە ناکەیتەوە؟**

> باوکم ڕێگەی نەدام بە ئینگلیزی گۆرانی بڵێم

> بەتەنیا دەژیم و هەر بەتەنیا دەمێنمەوە

**باران:** بەڵێ، بۆ نا، من خۆم بازرگانیم خوێندووە، بۆیە دەمەوێت ببمە بازرگان و لە ماوەیەکی نزیکدا براندێکی تایبەتی مکیاژ دەخەمە بازاڕەوە، ئێستا چەند کارێکی ماون دەبێت ئەنجامبدرێن.

**رووداو: شارەزاییت تا ئەو ڕادەیە لە مکیاژ هەیە کە براندی تایبەت بە مکیاژ بکەیتەوە؟**

**باران:** بەڵێ شارەزایی تەواوم هەیەو بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەو کارە دەکەم.

**رووداو: ساڵی ڕابردوو دوو ناسناوت بردەوە، ناسناوی جوانترین خانمە هونەرمەندی ئێران و باشترین خانمە هونەرمەندی ئێران، کام ناسناو بۆ تۆ گرنگتر بوو؟**

**باران:** هەردوو ناسناو بۆ من دەستکەوتی گەورە بوون، چونکە ڕێوڕەسمی ئینتەرناشناڵ و جیهانی بوون، بەڵام بۆ من باشترین گۆرانیبێژەکە هەستێکی خۆشتر بوو.

**رووداو: لە کاتی وەرگرتنی ئەم ناسناوە لە Apple Music Awards چەندین هونەرمەندی جیهانیت ناسین، پەیوەندیت لەگەڵیان ماوە؟**


**باران:** بەڵێ، پەیوەندیم لەگەڵیان ماوە، بەتایبەت خانمە هونەرمەندی خەلیجی ئەحلام، ئەو بۆچوونی زۆر لەسەر من باش بوو، زۆر سەرسامی کارەکانم بوو، ئەمە بۆ من جێگەی دڵخۆشی و شانازییە.

**رووداو: خەڵکێکی زۆر تۆ دەناسن، بەڵام زانیارییان لەسەر تۆ کەمە، تۆ لە کوێ دەژیت؟ ژیانت چۆن بەسەر دەبەیت؟**

**باران:** من لە لۆس ئەنجلس دەژیم، بەڵام بنەماڵەکەم لە کەنەدان، زۆرینەی کارەکانم لە ئەمەریکان، ماوە ماوەش دەچمەوە سەردانی دایک و باوکم، بەتەنیا دەژیم و هەر بەتەنیاش دەمێنمەوە. خوێندنم تەواو کردووە و ئێستاش زۆربەی کات خەریکی پرۆڤە و کاری هونەریم.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 465 ) - دووشەممە 2017/7/17





## ستینگ پارەی خەڵاتەکەی بەخشییە پەنابەران

**ڕووداو- سوێد**

هونەرمەندی بەڕەچەڵەک بەریتانی، ستینگ کە ئاوازدانەر و گیتاریستێکی بەناوبانگە، خەڵاتی پۆلاری (Polarpris) ئەمساڵی پێبەخشرا. ئەم خەڵاتە گەورەترین خەڵاتی مۆسیقایە لە جیهاندا و بڕەکەی یەک ملیۆن کرۆنە ستینگ بڕیاریداوە ئەو پارەیە ببەخشێتە پڕۆژەی سۆنگ لاینس کە لەڕێگەی موزیکەوە لەگەڵ منداڵانی تازەهاتوو کار دەکەن. سەرکەوت کارلسۆن شەش ساڵ لەوەپێش، لە تەمەنی 15 ساڵی و بە تەنیا هاتە سوێد. ئێستا سەرکەوت یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی پڕۆژەی سۆنگ لاینس و خۆشحاڵە بە وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیە، چونکە دەرفەتی یارمەتیکردن بەرفراوان دەبێ.

## سەربازیی ئیلزامی دەگەڕێتەوە

# سەدان گەنجی کورد دەبنە سەربازی سوێدی

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

کاژێر دووی شەوە و دنیا هێشتا ڕووناکە، بەڵام شار خامۆشە و زۆربەی خەڵک خەوتوون. لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوە کە تەنیا لە کاتی شەڕ، یان ڕووداوی سروشتیی زۆر گەورە لێدەدات، ترسێکی زۆری خستە نێو دانیشتووانی شاری ستۆکهۆڵم.

بەپێی ڕێساکان، لەکاتی لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوە دەبێت خەڵک هەموو بچنە ماڵەکانیان و دەرگا و پەنجەرە دابخەن و گوێ لە ڕادیۆی تایبەت بگرن، بۆ ئەوەی بزانن چی بکەن، ئایا بچنە ژێرزەمینەکان، یان چۆن و بە چ شێوەیەک خۆیان بپارێزن.

سوێدییەکان خەیاڵیان بۆ ڕووداوی سروشتی، یان هێرشی فڕۆکە ڕووسییەکان چوو، بەڵام کوردی ئەو شارە، وەک سوێدییەکان نەترسان. کوردێکی دانیشتووی ستۆکهۆڵم بە (ڕووداو)ی گوت "هاوشێوەی دەنگی ئینزاری هاتنی فڕۆکەکانی ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو، عەیامێک بوو گوێم لەو دەنگە نەببوو".

لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوە بەو شەوە و بە بەردەوامی، گوایە هەڵەیەکی تەکنیکی و پرۆگرامینگ بووە. بەڵام بەشێکی زۆر لە سوێدییەکان وەک بەشێک لە خۆئامادەکردنی دەزانن بۆ ئەگەری جەنگێک لەگەڵ ڕووسیا. بەڕای ئەوان پەیامێک بووە بۆ خەڵک.

لێدانی ئەم زەنگە و پەیامی جیاجیا و چەند ئۆپەراسیۆنێک، بەلای کەسێکی سوێدیی وەکو ستیف جۆنسنەوە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێن، ئامادە بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. جۆنسن دەڵێت "زۆرجار باس لە هاتنی ژێردەریایی ڕووس و دزەی فڕۆکەی جەنگی و دواپینجار فڕۆکەی جەنگیی ڕووسی کرا". ئەو دەپرسێ "ئایا بەڕاست ئاسایشی سوێد لە مەترسیدایە؟".

یەکێک لەو نیشانانەی کە سوێد خۆی بۆ ئەگەری هەر جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ڕووسیا ئامادە دەکات، گەڕانەوەی خزمەتی سەربازیی ئیلزامییە، ئیدی لەمەودا هەموو سوێدییەک بە نێر و مێ دەبێ دوو ساڵ سەربازی بکات. گەڕانەوەی خزمەتی سەربازیی بەزۆر یان ئیلزامی، لە نێو ئەو یاسایانە بوو کە ڕۆژی یەکی ئەم مانگە چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.



13 هەزار کچ و کوڕی سوێدی ناویان بۆ سەربازیی ئیلزامی هاتووەتەوە

هەمزە ڕەشید کە کوردێکی دێرینی سوێدە، بە پێکەنینەوە دەڵێت "ئەو یاسایە فیراری و جاشێتیی فەوجە خەفیفەکانم بیردێنێتەوە کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو باو بوو".

لای سوێدییەکان گەڕانەوەی خزمەتی سەربازیی ئیلزامی پەیوەندی بە هەڕەشەی ڕووسیا و شەڕی ساردی نێوان ئەو دوو وڵاتەوە هەیە و پێی نیگەرانن.

نەدیم حەسۆ، کوردێکی دانیشتووی سوێدە، یەکێکە لەو کوردانەی زیاتر لە دوو ساڵ لە بەرەکانی جەنگ لە مووسڵ دژ بە داعش جەنگا. ئێستاش ئامادەیە هەمان جەنگ بۆ پاراستنی سوێد بکات. ئەو دەڵێت: "سوێدییەکان بۆ کوردستان دێن دژ بە داعش دەجەنگن، ئێمەش لێرە بۆ پاراستنی سوێد گیانمان دەبەخشین".

نەدیم کوڕ و کچەکانی هان دەدات کە گەورەبوون سەربازیی بکەن بۆ سوێد: "بەهەموو شێوەیەک هانی کوڕ و دوو کچەکەم دەدەم بەوپەڕی خۆشەویستییەوە ئەو خزمەتە بکەن". حەسۆ گوتیشی: "من پیربووم و یاساکە من ناگرێتەوە و سەربازیی شمولم ناکات، بەڵام ئامادەم بە هەر ڕێگەیەکی دیکە بێت وڵاتەکە بپارێزم".

ئارا ئیسماعیل ئەوەندە نییە خوێندنی تەواو کردووە و بەدوای کاردا دەگەڕێت. دەبێت لە داهاتوویەکی نزیکدا خزمەتی سەربازیی بکات کە ماوەکەی دوو ساڵە.

ئارا ئیسماعیل کە لە سوێد گەورە بووە و ژیانی کوردستانی بیر نەماوە، خۆشحاڵە بەوەی خزمەتی سەربازیی بکات. "بیرم لەوە نەکردبووەوە کە لە بواری سەربازی کار بکەم، بەڵام کاتێک سوێد پێویستی پێیەتی، ئامادەم بەرگریی لێ بکەم".

ئارا دانیشتووی گەڕەکی شیستای شاری ستۆکهۆڵمە و یەکێکە لەو 13،000 کوڕ و کچەی کە ناویان هاتووەتەوە بۆ سەربازی و دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا جلی سەربازیی بپۆشن. ئارا دەڵێت "چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم کە بانگم دەکەن بۆ سەربازی".

## گەنجێکی کورد: ئامادەم سەربازیی بکەم و خۆشحاڵم بە یاساکە

لاڤە نەوزاد، ساڵی 2000 لە ستۆکهۆڵم لەدایکبووە، ئێستا تەمەنی 17 ساڵە و دەبێتە یەکێک لەوانەی بانگ دەکرێت.

لاڤە کە لە باوکێکی باشووری و دایکێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، دەڵێت: "هاوڕێ سوێدییەکانم پێشبینییان دەکرد بەخۆشحاڵییەوە قبوڵی ئەو یاسایە بکەم. ئەوان کە دەیانزانی باوکم پێشمەرگە بووە، هەمیشە باسی شەڕی داعشیان لەگەڵ دەکردم".

بە گوتەی هاووڵاتییەکی سوێدی، ئەوانەی ڕەچەڵەکیان کوردە، زیاتر ئەو بابەتەیان لا گرنگە.

یۆهان ئیندیرشمان بە (ڕووداو)ی گوت: "ژمارەیەکی کەم نەبێت کە لە بوارە سەربازی و ئەمنییەکان کاریان کردووە، یان خۆبەخشانە سەربازییان کردووە، گەنجی سوێد بە گرنگییەوە لەو بابەتانە ناڕوانن. تەنانەت لە بابەتە هەستیارەکانی وەک ناتۆ و ئەگەری هێرشی ڕووسیا، گەنجەکان بە پێکەنینەوە باسی دەکەن".

بەڵام بیانییەکان بە شێوەیەکی دیکە بیردەکەنەوە و ئەم جیاوازییەش لە نێو گەنجەکانیان و تەنانەت ئەوانەی لە سوێد لەدایکبوون جیاوازە "ئەوان زۆر بایەخ بە بابەتی ئاسایش و ئارامی و ئەگەری شەڕ دەدەن".

### 900 گەنجی کورد دەبنە سەرباز

ئامارێکی فەرمی نییە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوێکی کوردی کە لە سوێد لەسەر شیاندنی پەنابەر و گەنجی کورد کار دەکات، ڕێژەی گەنج لە نێو نزیکەی 120 هەزار کوردی دانیشتوی سوێد خۆی لە 15% دەدات. هاژە ڕەحیمی کە چالاکڤانێکی کوردە و لە ڕێکخراوی (KYEO) کاردەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "گەنجانی کوردی لەدایکبووی 2000-1999 ی سوێد کە ئەو خزمەتە سەربازییە ئیلزامییە دەیانگرێتەوە نزیکەی 900 کەس دەبن".

## 17یان کوردی ئێزدین

# گرووپێکی کورد- سوێدی 25 ژنی قوربانی دەبەنە سوێد

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

گرووپێکی کوردی — سوێدی کار لەسەر دۆسیەی ژمارەیەک ئافرەتی کوردی ئێزدی دەکەن کە ژیانیان پارێزراو نییە، بە تایبەتی ئەوانەی منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەیە، یان دووگیان بوون لەو چەکدارانە. گرووپەکە دەیەوێ ژیانێکی ئارام بۆ ئەو ئافرەتانە لە سوێد دابین بکات.

ئەگەرچی چالاکڤانانی سوێد ڕازی نین لە ڕەوشی کۆچبەران لە وڵاتەکەیان، بەڵام سوێد تا ئێستا پێشەنگی وڵاتانی جیهانە لەڕووی باشکردنی گوزەرانی پەنابەران. بەگوێرەی ئامارێکی دامەزراوەی (US News، World Report) کە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی بڵاوی کردووەتەوە، لەو بوارەدا کەنەدا و سویسرا و ئەڵمانیا لەدوای سوێدەوە دێن.

گرووپەکە هەوڵ بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئارام بۆ ژمارەیەک ئافرەتی ڕزگاربووی دەستی داعش دەدەن کە 17 یان کوردی ئێزدین.

هانا، 28 ساڵ، کە خەڵکی دهۆکە، ئێستا خاوەنی پڕۆژەیەکی گەورەیە و بە پاڵپشتیی سوێدییەکان لە خەونەکەی بۆ ڕزگارکردنی 25 ژن نزیک بووەتەوە. ئەم بیرۆکەیەش دوای سەردانی هانا ڕەعد هات بۆ کەمپەکانی عەربەت و کەورگۆسک. هانا دەڵێت: "بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک کە دەڵێت سوێد یەکەمی جیهانە لە گرنگیدان بە دۆسیەی پەنابەران، منی هاندا بۆ ئەوەی کار لەسەر کەیسی چەند ئافرەتێک بکەم، ئێستا لە بەدیهێنانی ئامانجەکە نزیک بوومەتەوە".

هانا بەڵێنی لە چەند ڕێکخراوێکی گەورە و خودی وەزیری کۆچ وەرگرتووە بۆ ئەوەی 25 ژنی ڕزگاربووی دەستی داعش و چەند منداڵێکی بێسەرپەرشت بباتە سوێد.

هانا لەگەڵ ڕێکخراوی (KYEO) و (Humansterna) و (ZBHF) چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووە و لە کاتی گەڕانیان بە نێو کەمپەکانی کوردستان، ئاشنای چیرۆکی چەند ژنێک بووە کە لە چەکدارانی داعش دووگیان بوون و چەند دانەیەک لەوان منداڵیشیان هەیە. بە گوتەی ئەو "ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان ئارام نییە و بەشێکیان حاشایان لێکراوە. تەنانەت بەشێکیان هەوڵی خۆکوشتنیان داوە".

ستیفان کارلسۆن دەروونناسێکی خۆبەخشە و لەگەڵ ئەم گرووپە کار دەکات، دەڵێت: "هەوڵی خۆکوشتن دیاردەیەکی باوە لەنێو ئەو ژنانەی لەکاتی جەنگدا بەرەوڕووی دەستدرێژی دەبنەوە".

ئەو زۆر دڵنیا نەبوو لەو ئامارەی بەدەستی گەیشتووە کە گوایە زیاتر لە 10 حاڵەتی خۆکوشتن هەبووە، بەڵام دەڵێ: "ئەگەر هەوڵەکانی ئێمە نەبووایە، تێیاندابوو لە خۆکوشتن نزیک بووبووەوە".

کارلسۆن تا ئێستا سێ جار سەردانی کوردستانی کردووە. چەند کەیسێکی لەو شێوەیەی لەبەردەستە کە هانا باسیان دەکات و دەیەوێ بیانخاتە بەردەستی کاربەدەستانی دەوڵەت. کارلسۆن دەڵێت: "لەوە نزیک بووینەتەوە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی سوێد لە عێراق و چەند وڵاتێکی دیکە، ئەوان بهێنینە سوێد، هاوشێوەی حکومەتی ئەڵمانیا کە چەند کەیسێکی وەرگرتووە و چارەسەریان دەکات، ئێمەش لێرە چارەسەری دەروونییان دەکەین".



بەپێی ڕاپۆرتێک، سوێد لە پلەی یەکەمی ئەو وڵاتانەیە کە گرنگی بە دۆسیەی کۆچبەران دەدات (فۆتۆ: ڕووداو)

بریگتا لوکاس یەکێکە لە خۆبەخشەکان و پێشتر لە ڕێکخراوی ئافرەت لەپێناوی ئافرەت (Kvinna till Kvinna) کاری کردووە کە ڕێکخراوێکە بە هەوڵی چەند ژنێک لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ قوربانیانی جەنگی باڵکان دامەزرێنراوە. بریگتا دەڵێت "کەیسی ژنانی کوردی ئێزدی هیچیان لەوانەی بۆسنیا کەمتر نییە، بەڵام بەداخەوە میدیا بە جیددی باسی ئەو بابەتەی نەکردووە".

بریگتا دەڵێت "بەشێک لەو ژنانە منداڵیان لە چەکدارانی داعش هەیە، هەندێکیان ئامادەنین ئەو منداڵانە لەخۆبگرن، بەڵام ئەو منداڵانە قوربانین و دەبێت گیانیان پارێزراو بێ، بوار نەدرێ تووشی ڕەوشێکی دەروونیی خراپ ببن".

بۆیە بەشێک لە کارەکانی ڕێکخراوی ئافرەت لە پێناو ئافرەت بۆ ئەو منداڵانە دەبێ، چونکە وەک بریگتا دەڵێت "بە دەیان قوربانی لەو شێوەیە هەن و گیانیان لە مەترسیدایە".

بەپێی زانیارییەکان، تەنیا لە ناوچەکانی سنووری دهۆک و نزیک شنگال و مووسڵ، 568 منداڵی بێسەرپەرشت لە نێو ئاوارەکان تۆمارکراون کە 8%یان تەمەنیان یەک ساڵ بووە، 7%یان تەمەنیان دوو ساڵ بووە، 19%یشیان سێ ساڵان بوونە. بریگتا بە دووری نازانێت، زۆرینەی ئەوانەی منداڵن، بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لە یەک ساڵ کەمترە، لەو قوربانیانە بن.

ئەو گومانی ئەوەشی هەبوو لە نێو منداڵە بێسەرپەرشتەکان بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان چوار تاوەکو شەش ساڵانە، منداڵی ئەو چەکدارە داعشانە هەبن کە لە شەڕدا کوژراون. بریگتا دەڵێت: "ئەوانەش قوربانین و دەبێت بەرنامەی تایبەتیان بۆ هەبێت". ئەو ڕەخنەی لە ئاژانس و ڕێکخراوە مرۆییەکانیش گرت کە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئەوانە نییە.

ئەو وێنەی سێ منداڵی لابوو کە لە کاتی ئازادکردنی ناوچەکانی مووسڵ دەستیکەوتووە، ئەو سێ منداڵە لەبرسان مردبوون. بریگتا دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانم ئەو سێ منداڵە لەلایەن دایک و باوک و کەسوکاریانەوە فڕێدرابوون". بەدووریشی نازانێ لەو ژنانە بن کە لەلایەن داعشەوە دەستدرێژیان کراوەتە سەر. بریگتا گوتی: "ئەوە تراژیدیترین دیمەنە لە ژیانمدا بینیومە".

# پۆلیسی عەنکاوە باندێکی گەورەی لەشفرۆشی دەستگیر دەکات

## سەرۆکی باندەکە: زۆربەی ئەو ژنانەی لامانن، ئەوانەن کە هاوژینەکانیان خیانەتیان لێکردوون

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

باندێکی لەشفرۆشیی 11 کەسی لە عەنکاوە لەلایەن پۆلیسی شارۆچکەکەوە دەستگیرکران، پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، دۆسیەکەیان ڕەوانەی دادگا کرا، لە دادگاش بڕیار دراوە پشکنینی پزیشکییان بۆ بکرێ.

### چەندین کچی کردووەتە لەشفرۆش

ئیبتسام، سەردەستەی ئەو باندەیە کە پۆلیس دەستگیری کردوون. بە دەیان کچ و ژن لەژێر دەستی ئیبتیسامدا بوونەتە لەشفرۆش. ئەو کە تەمەنی 50 ساڵە، بە گوتەی خۆی بەهۆی خیانەتی هاوژینی بڕیاری داوە ئەو کارە بکات.

ئیبتیسام لە بنەڕەتدا خەڵکی بەغدایە، دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی بووەتە لەشفرۆش، بەڵام بەهۆی هەڵکشانی تەمەنی خۆی، سەرۆکی باندەکەی کاری پەیداکردنی کچی هەرزەکاری پێ سپاردووە بۆ کافتریا و هۆتێل و ماڵان.

ئیبتسام لە هەولێر نیشتەجێیە. کاری پەیداکردنی ژنانە، هەرچەندە نکوڵی لەوە دەکات کە لە چەند جارێک زیاتر ئەو کارەی کردبێت، بەڵام ماوەی شەش مانگ ئەوە پیشەی بووە. ئیبتیسام بە (ڕووداو)ی گوت: "سێ کوڕم هەیە، گەورەکەیان تەمەنی 16 ساڵە، لە خانووی کرێدام، ڕۆژانە کچ دەبەم بۆ ئەو هۆتێلانەی موشتەری داوای دەکات".

### لەشفرۆشی بە کچانی هەژار و هەڵاتوو

لەبارەی ئەو کچانەی لەشفرۆشییان پێوە دەکات، ئیبتیسام دەڵێت "زۆرترینی ئەو ژنانەی لامانن، ئەوانەن کە هاوژینەکانیان خیانەتیان لێکردوون. کچەکانیش یان لەبەر هەژاری یان بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەریان هەڵهاتوون، ئێمە داڵدەیان دەدەین و کاریان پێدەکەین".


کچەکان بە ناوی کارکردن لە کافتریاکان دەهێرنرێنە هەولێر پاشان ناچار بە لەشفرۆشی دەکرێن

یەکێک لەو کچانەی لەژێر دەستی ئیبتسام کاری کردووە، تەمەنی 16 ساڵانە. ئەو بە گریانەوە چیرۆکی خۆی بۆ (ڕووداو) باسکرد: "من بەهۆی هەژاری هاتم بۆ هەولێر. باوکم کەمئەندامە، هەشت خوشک و براین. دایکم بەزۆر لە خوێندنی دەرکردم، پێیگوتم بەتەنیا فریای کارکردن ناکەوم، ئەو لە بازاڕ کلینێکس و بنێشتی دەفرۆشت".

ئەو کچە باسی هاتنی بۆ هەولێر کرد و گوتی "ژنێک لە بازاڕ لەگەڵ دایکم کاری دەکرد، پێیگوتبوو کچەکەم لە کافتریایەکی هەولێر کاردەکات، شەوانە تەنیا سەما دەکەن و هیچی تر، مانگانە 600 دۆلارمان بۆ دەنێرێتەوە، ژیانمان بە تەواوی خۆش بووە".

کاتێک دایکی ئەو کچە گوێی لەو قسانە دەبێت، بە هاوڕێکەی دەڵێت کچەکەم دەنگی زۆر خۆشە و دەتوانێت گۆرانی بڵێت، بۆ کچەکەی منیش پێی بڵێن با کارێکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەو کچە گوتی: "من حەزم لێنەبوو، دایکم بەزۆر ناردمی و گوتی سەماکردنێک بە 600 دۆلارە، دەبێت بۆ گۆرانیبێژ زیاتر بێت".

ئەو کچە درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت: "من بەناچاری هاتم، کچی ئەو ئافرەتە بە تەلەفۆن ناونیشانی ئەو کافتریایەی پێدام، منیش بە تەکسییەک چووم بۆ کافتریاکە، لەگەڵ گەیشتنم، بینیم کچەکە قژ زەردێکی چاوشین بوو، زۆر جوان بوو. بردمی بۆ دەرگای پشتەوەی کافتریاکە، لەوێ خانوویەک هەبوو، چەند کچێک خەریکی ماکیاژکردن بوون، ماکیاژەکە و قژە زەردەکەی لە سەری کردەوە و چاوەکانی لابرد، کچێکی ئەسمەر و قژکورتی چاو قاوەیی دەرچوو. پێیگوتم نانی ئێمە لەم ماکیاژ و چاو و قژەدایە، قسەکەیم پێ سەیر بوو. گوتم بۆ جوانی مەرجی ئیشکردنە لەلای ئێوە، گوتی بەڵێ، تۆ یەکەم ڕۆژی کارکردنتە، بۆیە پارەیەکی زۆر باشت دەدرێتێ".

### 1500 دۆلار بۆ یەک شەو

کچە شانزە ساڵانەکە دەڵێت "ئەو کچە ڕاستی گوت، لەبەرئەوەی من کچ بووم، بۆ یەکەم شەوم 500 دۆلارم وەرگرت، جگە لە هەزار دۆلار کە بۆ ئیبتیسام و خاوەن کافتریاکە بوو، تا مردن ئەو شەوەم لەبیر ناچێت و هەمیشە ئیش بۆ ئەوە دەکەم ئەو شەوەم بیربچێتەوە"

لەبارەی ئەو شەوەوە، کچە تەمەن 16 ساڵییەکە دەڵێت: "بە ئۆتۆمبێلی تایبەت نێردرام بۆ هۆتێلێکی بەناوبانگ، ژنێک منی بردە ژوورەوە، وەک بووک ڕازێندرابوومەوە. قژم درێژ بوو تەنیا بۆیەیەکی ڕەشیان بۆ لێدام و چاوێکی ڕەساسیان بۆ دانام. ژنەکە منی بۆ ژوورێک برد، لەوێ پیاوێک چاوەڕێ بوو. ژنەکە داوای هەزار دۆلاری کرد و پێیگوتن تایبەتە. من هیچ تێنەدەگەشتم، ژنەکە تەنیا ئەوەندەی پێگوتم کە دەوڵەمەندم دەکات و ڕۆیشت. دواتر منیان بردە ژوورێکی هۆتێلەکە، جلێکی سووری نووستن لەسەر سیسەمەکە دانرابوو، کچێک هات پێیگوتم جلەکە بپۆشە ئێستا میوانت دێت، ترسام و زۆر گریام، چونکە تێگەیشتم کارەکە چییە، بەڵام کچەکە پێیگوتم تەنیا ئەمشەوت زەحمەتە، دواتر خۆت داوا دەکەی بێیت بۆ ئەم شوێنە، بۆیە ئاقڵ بە و پارەی باش داوا بکە".


دوای ماوەیەک پیاوێک خۆی دەکات بە ژوورەکەدا، کچەکە وەسفی ئەو پیاوە دەکات و دەڵێت "بە جلوبەرگەکانیدا دیار بوو دەوڵەمەند بوو، دەمانچەی پێبوو، تەمەنی لە 40 ساڵ زیاتر دەبوو، پێیگوتم شەرم مەکە، سەت کچی وەک تۆ ئاوات بە من دەخوازن تا لەگەڵیان بخەوم، بەڵام من لێی دەترسام".

ئەو کچە پێش ئەوەی دەستگیربکرێ، لەگەڵ چەند کچێکی دیکە لە هوتێلێکی هەولێر دەمایەوە. ئەو دەڵێت "بە ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەن هۆتێلەکە، دەبووایە شەوانە لەگەڵ دوو پیاو یان زیاتر بخەوین بە 200 دۆلار، نیوەی پارەکەش بۆ خاوەن هوتێلەکە بوو".

ئەو کچە کە دوو ساڵە بووەتە لەشفرۆش دەڵێت، تازە فێربووم و ناتوانم بەبێ پارە بژیم، هەرچەندە چەند جارێکیش ویستوومە بگەڕێمەوە بۆ بەغدا و لەوێ کار بکەم، بەڵام دایکم ناهێڵێ، تەنانەت جارێک گەڕامەوە بەزۆر ناردمیەوە، ئەو دەزانێت لەشفرۆشی دەکەم، دەڵێت با یەکێکمان ببینە قوربانی نەک هەمووومان".

> ### سێکس بەرامبەر خەوتن
>
> لەبارەی دەستگیرکردنی ئەم باندە، موقەدەم فەخرەدین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە بە (ڕووداو)ی گوت "لەئەنجامی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی تیمەکانمان باندێکی بازرگانیکردن بە ژنانمان دەستگیر کرد کە لە 11 کەس پێکهاتبوون. زانیمان کە بەناوی کارکردن لە کافتریا و هۆتێلەکان خەریکی کاری لەشفرۆشین و خاوەنی ئەو هۆتێلەشمان دەستگیرکرد کە بازرگانیی بە چەند کچێکەوە دەکرد، ئەوان لەشفرۆشییان بە کچەکانەوە دەکرد، تەنیا لەپێناوی پێدانی جێگەی مانەوەیان لە هۆتێلەکە".

# زەینەب بۆ لەشفرۆشی لە بەغداوە هێنرایە هەولێر


خەونی زەینەب ئەوە بوو ببێتە ئەندازیار، نەک لەشفرۆش

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو — هەولێر**

خەونی زەینەب ئەوە بوو کۆلێژ تەواو بکات و ببێتە ئەندازیار، بەڵام تەقینەوەیەک کە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لەنێوبرد، هەموو خەونەکانی زەینەبی وەکوو ئەندامانی خێزانەکەی خستە ژێر گڵ، زەینەب دوور لە ویستی خۆی، لەجیاتی ئەوەی ببێتە ئەندازیار، بووە لەشفرۆش.

زەینەب تەمەنی 23 ساڵە و خەڵکی بەغدایە، وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، دوو ساڵ لەمەوبەر سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی بەر تەقینەوەیەک کەوتوون. ئەوکات ئەم قوتابی بەشی تەلارسازیی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا بووە، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە ناچار بووە و شوو بکات و دواتر هاوژینەکەی نەیهێشتووە بگەڕێتەوە زانکۆ.

زەینەب باسی چیرۆکە تراژیدییەکەی کوژرانی خێزان و کەسوکارەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "لە خێزانێکی بەڕەوشت و سەربەرز پەروەردە بووم، 8 خوشک و برام هەبوو، هەموویان خاوەنی بڕوانامە بوون، منیش قوتابی قۆناغی یەکەمی بەشی تەلارسازی کۆلێژی ئەندازیاری بووم، ڕۆژێک لە زانکۆ هاتمەوە، بینیم لەبەردەم ماڵی ئێمە تەقینەوە بووە و هەموو کەسوکارەکەم کوژراون، بە تەنیا من لەو خێزانە مامەوە".

### بە یەک ئەڵقە هاوسەرگیرم کرد

هیچ کەس لە خزمەکانی، ئامادە نەبوون باوەش بۆ زەینەب بکەنەوە، بۆیە بەناچاری شوو دەکات. زەینەب دەڵێت: "بەناچاری لەگەڵ کوڕێکی تەمەن 30 ساڵان هاوسەرگیریم کرد، تەنیا بە یەک ئەڵقە ڕازی بووم. سەرەتا هاوژینەکەم لەگەڵم باش بوو، بەڵام کاتی دەستپێکردنەوەی دەوام، نەیهێشت درێژە بە خوێندنەکەم بدەم، زۆر دڵگران بووم، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لە ڕازیبوون".

زەینەب ژیانێکی ئاسایی لەگەڵ هاوژینەکەی بەڕێدەکرد، تا ئەو ڕۆژەی مێردەکەی ژنێکی دیکەی بەسەردێنێ.

ئەو کاتێک بەوە دەزانێ، جلوبەرگەکانی دەخاتە نێو جانتایەک و بەبێ ئەوەی پلانێکی هەبێ، ماڵەکە جێدەهێڵێ. زەینەب دەڵێت: "نەمدەزانی چی دەکەم و بۆ کوێ دەچم، کەس نەبوو ڕووی تێبکەم، لەسەر شەقامەکان بووم، تا دونیا تاریک داهات، کوڕێکی سمێڵ ڕەش کە دواتر بە خالید خۆی پێ ناساندم، بەرەوڕووم هات و گوتی خوشکم چ کێشەیەکت هەیە؟".

خالید یەکەمین کەس بووە لەو ڕۆژەدا لە حاڵی زەینەب بپرسێ، ئەویش باسی ژیانی خۆی بۆ دەکات و دەڵێت هاوژینەکەی ناچاری کردووە واز لە خوێندن بێنێ، جگە لەوەش هێشتا بووکی یەک ساڵییە، ژنێکی دیکەی بەسەر هێناوە. خالید دڵنەوایی دەداتەوە و دەڵێت خەمت نەبێ، کارێکی باشت بۆ دەدۆزمەوە.

زەینەب وەکوو فریادڕەسێک لە خالید دەڕوانێ، بە تایبەتی کاتێک پێیدەڵێت کارێکت بۆ دەدۆزمەوە مانگانە بەلانیکەم 1000 دۆلارت دەستبکەوێ.

### دێتە هەولێر

زەینەب دەڵێت: "خالید ئەو شەوە منی بردە ماڵێک، تەنیا پیرەژنێکی لێبوو. کاژێر شەشی بەیانی بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین، دواتر لە کافتریایەکی شاری هەولێر لە شارۆچکەی عەنکاوە منی دانا و ڕۆیشت. دوای دوو کاژێر بە کۆمەڵێک جلوبەرگی نیمچەڕووتەوە هاتەوە و پێیگوتم لەچکەکەت دانێ و ئەم جلوبەرگانە لەبەربکە. لەمەودوا ڕۆژانە تۆ لەم کافتریایە کاردەکەی، جێگای خەوتن و خواردنیشت بەبێ بەرامبەرە".

زەینەب زۆر دڵخۆش بوو بە کارکردن لە کافتریاکە، بەڵام دڵخۆشییەکەی تەنیا سێ ڕۆژی خایاند، زەینەب دەڵێت "زۆر دڵخۆش بووم. سێ ڕۆژ تەنیا کارم جێبەجێکردنی داواکاری مشتەرییەکان بوو بۆ پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە و هیچ کێشەم نەبوو، بەڵام ڕۆژی چوارەم ژیانم گۆڕا، خالید گەڕایەوە بەغدا و منی بەجێهێشت، من نەمزانی کاری خالید هێنانی ئافرەتە بۆ کافتریا و هۆتێلەکان".

زەینەب دەڵێت دوای ڕۆیشتنی خالید، خاوەنی کافتریاکە پێیگوتووە ئەگەر بتەوێت لێرە بمێنیتەوە، نابێت وا ڕووگرژ و داخراو بیت، بەڵکو دەبێت بە مشتەرییەکان بڵێی ئامادەم بۆ دڵخۆشی و ئاسوودەییتان خزمەتتان بکەم.

زەینەب تێنەگەیشتووە مەبەستی خاوەن کافتریاکە چی بووە، بۆیە بە قسەی خاوەن کافتریاکە دەکات. دەڵێت "خاوەن کافتریاکە منی نارد بۆ لای موشتەرییەک تەمەنی لە 50 ساڵ زیاتر دەبوو، پێمگوت لەخزمەتتداین بۆ ئاسوودەکردنت. ئەویش پێیگوتم برۆ لە دەرەوە چاوەڕێم بکە. من تێنەگەیشتم، بۆیە بە خاوەن کارەکەم گوت؟ ئەویش گوتی مەترسە لەگەڵی برۆ، تەنیا گۆرانی بۆ بڵێ، ئەمشەو پارەت بەسەردا دەبارێنێ".

### دەبێتە لەشفرۆش

زەینەب لەسەر قسەی خاوەن کافتریاکە لەگەڵ پیاوەکە دەڕوات "پیاوەکە بردمی بۆ هۆتێلێک بەناوی (خ)، ئەو شەوە یەکەم شەوی کاری لەشفرۆشی من بوو، ماوەی چوار ڕۆژ لەو هۆتێلە مامەوە، بەبێ ئەوەی بێمە دەرەوە".

زەینەب دەڵێت ئەو پیاوە جگە لەوەی سێکسی لەگەڵ کردووە، ئەشکەنجەشی داوە. پیاوەکە دوای چوار ڕۆژ زەینەب دەباتەوە کافتریاکە، زەینەب گوتی "پیاوەکە 800 دۆلاری دا بە خاوەن کافتریاکە، ئەویش 400 دۆلاری پێدام و گوتی ئەوەی تۆ بە چوار ڕۆژ وەرتگرت، مووچەی مانگێکی فەرمانبەرێکی حکومەتە، ئەمە باشترین کارە و خۆت ڕابێنە لەسەری".

لەوکاتەوە تاوەکوو ئێستا بەردەوامە لەسەر کاری لەشفرۆشی، زەینەب کە هەفتەی ڕابردوو لە شوێنی کارەکەی لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسەوە دەستگیر کرا، دەڵێت "تاوەکو ئەمڕۆ کە دەستگیرکراوم، بەردەوام هەر شەوەی لەلای پیاوێکم، زۆربەی ئەو پیاوانەی کە لەگەڵم دەخەوتن ژن و منداڵیان هەبوو".

> ### بازرگانییەکی شاراوە
>
> ماوەیەکە بەشێک لە کافتریان کارمەندی کچ بۆ بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی موشتەرییەکانیان دادەنێن، بەڵام پۆلیس دەڵێت هەندێک خاوەن کافتریا بازرگانی بەو کچانەوە دەکەن. موقەدەم فەخرەدین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارۆچکەی عەنکاوە بە (ڕووداو)ی گوت :"ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی بیانی لە هۆتێل و کافتریاکان بەناوی کارکردنەوە کاری لەشفرۆشی دەکەن. ئێمە بەردەوامین لە گرتنی ئەو ئافرەتانە و ئەوانەشی کە بازرگانییان پێوەدەکەن".
>
> هەروەها گوتی "بەدەیان هوتێل و کافتریا لەسەر ئەم کارە سزادراون و داخراون، خاوەن کارەکانیش بەند کراون".



### لە سۆران پیاوێک خۆی دەکوژێ

**ڕووداو – سۆران**

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/7/13 پیاوێکی دانیشتووی قەزای سۆران بە چەکی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی سۆران " کاژێر 11:30 خولەکی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/7/13 هاووڵاتییەک بەناوی (غ.ص.ع) لە دایکبووی ساڵی 1973، دانیشتووی گەڕەکی شۆڕش لە قەزای سۆران، بەگوللەیکی کلاشنیکۆف لە ماڵەکەی خۆی کۆیایی بە ژیانی هات". دوای ڕووداوەکە تیمەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، بەپێی گوتەی کەسوکاری و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، ئەو پیاوە خۆی کوشتووە، پۆلیس دەڵێت تەرمی پیاوەکە نێردراوە بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

## لە کەلار پیاوێکی تەمەن 43 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

### باوکی مەولود:

# کوڕەکەم لە داخی ژنەکەی، خۆی خنکاند



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

مەولود مەجید، تەمەن 43 ساڵ، ڕۆژی 2017/7/13 کە مەڕوماڵاتەکەی بردبووە دەرەوە بۆ لەوەڕاندن، لە گوندی تۆپ عەسکەری سەر بە ناحیەی قۆرەتوو، بە پەتێک خۆی خنکاند، باوکیشی هۆکارەکەی بۆ هاوژینەکەی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت لە داخی ئەو خۆی خنکاندووە.

مەولود دوو ژنی هەبوو، لە هاوژینی یەکەمی (ز.ن) کە ئامۆزای خۆیەتی، چوار منداڵی هەیە و لە کەلار نیشتەجێن، بەوتەی کەسوکاری هیچ کێشەی لەگەڵ نەبووە و لەلای ئەو ماوەتەوە، بەڵام کێشەی بەردەوام لەگەڵ ژنی دووەمی هەبووە کە دوو منداڵی لە ئەویش هەبوو، کێشەکەیان بەڕادەیەک زیادی کردووە کە گەیشتبووە دادگا.

### "بەبێ ڕەزامەندیی ئێمە ژنی دووەمی هێنا"

مەجید حەسەن، باوکی مەولود، دەربارەی خۆخنکاندنی کوڕەکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕەکەم نەخۆشیی دەروونی نەبوو. تەنیا کێشەی لەگەڵ هاوژینی دووەمی هەبوو، بەڵام ئێمە نازانین تاوانی کامیان بووە، چونکە 12 ساڵە ئەو ژنەی هێناوە، بەبێ ئەوەی ئێمە بیناسین و بیبینین، هەتا ئێستا ئێمە نە ژنەکە و نە ماڵ و منداڵەکەیمان نەبینیوە. هاوژینی یەکەمی لە کەلارە و ئەوەی دووەمیشی لە دەربەندیخان بوو".

مەجید حەسەن دەڵێت کوڕەکەی پەشیمان بووە لەوەی ژنی دووەمی هێناوە "پەشیمان بوو لە ژنهێنانی دووەمی، بەردەوام کێشەی هەبوو، بێتاقەت بوو، کاتێکیش لە هۆکارەکەیمان دەپرسی، دەمانویست هاوکاریی بکەین، ئەو دەیگوت خۆم هەڵەکەم کردووە و دەبێت خۆشم ڕاستی بکەمەوە".

بەگوتەی باوکی، ئەو ڕۆژەی مەولودی کوڕی خۆی خنکاند، لە دادگا بوون "ڕۆژی پێنجشەممە مەولود و ژنی دووەمی دانیشتنی دادگایان هەبوو، دوای تەواوبوونی دادگاییەکە، مەولود دێتەوە بۆ کەلار، ئێمە کاری ئاژەڵداری دەکەین، بۆیە شەوەکەی خۆی لای ئاژەڵەکان بوو، بە پەتێک بە دارێکەوە خۆی هەڵواسیبوو، لەکاتی بانگی بەیانی کاتێک شوانەکەمان دەچێت، دەبینێ خۆی هەڵواسیوە".

مەجید حەسەن نازانێت بڕیاری دادگا و هۆکاری خۆخنکاندنی کوڕەکەی چی بووە، بەڵام کەسێکی نزیک لە ژنی دووەمی مەولود بە (ڕووداو)ی گوت "مەولود و هاوژینەکەی بەیەکەوە نەدەگونجان، بەردەوام کێشەیان هەبوو، لە دادگاییەکە، دادوەر بڕیار دەدات هاوژینی مەولود بەخێوکردنی منداڵەکان بگرێتە ئەستۆ، چونکە مەولود خۆی داوای جیابوونەوەی کردبوو، ڕەنگە هۆکاری خۆخنکاندنی مەولود ئەوە بووبێ".

ڕائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان سەبارەت بەم کەیسە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کوڕە ناوی مەولود مەجید حەسەنە و لەدایکبووی ساڵی 1974 بوو، بەگوتەی باوکی مەولود، خێزاندار بووە و کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە، خۆی هەڵواسیوە و بەوهۆیە مردووە. ئەوان سکاڵایان لەدژی هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە، بۆیە ئێمە کەسمان بەهۆی ڕووداوەکەوە دەستگیر نەکردووە".

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان دەشڵێت: "بەمەبەستی پشکنین تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی کەلار کراوە، لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەبارەی ڕووداوەکە بەردەوامە".

### هەردووکیانی کوشت

# لەنیوەشەودا گەڕایەوە و ژنەکەی لەگەڵ پیاوێک بینی

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

(ک.ە) لە نیوەشەودا ئەرکەکەی تەواو دەبێ و دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام تووشی سەرسوڕمان دەبێ کاتێک گەنجێک لەناو ماڵەکەی دەبینێ، بۆیە دەستبەجێ هەردووکیان دەکوژێ و دواتر هەڵدێ.

بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە 2017/7/15 لە ناحیەی ڕزگاریی سەر بە قەزای خەباتی پارێزگای هەولێر، ژنێکی تەمەن 23 ساڵان بەناوی (ش.ر) لە نیوەشەودا لەگەڵ کوڕێکی تەمەن 28 ساڵان بەناوی (ک.ت) کە هاتووە بۆ ژووان بۆ لای، پێکەوە دەبینرێن و لەلایەن (ک.ە) کە پاسەوانی فەرمانگەیەکی حکومەت بووە، دەکوژرێن.

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵەکە کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "کاژێر 2:30ـی نیوەشەو دەنگە دەنگێک لە کۆڵانەکەوە هات، گوێمان لە هاواری ژن و پیاوێک و گریانی منداڵەکان بوو، چەند خولەکێکی نەبرد دەنگی تەقە و دەستڕێژی گوللە هات، کاتێک چووینە دەرەوە، بینیمان (ک) کە مێردی ژنەکە بوو منداڵێکی لە باوەشدا بوو، منداڵێکیش بەدەستییەوە بوو، خێرا هەڵات".

دوای هەڵاتی پیاوەکە، دراوسێکان پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەن، شایەتحاڵەکە دەڵێت "بینیمان پیاوێک لەگەڵ (ش) لە چێشتخانەی ماڵەکە کەوتبوون و خەڵتانی خوێن کرابوون، هەریەکەیان چەند گوللەیەکیان پێوەبوو، هەردووکیشیان گیانیان دەرچووبوو".

هەروەها گوتی "ئەو خانووەی خێزانەکەی تێدا دەژیان تازە دروستکرابوو، هێشتا کارەبای بۆ نەبەسترابوو". لەبارەی کوڕەکەشەوە کە چووەتە ماڵەکە دەڵێت "پێشتر ئەو کوڕەمان نەبینیوە بێت بۆ ماڵی ئەو ژنە".

### کێشەیان هەبووە

ژنێکی دراوسێی ماڵەکە کە هەندێک ئاگاداری ژیانی ئەو ژن و پیاوە بووە، دەڵێت پێشتریش کێشەیان هەبووە "پێشتریش بەردەوام کێشەیان هەبوو، هەموو دراوسێکان ئەمە دەزانن، هەر بۆیە ڕووداوەکە بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانم، بەڵام نازانم هۆکاری کێشەکان ژنەکە بووە یان پیاوەکە".

لەبارەی ئەو کەیسەوە ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "کاژێر سێی شەوی ڕۆژی شەممە، 2017/7/15 لە حاڵەتێکی تەقەکردن ئاگادارکراینەوە و لەکاتی چوونی هاوکارانمان بۆ شوێنی ڕووداوەکە، ژنێک و پیاوێکی کوژراو لەناو ماڵەکەدا دۆزرانەوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ئەوان لەلایەن مێردی ژنەکەوە کوژراون و هۆکاری تەقەکردنەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مێردی ژنەکە لەوکاتەدا گەڕاوەتەوە و هاوژینەکەی لەگەڵ پیاوێکی نەناسدا بینیوە، دەستبەجێ دەستڕێژی گوللەی لێکردوون و سەرەتا هاوژینەکەی خۆی و دواتریش پیاوەکەی کوشتووە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت "تۆمەتبارەکە ناوی (ک.ە)ـە و مێردی ژنەکەیە و تەمەنی 28 ساڵە، دوای ئەوەی هەردووکیانی کوشتووە، بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووە، بەڵام لەلایەن دادوەرەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، تیمەکانیشمان لە هەوڵی دۆزینەوە و دەستگیرکردنیدان".

دەشڵێت: "ئێستا تەرمی هەردوو کوژراوەکە لە پزیشکی دادی هەولێرە و توێکاری و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت".




# پیاوێک 50 ساڵە جلی ژنان لەبەر دەکات

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

لە گوندێکی سنووری دوبز، پیاوێک 50 ساڵە جلی ژنان لەبەردەکات و بەتەنیا پەلەوەر و ئاژەڵ بەخێودەکات، خێزانەکەیشی لێی ناپرسنەوە.

ئەو پیاوە کە ناوی حەبووبە عەلییە، لە ماڵێکدا بە تەنیا دەژیت و دەڵێت تا بووەتە هەرزەکاریش کەس نەیزانیوە کوڕە. خزم و کەس و باوکیشی وەک کچ مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، سێ جاریش خوازبێنی هاتووە. ئەو دوای دەیان ساڵ بیری منداڵەکانی دەکات و ترسی ئەوەی هەیە دوای مردنی کەس نەبێت بینێژێ.

حەبووبە دانیشتووی گوندی شیرناوەی قەزای دوبزە، بەردەوام جلێکی ڕەشی لەبەردایە، بەڵام ئەو جلە جلی ژنانە، تەنانەت وەکو ژنان لەچکێکی ڕەش لەسەری دەبەستێ. ئەو دەڵێت ئەگەر بۆ بازاڕکردنیش بچێتە دوبز، هەر ئەو جلانە لەبەر دەکات. حەبووبە ئێستا تەمەنی 64 ساڵە، هەر لە منداڵییەوە باوکی مامەڵەی کچی لەگەڵ کردووە و وەکو خۆی دەڵێت کچێکی جوان بووە.



● حەبوبە مەڕوماڵاتێکی زۆری هەیە و چاوی لەوەیە حکوومەت مووچەی بۆ ببڕێتەوە

### حەبووبە: سێ جار خوازبێنیم هاتووە

حەبووبە کە قژیشی وەکو ژنان درێژ کردووە، دەڵێت "بە منداڵیش پرچێکی درێژم هەبوو، خۆشم گەلێک جوان بووم، باوک و دایکم هەر دەیانگوت کچە نەیاندەگوت کوڕە. کە میوان و خزمەکانمان دەهاتنە ماڵمان منیان دەشاردەوە لەنێو تەنور و دۆڵاب تاوەکو کەس نەمبینێ، ئەو کاتەی گەورەبووم زانرا کە من کوڕم. سێ جاریش خوازبێنیم هاتووە". حەبووبە زۆربەی ئەو چێشتانە دەزانێ کە ژنان ئامادەی دەکەن، وەکو کوبەی برنج، سەروپێ، بریانی، یاپراخ و زۆر خواردنی دیکە.

حەبووبە پەلەوەر و مەڕ و ماڵاتی زۆری هەیە، بەڵام هاوژینەکەی لێی جیابووەتەوە، 10 ساڵە کچ و کوڕەکەی نەبینیوە و خزم و کەسەکانیشی لێی ناپرسنەوە.

حەبووبە عەلی دەڵێت "لەتەمەنی نۆ ساڵییەوە تاوەکو ئێستا ئاژەڵداری دەکەم و بەبێ ئاژەڵیش ئۆقرە ناگرم. کەسوکارەکەم لێم ناپرسنەوە،، کەس سەردانم ناکات، تەنیا خودام هەیە، بە فرۆشتنی ماستی مەڕ و مانگا، بژێوی خۆم دابین دەکەم و خواردنیش بۆ مەڕ و ماڵاتەکەم دەکڕم".

ئەگەرچی حەبووبە خەڵکی هەولێرە، بەڵام هێشتا نە ئەو شارە و نە کەرکووکیشی نەبینیوە، ئێستا دەترسێ بمرێت و کەس نەبێ بە خاکی بسپێرێت.

حەبووبە عەلی گوتی: "ئەگەر ئێستا بچم بۆ کەرکووک ون دەبم، مەگەر ئۆتۆمبێلێک بمبات و بمهێنێتەوە، هیچ کوێم نەبینیوە".

کەمیی کارەبا و نەبوونی ئاو و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، حەبووبەی لە کاری ڕۆژانەی نەکردووە، وەک خۆی دەڵێت هەر ڕۆژێک مەڕەکانی بۆ لەوەڕاندن نەباتە دەرەوە نەخۆش دەکەوێ.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## شادبوونەوەی خێزانێک بە یەکدی

کوڕێک ماوەی دوو ساڵ بوو دەربەدەر بوو، هەر ڕۆژەی لە شوێنێک دەمایەوە، ئەو کوڕە لە دەست مام و مامۆژنی ڕایکردبوو، دووربەدووریش چاودێریی خوشک و براکانی دەکرد کە لە ماڵی مامی بوون، تاوەکوو ڕۆژێک ئەوانیش هەمان ڕێگەی براکەیان گرت و لە دەست مام و مامۆژنیان ڕایانکرد. دواتر پێکەوە هاتن سکاڵایان تۆمار کرد.

ئەو کوڕە کە تەمەنی 25 ساڵ بوو، بەسەرهاتی خۆیانی بۆ باسکردین و گوتی دایک و باوکمان لە ژیاندا نەماون، مامم ئێمەی بردەوە لای خۆی، خانووەکەی ئێمەی بە کرێ دا. هەرچەند لەبەری پاڕاینەوە کە ئێمە دەمانەوێ لە خانووی باوکمان پێکەوە بژین، خوشک و براکانیشم زۆریان حەز دەکرد، بەڵام ڕێگەی نەدا، بە بیانووی ئەوەی کە خوشک و براکانم بچووکن.

مامم هێندە لەگەڵمان خراپ بوو، لەسەر بچووکترین شت لێی دەداین، بۆیە نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر من ئەوێم جێهێشت، منداڵەکانی دیکەش حەزیان دەکرد ئەوێ جێبهێڵن، بەڵام بچووک بوون و لە مام و مامۆژنم دەترسان. من زۆر هەوڵمدا لەو دەستبەسەرییە ڕزگاریان بکەم، چونکە کارم دەکرد و دەمتوانی بەخێویان بکەم.

ئەو گەنجە داواکار بوو کە بانگی مامی بکەین، ئامۆژگاریی بکەین کە وازیان لێ بهێنێ و ڕێگەیان پێ بدات بگەڕێنەوە نێو خانووەکەی باوکیان. پرسیار لە منداڵەکان کرا کە بچووکەکەیان تەمەنی 11 ساڵان بوو، هەموویان گوتیان نامانەوێ بگەڕێینەوە لای مام و مامۆژنمان.

بانگی مامی منداڵەکان کراو پێیڕاگەیەنرا کە ئەو منداڵانە حەز ناکەن لەگەڵ تۆ بژین، چونکە مامەڵەت لەگەڵیان خراپە. ئەوان دەیانەوێ بچنەوە نێو خانووی خۆیان، هەر بەخۆشیان بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن، بۆچی ڕێگەیان پێنادەی؟

پیاوەکە نکۆڵی لەوە نەکرد کە لە منداڵەکانی داوە، بەڵام گوتی لێدانەکە زۆرتر بۆ پەروەردەکردنیان بووە، ئەگینا لەگەڵ منداڵی خۆم جیاوازیم پێنەکردوون. بەڵام بە هیچ جۆرێک ڕازی نابم بچنە ماڵی خۆیان، هەتا هەر هەموویان تەمەنیان نەبێتە 18 ساڵ، باشە ئەگەر ئەو منداڵانە تووشی لادان بوون، من چ جوابێکی خزم و کەسوکارەکەم بدەمەوە!

ئێمە نەماندەتوانی پشتگیری قسەی مامی منداڵەکان نەکەین، چونکە بۆمان دەرکەوت هەڵسوکەوتی خراپی پیاوەکە بەهۆی گوشاری زۆری منداڵەکان بووە. ئەو منداڵی دوو خێزانی لە ئەستۆ بووە، بۆیە سەرەتا منداڵەکانمان نارد بۆ شوێنی حەوانەوەی منداڵانی بێسەرپەرشت، منداڵەکان گوتیان ئەو شوێنەمان زۆر پێخۆشترە لە ماڵی مامم.

ئەو منداڵانە سکاڵایان لەسەر مامیان تۆمار کرد و داوای مافی خۆیان کرد، کاتێکیش مامیان ڕازی بوو بە داواکارییەکەیان، سکاڵاکەیان لەسەری کشاندەوە، بەڵام مامیان دوودڵ بوو لەوەی کێشە دروست ناکەن، یان تووشی کێشە نابن، بەڵێنی دا چاوی لە منداڵەکان بێ و زوو زوو سەردانیان بکات، بۆ ئەوەی هەست نەکەن بێکەسن.

ئێستا لەو جۆرە حاڵەتانە زۆرن، بە تایبەتی ئەوانەی دایک یان باوکیان لە ژیاندا نامێنێ کەسوکاریان دەیانبەنە لای خۆیان، زۆرجار خوشک لەلای خێزانێکە برا لەلای خێزانێکی دیکەیە، لە کاتێکدا ئەوان حەز دەکەن پێکەوە بن. یان حەز دەکەن بە تەنیا بژین. پێش ئەوەی ئەو حاڵەتانە ببنە دیاردە، پێویستە حکومەت مشوورێک بخوات و شوێنێک بۆ ئەو خوشک و برایانە دابین بکات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**



بینالی یلدرم *

# یەکەمین ساڵیادی سەرکەوتنە مەزنەکەی دیموکراسی

ساڵێک بەسەر خوێناویترین هێرشی تیرۆریستی لە مێژووی کۆماری تورکیا تێپەڕبوو. تورکیا لە نێو ئەم ساڵەدا توانی خۆڕاگری و هێزی خۆی بسەلمێنێت. گرنگە لێپێچینەوە لە ساڵێکی تێپەڕبوو بکرێت ئینجا سەیری داهاتوو بکرێت.

بەر لە هەموو شتێک دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە رووبەڕووی چ شتێک بووین. ئەو رووداوانە کە لە شەوی کودەتا روویدا، هێرشی کەسانێکی خیانەتکاری دزەکراو بوون لە نێو سوپای تورکیا و سەر بە شێتێک بوون کە خۆی بە "گوتارخوێنی گەردوون" دەبینی. ئێمە رووبەڕووی کەسانێکی خوێنمژ بووین کە پەرلەمانی خۆیان بۆردومانکرد و بارەگای پۆلیسی جولانەوەی تایبەتیان رووخاند کە دژی تیرۆر بەرەنگار دەبوونەوە. بە هەلیکۆپتەر و فرۆکەی جەنگی گوللەبارانی خەڵکی سیڤیلیان کرد و تانکیان بۆ سەرخەڵک لێخوڕی. لە مێژوودا دووچاری کارێکی وەها قێزەون نەبووین. ئەم تۆڕە تیرۆریستییە، 250 هاوڵاتی ئێمەی بە کوشتن دا و زیاتر لە 2000 هاوڵاتی بریندار کرد.

لەم ئەزموونە پڕ ژانە دوو هۆکار بەدیارکەوت کە دەبێت شانازی پێوەبکەین. یەکەمیان، بوێری و سووری گەلی تورکیا. هاوڵاتیەکانمان لە گشت کۆمەڵگە و لایەنە سیاسیەکان بەرامبەر بە کودەتاچیەکان ڕژانە سەر شەقام. کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکانمان سەرەڕای هەڕەشەی کودەتاچیەکان لە پەخشەکان بەردەوامبوون. تورکیا بە تەواوی بوو بە یەک گیان و یەک پارچە.

دووەمیان، نەتەوەی تورک بە گشت جیهانی نیشاندا کە خاوەنداری دیموکراسی کرد و بەردەوامیش دەبێت. خەڵکەکەم ئەوەی خستەڕوو، تەنها ئیرادەی گەل و حکومەتێک کە بە رێگای دیموکراسی هاتووەتە سەر دەسەڵات دەتوانێت سەرکردایەتی وڵات بکات، نەک گرووپی چەکداری. بەهێزترین پابەندی یاسایی، پەیوەستبوونە بە دیموکراسیەت. وەک وڵات لەم تاقیکردنەوە سەختەی دیموکراسییە بە رووپاکی دەرچووین.

بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارە کە نەوەکەم کردەی لە یاد ناکرێت کە گوتی "بابەگەورە، ئایا ئەوانە سەربازی ئێمەن؟". بەڕاستی کام بیروباوەڕ رێگە بەوە دەدات کە مرۆڤێک هێرش بکاتە سەر خەڵک و دەزگا و هێماکانی و سەرۆکی خۆی ؟

وەڵامی ئەمە، لە سروشتی تۆڕی خیانەت هەیە کە رووبەڕووی بووین. ئەو شەو، شایەتی تۆڕێکی تاوان بووین کە جێبەجێکاری فەرمانی فەتوحوڵا گولەن بوون لە رێگەی پرۆفیسۆرێکی زانستی خودا. ئێمە باس لە چەتەیەکی خیانەتکار دەکەین کە بەشی خۆی لە مێژووە شکۆدارە هەزارساڵەکەی سەربازی تورکی وەرنەگرتووە و ئێمە باس لە کەسانێک دەکەین کە لە بنکەیەکی ناوەندی سەربازی، بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی سەر بە Fetö (رێکخراوی تیرۆریستی فەتحوڵا گولەن) وسڵاوی سەربازی لە خاوەن قوتابخانەیەکی سەر بە هەمان رێکخراو دەدات.

حکومەتەکەمان لە بنچینەدا بەر لە 15ی تەمموز رووی راستەقینەی فەتحوڵا گولەنی بینیبوو و دەستی بە جووڵەکرد. هەوڵمان دەدا درێژبووی ئەم رێکخراوە لە نێو وڵات بخەینەڕوو. لەم کارەش گەیشتبووینە قۆناغێکی گرنک. بەڵام هەوڵی کودەتای 15ی تەمموز هەڕەشەیەک بوو لە سەرووی بۆچوونەکانمان کە بە شێوەیەکی سەخت و راستی بینیمان. پلانی 40 ساڵەی داگیرکردنی دەوڵەتی تورکیا لەلایەن فەتحوڵا گولەن بەدیارکەوت. ئەندامانی Fetö لەسەر فەرمانی فەتحوڵا گولەن، "بۆ ئەوەی هەست بە هەبوونیان بکرێت، لە نێو لولەکانی خوێنمان جووڵەیان دەکرد" و وەک ڤایرۆسێک هەنگاو بە هەنگاو دەگەیشتنە ئەندامە سەرەکیەکان و نزیکدەبوونەوە لەوەی تووشی هەوکردنی بکەن و "گشت ناوەندەکانی هێز" داگیربکەن. لە دوای 15 تەمموز بۆ ماوەی ساڵێک چەندین لێکۆڵینەوەی فراوان لەسەر بەڕێوەبردن و سزا و یاسای ئەنجامدرا. گەیشتینە چەندین دۆزراوەی فراوان کە پلان و جێبەجێکردنی هەوڵی کودەتا دەخەنەڕوو.

بەڵگەکان ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئێمە بەرامبەر بە رێکخراوێکین خاوەن سیستەمێکی باوەڕی لە رێگا دەرچوو و نهێنی کردارن. قوتابخانە و بەشە ناوخۆییەکانی رێکخراوەکە بووەتە ناوەندی مێشک شۆردن وپێگەیاندنی میلیشیا. بەم رێگایەوە ئەو کەسانەی کە بە دڵسۆزیەوە پەیوەستن بە سەرۆکەکەیان و وەک "مەسیح" دەیبینن، توانیان دزە بکەنە نێو دەزگا حکومییەکان. بەم جۆرە ئەو کەسانەی کە بۆ سوودەکانی رێکخراو گشت کاری نا یاسایی و نا رەوشتی دەکەن هاتوونەتە پۆستی هەستیار. هەر هەمان کەسەکان لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی فەرمانبەری حکومی، بە بیستنی نا یاسایی و بۆسە و سکاڵای دروستکراو چەندان تەلەیان داناوە. بە دروستکردنی پێکهاتە لە ژێر ناوی کۆمەڵگە و دەزگای یارمەتی سەرچاوەی ئابوورییان بۆ ئەم رێکخراوە دابین کردووە. لە رێگای هۆڵدینگ و بانکی گەورە بە چەندان ملیار دۆلار جوڵەی پارەیان گواستووەتەوە. بەشی میدیایی رێکخراوەکەش وەکو ئامێرێکی پرۆپاگەندە بەکارهاتووە. ئایا "بزوتنەوەیەکی پەروەردەیی" بوونی دەبێت کە بە شێوازی خانە کاربکات و یەکتری بەناوە کۆدکراوەکان بناسن و بۆ پەیوەندی کردن بە یەکدری بەرنامەی قوفڵدراو دروستبکەن و ئەندامەکانی فێرە تاکتیکی جیاواز بن دژ بە هەواڵگری و تایبەتبوونی خۆیان بە نهێنی بهێڵنەوە؟ ئەو رێکخراوە نەوە نوێیە تیرۆریستیە، بۆ نەهێشتنی ئەو شتانەی لە خودی خۆیان نیە گشت رێگایەکیان گرتووەتە بەر و بەم هۆیەوە هەوڵیان داوە نەک تەنها دەسەڵات بەڵکو لە هەوڵی ئەوە بوون کۆماری تورکیا داگیر بکەن بە گوێرەی ئامانجەکانیان کە لە رێگا دەرچووە. 15ی تەمموز گەلی تورکیا ئەم ئامانجە لە رێگا دەرچووە و مەترسیدارەی رووخاند.

دەتوانم بڵێم بە گرتنەبەری رێوشوێنی تایبەت بڕبڕەی سەرەکی ئەم رێکخراوەمان شکاند. بەڵام ئەم هەڕەشەیە تەنها بۆ تورکیا سنووردار نیە. ئەم رێکخراوە لە زۆر وڵات پێگەی هەیە. ئەوانە بەردەوامن لە رواندنی تۆی خیانەت لە وڵاتانی تر. بۆ مانەوە لە ژیان ئەمجارە زیاتر کارا دەبن لە پلانڕێژی ئابووری و سیاسی جیهانی. بەم هۆیەوە ئاگاداری گشت دۆستانمان دەکەینەوە.

گەلی تورکیا بۆ گشت جیهان سەلماندی کە دیموکراسییەت شتێکی گرنگە وبە ئاسانی بەلاوەنادرێت و گیان بۆ ئەم مەبەستە فیدا دەکرێت. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە بۆ دووچاری هەڕەشەیەکی تر هاوشێوەی ئەمەن نەبین و گشت رێوشوێنەکان بگرینە بەر. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ماوەیە سەختە، هەوڵ و رەنجێکی گەورە تەرخان دەکەین. لە دوا هەڵسەنگاندنەکاندا دەرکەوتووە کە هەڕەشە لەسەر دیموکراسیەت کراوە و بڕوای دیموکراسیمان سەرکەوتووە. بەم هۆیەوە ئامانج و هەوڵمان ئەوەیە، بە تێپەڕبوونی کات بۆ گەیاندنی دیموکراسیەت بە ئارامترین لوتکەکان و نمونەترین خاڵ، پێویستە هەنگاوەکانمان بەهەمان رێرەو بنێین.

***سەرۆک وەزیرانی کۆماری تورکیا**



## لە یادی ئاهەنگگێرانی سەرکەوتنی دیموکراسیدا

# بەڕێزەوە یادی شەهیدانی 15ی تەمموز دەکەینەوە

شەوی 15ی تەممووزی 2016 ، گەلی تورکیا توانی ئەو پیلانگێرییەی لە لایەن موریدانی فەتحوڵا گولەن کە خۆی بە (ئیمامی گەردوون) ناساندووە، بێ ئەنجام بکات کە توانییان دزە بکەنە ناو دام ودەزگا حکومی و سەربازییەکان بۆ هەوڵی کودەتا.

ئەم رووداوانە بە رەهەندێکی نەبینراو هێرشێکی تیرۆریستی بوو کە لە مێژووی کۆماری تورکیا هاوشێوەی نەبووە .

لە ئەنجامدا 250 هاونیشتیمانمان شەهیدبوون و زیاتر لە 2000 هاونیشتیمانی بریندار بوون.

گەلی تورکیا بە یەک هەڵوێستی و چاونەترسانە ڕووبەڕووی کودەتاچییەکان و لە بەرامبەر تانکەکان وەستان و گیانی خۆیان کرد بە قەڵغان بۆ لە دەست نەدانی دام و دەزگا حکومییەکان.

گەلی تورکیا رێگریکردنی لە هەر هەوڵێکی نادیموکراسی خستەڕوو و سەلماندی کەوا هێزە چەکدارەکان نا ، بەڵکو خواستی گەل بڕیار لەسەر داهاتووی تورکیا دەدات.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدەکانمان کە گیانیان بەخشی لە پێناو دیموکراسیەت و داهاتووی وڵاتەکەیان و سۆزی وەفا بۆ ئەو قارەمانانە دەردەبڕین کە لە ژیاندا ماون .

کونسوڵگەری گشتی کۆماری تورکیا لە هەولێر

## 24 مەلەوانگەی تێدایە

# تەنیا 10 مەلەوانگەی سلێمانی مەرجی تەندروستییان تێدایە


تیمەکانی تەندروستی سێ هەفتە جارێک سەردانی مەلەوانگەکان دەکەن ■ (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

سامان حەسەن، 37 ساڵ، دەمێک بوو بە دەست ئازاری بڕبڕەی پشتەوە دەیناڵاند، کاتێک سەردانی پزیشکی کرد، ڕێنمایی کرد مەلە بکات. سامان ئێستا هەفتانە دوو جار دەچێتە مەلەوانگەکانی سلێمانی و دەڵێت "ئێستا زۆر کەمتر لە جاران پێویستم بە ئازارشکێنە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازاری پشتم".

مەرج نییە هەموو ئەوانەی ڕوو لە مەلەوانگەکان دەکەن وەکوو سامان ئازاری پشتیان هەبێ، بەتایبەتی لە وەرزی گەرمادا، بەڵام پزیشکەکان دەڵێن ئەگەر مەلەکردن دەرمان بێ بۆ هەندێک نەخۆشی، زۆرجار شوێنی مەلەکردن دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی.

سامان دەڵێ جگە لە کەمبوونەوەی ئازاری پشتی، وەرزش جەستە و دەروونی بەگشتی ئاسوودەتر دەکەن و هەست بە تەندروستی و ئارامییەکی زۆرتر دەکات پاش مەلەکردن.

بە گوتەی سەرپەرشتیارانی مەلەوانگەکان، ئێستا خەڵکی زیاتر هەم بۆ فێربوونی مەلە و هەم بۆ مەلەکردن، ڕوویان لێ دەکەن.

لە بەدواداچوونێکی پێشووتری (ڕووداو) دا گۆران کەمال، ڕاهێنەری مەلەوانی لە یانەی وەرزشیی سلێمانی، گوتبووی ڕۆژانی هاوین 100-120 کەس سەردانی مەلەوانگەکەی ئەوان دەکەن "لە منداڵی دایەنگەوە سەردانکەرمان هەیە تاوەکو کەسانی پێگەیشتوو، لە هەردوو ڕەگەزەکەش سەردانکەرمان هەیە".

بە گوتەی گۆران، ئێستا خانمان لە جاران زیاتر سەردانی مەلەوانگە گشتییەکان دەکەن "هەفتانە ڕۆژێکمان تایبەت کردووە بە خانمان، ئەوان بە تامەزرۆییەوە پێشوەخت ناوی خۆیان تۆمار دەکەن تاوەکو ئەو ڕۆژە سەردانی مەلەوانگە بکەن".

### سەرچاوەی تەندروستی و نەخۆشی

پزیشکەکان کۆکن لەسەر ئەوەی مەلەکردن وەرزشێکی بەسوودە، بەڵام هۆشداریش دەدەن لەوەی ئەگەر مەلەوانگەکان بە باشی خاوێن نەکرێنەوە، دەبنە سەرچاوەی نەخۆشیی گوازراوە.

دکتۆر سەنگەر جەلال، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە مەلەکردن وەرزشێکی بەسوودە بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکان و باشتر کارکردنی جومگەکان و باشترکردنی کاری بڕبڕەکانی پشت، ئەوە جگە لەوەی بۆ تەندروستیی دڵ و بۆرییەکانی خوێن و کۆئەندامی هەناسەش بەسوودە". بەڵام هەمانکات هۆشداری دەدات لەوەی ئاوی پیس سەرچاوەی مەترسییە.

دکتۆر سەنگەر دەڵێ ئەوان ڕێنمایی هەمووان دەکەن زۆرتر ڕوو لە مەلەوانگە داخراوەکان بکەن نەوەک کراوەکان، بۆ ئەوەی لە زیانەکانی تیشکی سەروو وەنەوشەیی بەدووربن لەسەر پێستیان. هەروەها دەبێ پێش و پاش مەلەکردن خۆیان بشۆن، لە باری یەکەمدا بۆ ئەوەی نەبنە هۆی گواستنەوەی میکرۆب و پیسییەکانی پێست بۆ خەڵکی و لە باری دووەمیشدا تاوەکو هەر نەخۆشییەکی پێستی کەسانی دیکەیان وەرگرتبوو، بە جەستەوە نەمێنێ.

جگە لە پێست، پیسبوونی ئاوی مەلەوانگەکان بە میکرۆب و ڤایرۆس و وردە زیندەوەرە جیاوازەکان ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەوکردنی کۆئەندامی هەرس، هەناسە و میز.

بۆ کەمکردنەوەی زیانی ئەو وردە زیندەوەرە نەخۆشخەرانە، کلۆر دەکرێتە ئاوی مەلەوانگەکانەوە، بەڵام ئەوەش باڵانسێکی وردی دەوێت، چونکە کەم بەکارهێنانی کلۆر ئەو زیندەوەرانە لەنێونابات و زیاد بەکارهێنانیشی دەبێتە هۆی سووتاندنەوەی پێست، چاو، ناوپۆشەکانی کۆئەندامی هەرس و هەناسە و چەندین زیانی دیکە، بەتایبەتی لە منداڵاندا.

### مەلەوانگەکان مەرجی تەندروستییان تێدا نییە

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی کە بە (ڕووداو) دراون، لەنێو شاری سلێمانی 24 مەلەوانگە هەن، ئەمساڵ سێ مەلەوانگەیان ئاگادارکردنەوە و هۆشدارییان پێدراوە و 11 دانەش بە پلەی کەمتر کەموکورتی تەندروستییان هەبووە. بەمەشدا دەردەکەوێت کە تەنیا 10 دانە لە مەلەوانگەکانی سلێمانی مەرجی پێویستی تەندروستییان تێدایە.

لەبارەی پێوەرەکانی خاوێنیی مەلەوانگەکانەوە، لەشکر حەمید، سەرۆکی لیژنەکانی پشکنین و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کەسەی دەیەوێ مەلە بکات، دەبێ سەرەتا پێیەکانی بە گیراوەی پەرمەنگەنات بشووات، پاش وەرگرتنی دووشێک بە جلێکی تەواو خاوێنەوە مەلە بکات، هەموو بەشداربوویەکیش دەبێ کارتی تەندروستی هەبێ کە بیسەلمێنێ نەخۆشیی گوازراوەی نییە".

لەشکر حەمید دەڵێ ئاوی مەلەوانگە دەبێ بەردەوام خاوێن بکرێتەوە و لە سووڕاندا بێت و فیلتەری تایبەتی هەبێ، هەفتانەش تەواوی ئاوەکە بگۆڕدرێت و ماوە ماوەش پشکنینی کیمیایی و میکرۆبی بۆ ئاوەکەی بکرێ.

بەپێی ئەو پێوەرەی لە عێراق هەیە و (ڕووداو) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی وەریگرتوون، ئاوی مەلەوانگە دەبێ پێوەری ترشییەکەی (PH) لەنێوان 6.5-8.5 دا بێت. خەستیی کلۆرەکەیشی لەنێوان 0.5-1.5 ppm دا بێت، ئەوە لەکاتێکدایە بڕی کلۆری نێو ئاوی خواردنەوە 0.3 ppm زیاتر نییە.

لەڕووی پلەی گەرمیشەوە ساونا هەڵمییەکان نابێ پلەی گەرمییەکەیان لە 50 پلەی سیلیزی و ساونا وشکەکانیش لە 60 پلە گەرمتر بن. هەروەها نابێ تووشبووانی ڕەبۆ لە 15 خولەک زۆرتر تێیاندا بمێننەوە، چونکە دەبێتە هۆی هەناسەتوندی. کلۆریش نابێت بە دەست بکرێتە نێو ئاوی مەلەوانگەکانەوە، بەڵکو بە پەمپی ئۆتۆماتیکی و بە بڕی ستاندارد بۆیان زیاد بکرێ، چونکە کەمی و زۆریی بڕی کلۆر زیانبەخشە.

بە گوتەی لەشکر حەمید، تیمەکانی ئەوان لانیکەم 2-3 هەفتە جارێک مەلەوانگەکانی سلێمانی بەسەردەکەنەوە و هەر مەلەوانگەیەک مەرجی تەندروستی تێدا نەبێت، سزای دەدەن.

## به پڕۆژەکەی ڕووداو

# 3500 کەس واز لە جگەرەکێشان دەهێنن




**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی ڕۆژی دووشەممە 2017/6/19 دێسکی تەندروستی تۆڕی میدیایی ڕووداو پڕۆژەی ئەنتیتۆباکۆی بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان ڕاگەیاند، لە ماوەی چوار هەفتەدا زیاتر لە 3500 کەس دوای وازهێنان لە جگەرەکێشان بەشدارییان تێدا کرد.

د.فەتاح هەورامی، سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ئەنتیتۆباکۆ دەڵێت، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەرسامی خۆیان بە پڕۆژەکە پێڕاگەیاندوون و ئامادەیی هەموو هاوکارییەکیان دەربڕیوە.

هەورامی دەڵێت پڕۆژەکەی (ڕووداو) گەیشتووەتە ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە جنێڤ، ئەوانیش دوای هەڵسەنگاندن، بە فەرمی پێیان ڕاگەیاندوون کە "پڕۆژەکە ناوازەیە و یەکەمجارە لە سەرتاسەری جیهان میدیایەک پڕۆژە و بیرۆکەی وای هەبێت"

دێسکی تەندروستی تۆڕی میدیایی ڕووداو، سەرکەوتنی پڕۆژەی ئەنتیتۆباکۆ ڕادەگەیەنێت و پێشوازی کورد لە پڕۆژەکە بە نموونەیی دەزانێت. دکتۆر هونەر ڕێبوار پرۆدیوسەر لە دێکسی تەندروستی تۆڕی میدیایی ڕووداو دەڵێت "ئەنتیتۆباکۆ شەش هێندەی ئەو تارگێتەی بۆی داندرابوو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە". دکتۆ هونەر هەروەها گوتی "هاووڵاتییان لە سەنتەری پارێزگاکان، شارە گەورەکان، شارۆچکە، شارەدێیەکان و زۆرینەی گوندەکانی باشووری کوردستان فۆرمی وازهێنانیان لە جگەرەکێشان پڕکردووەتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە سەقز، بانە، سەردەشت، مهاباد، سنە، شنۆ و کرماشان، بەشدارییان لە ئەنتیتۆباکۆدا کردووە".

دکتۆر هونەر دەڵێت پێشبینییان نەدەکرد پڕۆژەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەو پێشوازییە گەرمەی لێبکرێت، لە قامشلۆ، عەفرین، کۆبانێ و حەسەکە زۆرترین بەشداری هەیە. بەشداری هاونیشتمانیان لە پڕۆژەی ئەنتیتۆباکۆ باکووری کوردستانیشی گرتووەتەوە، وان، ئامەد و باتمان لە دیارترینی ئەو شارانەی باکوورن کە لە پڕۆژەکەدا بەشدارن. هەروەها لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا، ئەڵمانیا سەر لیستی بەشداربووانی ئەنتیتۆباکۆی گرتووە، ئیتاڵیا، فەرەنسا، سوێد، بەلجیکا، نەرویژ، فنلەندا، دانیمارک و بەریتانیا لەڕووی ئاستی بەشدارانەوە بەدواییەکدا ڕیزبوون.

پڕۆژەی ئەنتیتۆباکۆ بە سپۆنسەریی سەرەکی پەیمانگەی تەکنیکی پایتەخت بەڕێوەدەچێت. ڕۆژی دووشەممە 2017/7/17 وەک دواوادەی پڕکردنەوەی فۆرم دەستنیشانکراوە، بڕیارە لە کۆتایی مانگدا، لە ئاهەنگێکی تایبەتدا 100 لەو کەسانە خەڵات بکرێن کە لە پشکنینەکانی لیژنەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە دەردەچن.

# پرخەی خەو مەترسیدارە

**ڕووداو- دەیلی تەلەگراف**

پرخەی خەو جگە لەوەی گرفتێکی بێزارکەرە بۆ بەرامبەر، هۆکارێکی هەستکردنە بە ماندوویی لە ڕۆژدا. پرخەی خەو هۆکاری وەستانی کاتیی هەناسەیە لەکاتی خەودا.

وەستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئۆکسجینی خوێن، ئەوەش ڕێگەخۆش دەکات بۆ کەمبوونەوەی توانای سەرنجدان، لاوازیی یادەوەری، شەکرە، بەرزەپەستانی خوێن و جەڵتەی دڵ.

د.مایک دیلێکس، پزیشکی ڕاوێژکار لە نەخۆشییەکانی قورگ و گوێ و لووت لە بەریتانیا، دەڵێ بەهۆی سێ وەرزشی سادەوە دەتوانی پرخەی خەوت لە شەواندا کەم بکەیتەوە، ئەگەر سەرەڕای ئەم وەرزشانە پرخەی خەوت هەر زۆر بوو، ئەوە باشترە ڕاوێژ بە پزیشک بکەیت و داوای چارەسەری پرۆفێشناڵی لێبکەی.


**وەرزشەکان:**

**1-- بێنە و بەرەی زمان:**
لەم بارەدا جارێک سەری زمانت بۆ دواوەی دەم دەبەیت تاوەکو دەدات لە مەلاشووە نەرمە، پاشان بۆ پێشەوەی دەهێنی تاوەکوو دەدات لە پاشەوەی ددانەکان.

**2- بڵێ ئاە..**
دەمت بکەوە و چەندی دەتوانی و بۆ ماوەی 20 چرکە بڵێ ئاە..

**3- زمانت دەربێنە:**
چەندی دەتوانی زمانت بۆ دەرەوەی دەمت درێژ بکە، پاشان هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە و دەنگێکی بەرز دروستبکە بۆ ماوەی 30 چرکە.

ئەم وەرزشە ڕۆژانە کەمتر لە پێنج خولەکی دەوێ، بە بەردەوامبوون لەسەری، هەست بە کاریگەرییەکەی دەکەی.



# ڕۆژانە 90 خولەک بجووڵێ

**د.خالس قادر***

ڕاستییەکی سەلمێندراو هەیە کە دەڵێت ڕۆژانە 30 خولەک چالاکی، پێویستییەکی سەرەکییە بۆ پاراستنی تەندروستیی مرۆڤ، لەبەرامبەردا ڕاستییەکی دیکەی سەلمێندراو و دانپێدانراو هەیە کە دەڵێت بێ جووڵەیی و نەبوونی چالاکی فاکتەرێکی گرنگی نەخۆشییە درێژخایەنەکانە کە بە چوارەم هۆکاری مردن دادەنرێت لە جیهاندا، ئەمە بەپێی ئامار و توێژینەوەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی.

کەواتە ئەو کەسانەی ڕۆژانە نیو کاژێر چالاکن و وەرزش دەکەن، هێشتا لە مەترسیی کاریگەرییە نەرێیەکانی کەمجووڵەیی ڕزگاریان نابێت لە کاتێکدا 23:30 کاژێر لە بێ جووڵەیی و تەمبەڵی دەگوزەرێنن بە کارکردنی ئۆفیس (دانیشتن لەسەر کورسی)، نان خواردن، دانیشتن لە دیار تیڤی، سەرقاڵبوون بە مۆبایل و کۆمپیوتەر، نووستن و شوفێری.

بۆ چارەسەری ئەو گرفتە و مانەوەمان بەچالاکی بەدرێژایی ڕۆژ، پەیڕەوی (یاسای ژەمەکان بۆ جووڵە) بکە.

ئەو یاسایە وەک لەناوەکەیەوە دیارە، پشت دەبەستێت بە ژەمە سەرەکییەکانی خۆراک (بەیانی، نیوەڕۆ و ئێوارە). بەجۆرێک جووڵەکان دابەش دەکرێت بەسەر سێ نیو کاژێری، واتە دوای هەر ژەمێک نیو کاژێر جووڵە بکە، یەکێک لەو سێ نیو کاژێرە بکە بە وەرزش وەک جۆرێکی تایبەتی جووڵە و چالاکی (چ لەبەیانی، دوای نیوەڕۆ تا ئێوارە، یان لە شەو).

لەبەرچی؟ بەو شێوازە خۆمان دەپارێزین لە کەم جووڵەیی و بەدرێژایی ڕۆژ بەچالاکی دەمێنینەوە، هەروەها ئەو وزە زۆرەی دوای هەر ژەمێک وەریدەگرین، بەو جووڵەیە ڕێگە دەگرین لە کۆبوونەوە و کەڵەکەبوونی لە لەشدا بەشێوەی چەوریی زیادە لە ورگ، کەمەر یان هەر بەشێکی دیکەی لەش، چونکە زانراوە وزەی زیادی وەرگیراو دوای هەر ژەمێکی خۆراک (4 -8) کاژێری پێویستە بۆ کۆبوونەوە و هەڵگرتنی لە لەشدا لەشێوەی چەوری، بەم ڕێگەیە ئەو دەرفەتە نادەین بە وزەی زیادەی لەش کۆببێتەوە و هەڵبگیرێت.

بەکورتی ڕۆژانە 90 خولەک جووڵەی چالاک کە بەشێکی وەرزش بێت (30 خولەک) لە سێ کاتی جیاوازدا باشترین ئەنجامی ئەرێنی دەبێت بە پەیڕەوی یاسای ژەمەکان بۆ جووڵە .



*** پزیشکی پسپۆڕی هەناوی**

# ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران هەڵدەوەشێتەوە؟

**ڕووداو- هەولێر**

دیپلۆماتکارانی باڵای ئەوروپی نیگەرانن لەوەی ڕەنگە پێداچوونەوەی ئەمریکا بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێراندا هێندە فراوان ببێتەوە کە قازانجێکی ئابووریی ئەوتۆ بۆ ئێران نەهێڵێتەوە و بەو هۆیەوە ئێران چیدی ئامادە نەبێت پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکە.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا چەندین جار ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1ی بە "ڕێککەوتنێکی خراپ" لەقەڵەم دا. تەنانەت هەڕەشەی "دڕاندن"ی ڕێککەوتنەکەشی کرد، بەڵام دوای دەستبەکاربوونی وەکوو سەرۆکی ئەمریکا، هەڵوێستی ترەمپ هەندێک نەرمتر بووەتەوە.

هەرچەندە بەرپرسانی ئەوروپی لە لێدوانەکانیاندا جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمریکا وەکوو بەشێک لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەمێنێتەوە، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ئەوروپییەکان لە کۆبوونەوە داخراو و تایبەتەکاندا نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە لەوەی نازانن پێداچوونەوەکەی ئیدارەی ئەمریکی بە ڕێککەوتنەکە تا کوێ دەڕوات.

دیپلۆماتکارانی ئەوروپی ڕەخنە لە ئیدارەی ئەمریکی دەگرن کە زانیارییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە پێداچوونەوەکان پێنادەن، نازانن پرۆسەکە کەی کۆتایی دێت و کێ و کام لایەنی ئیدارەی ئەمریکی چاودێریی پرۆسەکە دەکەن.

کاربەدەستە ئەوروپییەکانی کە قسەیان بۆ (جورناڵ)ی ئەمریکی کردووە، نیگەرانن لەوەی لە ئاکامی پێداچوونەوەکەدا سنووری کارکردنی کۆمپانیا و بانکە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئێران بەرتەسک بکرێتەوە، بەو هۆیەشەوە ئێران بە دوودڵییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕێککەوتنەکە بکات. دیپلۆماتێکی باڵای ئەوروپی لەوبارەیەوە گوتی "بە بۆچوونی من ئیدارەی نوێ هەوڵ دەدات پێداچوونەوەی بەردەوام بە ڕێککەوتنەکە بکات، ئەمەش بە شتێکی ناواقعبینانە نازانم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەس نازانێت ئاکامی ئەم پێداچوونەوەیە چی دەبێ".

ئیدارەی ترەمپ نیگەرانییان دەربڕیوە لەوەی بەپێی ڕێککەوتنەکەی 2015، لە پاش 15 ساڵ هیچ ئیلتیزامێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران نامێنێت بۆ ئەوەی دەست بە بەرنامە ئەتۆمییە سەربازییەکەی خۆی نەکاتەوە. وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمریکاش ڕەخنەیان لە دانوستانکارەکانی ڕێککەوتنەکە گرتووە کە ئەو ڕێککەوتنە هەڵسوکەوتی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەگۆڕیوە، بەتایبەتیش پشتگیریکردنی تاران لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا و میلیشیا شیعەکان لە عێراق و لوبنان و تاقیکردنەوەی سیستەمی مووشەکیی ئێران.

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی ڕەخنەی ئەوروپییەکانی ڕەتکردووەتەوە و بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "چەندین کۆبوونەوەی فرەلایەنمان کردووە و زانیاری پێویستمان لەسەر لایەنە سەرەکییەکانی پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنەکەمان پێشکەش بە ئەوروپییەکان کردووە". بە گوتەی بەرپرسە ئەمریکییەکە ئەو زانیارییانەی لە ئەوروپییەکانیان وەرگرتووە "هەمەلایەنە و بەسوود بوون" بۆ پێداچوونەوەکە.

بەپێی ئەو ڕێوشوێنەی لەسەردەمی ئۆباما دانراوە، ئیدارەی کۆشکی سپی دەبێ هەموو 90 ڕۆژ جارێک تێڕوانین، تێبینی و ڕەخنەی خۆی بۆ ڕێککەوتنەکە و جێبەجێکردنەکەی ڕادەستی کۆنگرێس بکات. بڕیارە ئەم هەفتەیە ئیدارەی کۆشکی سپی تێبینییەکانی خۆی لەسەر ڕێککەوتنەکە ڕادەستی کۆنگرێس بکات. لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا ئەوە دووەم جارە ئیدارەی ترەمپ تێبینییەکانی خۆیان لەسەر ڕێککەوتنەکە ئاراستەی کۆشکی سپی بکەن، بەڵام ئەم تێبینییانە جیاوازن لەو پێداچوونەوە گشتگیرەی ئیدارەی ئەمریکی بۆ ڕێککەوتنەکەی دەکەن.



بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا دەڵێن ئەو ڕێککەوتنە هەڵسوکەوتی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەگۆڕیوە

ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی لەسەر زاری بەرپرسانی باڵای ئیدارەی ئەمریکی ئاشکرایان کردووە "پرۆسەی پێداچوونەوە گشتگیرەکە پێش تشرینی یەکەمی 2017 تەواو دەبێت". بەڵام بەرپرسێکی دیکەی کۆشکی سپی بە (جورناڵ)ی ڕاگەیاندووە "هەرچەندە پرۆسەکە بۆ هەتاهەتایە بەردەوام نابێت، بەڵام هیچ وادەیەکی دواییمان بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنە دانەناوە".

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (پۆست) ناکۆکییەکی زۆر سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە لە نێوان کۆشکی سپی و دامەزراوە حکومییەکانی دیکەی ئەمریکادا هەیە. بەرپرسانی کۆشکی سپی سوورن لەسەر ئەوەی "ڕێوشوێنی توند لەدژی ئێران بگیرێتەبەر"، بەڵام دامودەزگا حکومییەکانی دیکەی ئەمریکا پێیانوایە "ڕاگرتنی دڵی بەشدارانی دیکەی ڕێککەوتنەکەش گرنگە". ڕێککەوتنەی ڤیەننا بە بەشداری ئەمریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و چین واژۆکراوە و لە چوارچێوەی بڕیارنامەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسندکراوە.

ڕاپۆرتەکەی (واشتن پۆست) ئاشکراشی کردووە ئێستا دوو بەرە لە ئیدارەی ئەمریکیدا دروستبووە. بەرەیەکیان کۆشکی سپی و تیمی ڕاوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانی سەرۆکی ئەمریکان کە پێیانوایە نابێ سزاکانی سەر ئێران تەنیا بە بەرنامەی ئەتۆمی ئەو وڵاتەوە ببەسترێتەوە، بەڵکو دەبێ بەهۆی جموجۆڵ و سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵات، پشتگیری لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و سیستەمی مووشەکی باڵیستیکیش سزا بدرێت.

بەرەی دووەمیان ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و جیم مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا لەخۆدەگرێت کە جەخت لەوە دەکەنەوە نابێ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بە جموجۆڵە ناوچەییەکانی ئێرانەوە ببەسترێنەوە و هەرچەشنە کاردانەوەیەک بەرامبەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەبێ لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێداچوونەوە گشتگیرە بێت کە بۆ ڕێککەوتنەکە دەکرێت.

بەرپرسانی ئەوروپی کە قسەیان بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ) کردووە هۆشدارییان داوە، ئەگەر ئەمریکا ڕێککەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە و ئێران دوای هەڵوەشاندنەوەکە لەسەر ڕێککەوتنەکە بڕوات، ئەوە ئەوانیش ئامادە نابن سزای نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنن. ئەمریکا لە لایەن خۆیەوە سزای توندی بۆ ئەو کۆمپانیا ئەمریکییانە داناوە کە بازرگانی لەگەڵ ئێران دەکەن.

کێشەکە تەنیا لە نێوان کۆشکی سپی و وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوەدا نەماوەتەوە. هەفتەی پێشوو چوار کۆنگرێسمانی سەر بە پارتی کۆماری لە نامەیەکدا داوایان لە تیلەرسن کردووە لە ڕاپۆرتی 90 ڕۆژەی خۆیدا متمانە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەبەخشێت. ئەو چوار کۆنگرێسمانە بۆچوونیان لەگەڵ بۆچوونی کۆشکی سپیدا کۆکە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی بۆ ئەوە بووە وەستانێک لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا دروست ببێت. ئار. سی. هامۆند، ڕاوێژکاری تیلەرسن پێیوایە "ئەو ڕێککەوتنە هیچ کێشەیەکی چارەسەر نەکرد. ئێمە دەمانەوێت (لە پێداچوونەوە گشتگیرەکەی خۆماندا) ئەو کێشانە چارەسەر بکەین".

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، دوو ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی وڵاتانی ٥+١دا تێپەڕی. ئامانج لەو ڕێککەوتنە گۆڕینی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی بوو، ڕێککەوتنەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندکراوە و ڕێوشوێنیش بۆ چاودێریکردنی دانراوە.

---

## لە سێ ساڵدا

# 51 هێرشی تیرۆریستی کراوەتە سەر ڕۆژئاوا

**ڕووداو- هەولێر**

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، هێرشی گرووپە ئیسلامییەکان تەنیا لە ناوچە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چڕنەبووەتەوە، بەڵکو ئەوروپا و باکووری ئەمریکاش ئامانجی ژمارەیەکی زۆر هێرشی تیرۆریستی بوونە.

ناوەندی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (ICCT) لە ڕاپۆرتێکدا تیشک دەخاتە سەر ئامارەکانی پەیوەندیدار بەو هێرشانەی توندڕەوە ئیسلامییەکان لە 29ی حوزەیرانی 2014 هەتا یەکی حوزەیرانی 2017 لە ئەوروپا و باکووری ئەمریکا ئەنجامیانداون.

### ئەو وڵاتانەی کراونەتە ئامانج:

لە سێ ساڵی ڕابردوودا 51 هێرشی پەیوەندیدار بە گرووپە ئیسلامییە توندئاژۆکان لە ئەوروپا و باکووری ئەمریکا ڕوویداوە، بەڵام ژمارەی ئەو وڵاتانەی هێرشەکانیان تێدا کراوە یەکجار سنووردارە، بە جۆرێک لە کۆی ئەو 32 وڵاتەی لەو دوو ناوچەیەی جیهاندا هەن، هێرشەکان تەنیا لە هەشت وڵات کراون کە بریتین لە فەرەنسا (17 هێرش)، ئەمریکا (16 هێرش)، ئەڵمانیا (شەش هێرش)، بەریتانیا (چوار هێرش)، بەلجیکا (سێ هێرش)، کەنەدا (سێ هێرش)، دانیمارک (یەک هێرش) و سوید (یەک هێرش). بەو پێیەش 32 هێرش (واتە63%ی هێرشەکان) لە ئەوروپا بووە و 19 هێرش ( 37%ی هێرشەکان) لە باکووری ئەمریکا بووە.

زۆربەی هێرشەکان لە ناوەندە گەورەکانی شارەکان کراون. لە کۆی 15 هێرشەکەی ئەو سێ ساڵە 14 هێرشیان لە پایتەختەکان بووە کە بریتین لە پاریس (پێنج هێرش)، بەرلین (دوو هێرش)، لەندەن (دوو هێرش)، (ئۆتاوا یەک هێرش)، کۆپنهاگن (یەک هێرش) و ستۆکهۆڵم (یەک هێرش). ژمارەیەکی زۆریش لە هێرشەکانی دیکە لەو شارانە کراون کە ژمارەی دانیشتووانیان لەسەرووی 500 هەزار کەسە.

ڕاپۆرتەکەی (ICCT) دەڵێت چوار هۆکار هەن کە وادەکەن ئەو هێرشانە لەسەر شارە گەورە و گرنگەکان چڕ بکرێنەوە:

**یەکەم:** توانای خۆشاردنەوە و ئازادیی جموجۆڵ زیاترە.

**دووەم:** هەلی بەرزکردنەوەی ژمارەی کوژراوان و ڕادەی توندوتیژیی هێرشەکە زیاترە.

**سێیەم:** هەلی بەرزکردنەوەی زیانە مادی و ئابوورییەکان زیاترە.

**چوارەم:** بایەخی سیمبۆلیک و سیاسیی هێرشەکان لە شارە گەورەکان زیاترە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، تەمووزی 2016 خوێناویترین مانگ بووە لە سێ ساڵی ڕابردوودا. لەو مانگەدا چوار هێرش کراوە کە دووانیان لە فەرەنسا و دووەکەی دیکە لە ئەڵمانیا بوون.



لە سێ ساڵی ڕابردوودا تەمووزی 2016 بۆ وڵاتانی ئەوروپا خوێناویترین مانگ بووە

### چارەنووسی هێرشبەرەکان:

لە 51 هێرشەکەی سێ ساڵی ڕابردوودا 65 هێرشبەر بەشدارییان کردووە کە 43 کەسیان (واتە 66%ی کەسەکان) لە کاتی هێرشەکاندا کوژراون. 21 هێرشبەر (واتە 32%ی هێرشبەرەکان) دەستگیرکراون. تەنیا یەک هێرشبەر هەیە کە هەتا ئێستا دەستگیر نەکرابێت، ئەویش محەممەد عەبدولقادرە کە لە شوباتی 2016 هێرشی کردە سەر مەلایەک لە مانچستەر. گومان دەکرێت ئەو هێرشبەرە ڕایکردبێتە سووریا.

### قوربانیانی هێرشەکان:

لە هێرشەکاندا 395 کەس بوونەتە قوربانی و 1549 کەسیش بریندار بوون، بەو پێیەش تێکڕای کوژراوانی هەر هێرشێک زیاتر لە حەوت کەسە. خوێناویترین هێرشیش، هێرشەکەی تشرینی دووەمی 2015ی پاریس بووە کە 130 کەس کوژران و 368 کەسیش بریندار بوون. ئەو هێرشە هەتا ئێستاش بە یەکێک لە ئاڵۆزترین هێرشەکانی داعش دادەنرێت.

دووەم خوێناویترین هێرشیش هەر لە فەرەنسا و لە شاری نیس بوو کە تێیدا هێرشبەرێک بە بارهەڵگرێک چووبووە ئەو شوێنەی خەڵک یادی ڕۆژی نیشتمانیی فەرەنسایان دەکردەوە. لەو هێرشەدا 86 کەس کوژران و 458 کەسیش بریندار بوون. لەڕووی ژمارەی قوربانیانەوە فەرەنسا لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندەکە دێت، لەو وڵاتەدا 239 کەس بەهۆی ئەو هێرشانە کوژراون، دوای فەرەنساش ئەمریکا دێت کە 76 کوژراوی لەو جۆرە هێرشانەدا هەبووە.

### داعش و بەرپرسیارێتی هێرشەکان:

لە کۆی 51 هێرش داعش بەرپرسیارێتی 20 هێرش (واتە 39%ی هێرشەکان)ی گرتووەتە ئەستۆ کە ژمارەیەکیان هێرشی پلان بۆ داڕێژراو بوون (وەکوو هێرشەکانی پاریس و بەلجیکا) و هەندێکیان هێرشی "گورگە تەنیاکان" بوون، وەکوو هێرشەکەی نیس.

### تەمەن و ڕەگەزی هێرشبەرەکان:

پێنج کەس لە هێرشبەرەکان تەمەنیان لەخوار 18 ساڵ بووە کە چواریان لە ئەڵمانیا هێرشیان کردووە و تەنیا یەک کەسیان لە کانوونی دووەمی 2016 لە مارسیلیا لە فەرەنسا هێرشی کردبووە سەر مامۆستایەکی جوو. تێکڕای تەمەنی هێرشبەرەکان 27.3 ساڵ بووە و زۆرینەی هێرشبەرەکانیش تەمەنیان لە نێوان 25 بۆ 30 ساڵ بووە. 27%ی هێرشبەرەکان تەمەنیان لەسەرووی 30 ساڵ بووە و بە تەمەنترین هێرشبەریش خەلیل مەسعود، تەمەن 52 ساڵان، بووە کە لە ئاداری 2016 هێرشێکی لە وێستمینیستەر لە لەندەن ئەنجامدا.

لە مێژووی ڕێکخراوە توندئاژۆ ئیسلامییەکاندا ئافرەتان ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆیان لە هێرشەکاندا هەبووە، بەڵام ئەم ڕەوتە لە لایەن قاعیدە و داعش گۆڕانکاری تێدا کراوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە لە 65 هێرشبەرەکە دووانیان ئافرەت بوون. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کەمی ژمارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم ڕاپۆرتە تەنیا فۆکەس لەسەر بەشداری ڕاستەوخۆ لە هێرشەکان دەکاتەوە، نەک هاوکاریکردنی هێرشەکان.

لە کۆی ئەو 65 هێرشبەرەی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا هێرشیانکردووە، 73%یان هاووڵاتیی ئەو وڵاتە بوون کە هێرشەکەی تێدا کراوە، 14% بەشێوەیەکی یاسایی نیشتەجێی وڵاتەکە بوون، یان لە وڵاتێکی دراوسێوە بەشێوەیەکی یاسایی گەشتیان بۆ وڵاتەکە کردووە. سێ هێرشبەر (واتە 5%ی هێرشبەرەکان) پەناخواز بوون، چوار هێرشبەریش (واتە 6%یی هێرشبەرەکان) لە کاتی هێرشەکاندا وەڵامی نێگەتیڤیان لەسەر کەیسەکەی خۆیان وەرگرتبوو یان چاوەڕێی دیپۆرتیان دەکرد، دوو کەسیش بە بیانووی داوای پەنابەرێتی لە یۆنانەوە ڕوویان لە باکووری ئەوروپا کردبوو.

پێشینەی ئایینی و ڕەفتاریی هێرشبەرەکان:

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ناوەندی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، 17%ی هێرشبەرەکان ئەوانە بوون کە ئایینی خۆیان بۆ ئیسلام گۆڕیبوو. زۆربەی ئەو حاڵەتەش لە وڵاتانی باکووری ئەمریکا بووە. 73%ی ئەوانەی ببوونە موسڵمان پێشینەی تاوانکارییان هەبووە، 55%یان ماوەیەک لە گرتووخانەدا بوون.

لە 65 هێرشبەرەکەش 57%یان پێشینەی تاوانکاریان هەبووە و 34%یان ماوەیەک لە گرتووخانە بوون. زۆرینەی کەیسەکانیش پەیوەندییان بە مادەی هۆشبەر، دزی، هەڵگرتنی چەک و لێدان لە خەڵکەوە هەبووە. 82%ی هێرشبەرەکانیش بەر لە هێرشەکە لای دەسەڵاتی ئەمنی وڵاتەکەیان جێگەی گومان بوون. لە کۆی ژمارەی هێرشبەرەکان تەنیا 18%یان چەکداری بیانیی بوون و 82%ی دیکە سەردانی عێراق یان سووریایان نەکردبوو.

ژمارەی هێرشەکان بۆ سەر ئەمریکا و ئەوروپا:

| | |
|---|---|
| 51 | هێرش |
| 17 | فەرەنسا |
| 16 | ئەمریکا |
| 4 | ئەمریکا |
| 3 | بەلجیا |
| 3 | ئەمریکا |
| 1 | دانیمارک |
| 1 | سوێد |



# کۆتایی داعش..
# دادانەوەی دوا پەردەی بەعسیزم

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کە خۆری بەرەو ئاوابوونە، خۆی بە ڕێکخراوێکی سەلەفی ـ جیهادی لەقەڵەم دەدات، بەڵام گرووپە جیهادییەکان و چ نەیارەکانی دیکەشی، ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەفسەر و کەورە بەرپرسەکانی پێشووی ڕژێمی بەعسی عێراق لەو گرووپەدا پلەوپایە و دەسەڵاتی باڵایان هەبووە. لە ئایندەدا کە ئەم ڕێکخراوە دەبێتە بەشێک لە مێژوو، ئەم ڕاستیانە زەڵاڵتر دەردەکەون.

(فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

کرێگ وایتسساید، لێکۆڵەر و شارەزای بواری گرووپە توندڕەوەکان، لە گۆڤاری پێرسپێکتیڤ ئۆن تێرۆریزم (Perspective on Terrorism) دا بە وردی باسی بەشداریی کۆنە بەعسییەکان لە داعشدا دەکات. ڕاپۆرتەکەی وایتساید لەسەر سێ تەوەری سەرەکی دەوەستێ: یەکەمیان ئەو کۆنە بەعسییانەی لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەشداربوون، دووەمیان بریتییە لە کاریگەریی کۆنەبەعسییەکان لەسەر داعش لەڕووی ڕێکخستن و دامەزراندنی بیرۆکراسییەتێک بۆ داعش کە ببێتە گەورەترین و دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهان. لە بەشی سێیەمیشدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی بەعسییەکان تا چەندە دەستیان لەو ئایدیۆلۆژییەدا هەبووە کە داعش کاری بۆ دەکات.

ڕاپۆرتەکە باسی عەبدولڕەحمان بیلاوی، فەرماندەی پێشووی هێزی پیادەی عێراق دەکات کە چووە ڕیزەکانی تەوحید و جیهاد بە سەرکردایەتی زەرقاوی. بیلاوی تاکە کۆنە بەعسی بوو کە توانیبووی بچێتە نێو بازنەی سەرکردایەتی گرووپێکەوە، لە بنەڕەتدا گرووپێکی عێراقی نەبوو.

بیلاوی لە 2005 گیرا و لە تەمووزی 2015 لە گرتووخانەی ئەبوغرێب ڕایکرد. دووبارە گەڕایەوە نێو گرووپە جیهادییەکان و کرا بە ئەمیری سەربازیی هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی داعش لە عێراق، دواتریش سەرکردایەتی هێرشەکانی داعشی بۆ سەر پارێزگاکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق کرد.

سەمیر عەبد محەممەد خلفاوی (حاجی بەکر) بەرپرسێکی سەربازیی ڕژێمی بەعسی عێراقە کە لە 2003 بووە ئەندامی جەیشولئیسلام و لە 2006 دەستگیرکرا. بە گوێرەی فایلەکانی وەزارەتی نێوخۆی عێراق، سەرەتا نزیک بووە لە بریکاری زەرقاوی لە کەمپی بوکا، ئینجا بەرەو لای قاعیدە ڕاکێشراوە. حاجی بەکر دوای ئازادبوونی لە کەمپی بوکا کرایە بەرپرسی تیمی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی و لە 2010 پلەی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی سەربازیی ڕێکخراوەکە بەرزکرایەوە.

هەرچەند لەناو کاغەزەکانی ئەودا گرافیک و پلانی یەکجار ئاڵۆزی تێکدانی جومگەکانی بنکە سەربازییەکان دۆزراوەتەوە، بەڵام ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە پێیوایە پێشینەی حاجی بەکر ئەوە پشتڕاست ناکەنەوە کە زانیاریی ئەوتۆی لەبارەی ئەو جۆرە چالاکییانەوە هەبووبێت.

لە ڕاپۆرتێکی پێشتری هەمان گۆڤاردا ئاماژە بەوە دەکرێ کە "هەرچەندە سەرکردەکانی قاعیدە، دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقیان دامەزراند، بەڵام لە ساڵی 2010وە فەرماندە و بەرپرسە کۆنە بەعسییەکان بەرپرسیارێتی ئەنجوومەنە سەربازییەکانی دەوڵەتی ئیسلامییان لەئەستۆ بووە.

نووسەری ڕاپۆرتەکە پێیوایە هێنانی ئەو کۆنە بەرپرسانەی بەعس بۆ ناو بزووتنەوەکە بۆ ئەوە بووە بونیادی دەوڵەت لەنێو بزووتنەوەکەدا دامەزرێنن، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێت لێکۆڵینەوەکان زێدەڕۆییان کردووە لەبارەی بایەخ و ڕۆڵی بەرپرسە کۆنەکانی بەعس. یەکێک لەو کەیسانەش کە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەبو عەلی ئەنبارییە کە وەزیری دارایی داعش بووە و لە زۆربەی ڕاپۆرتەکاندا وەکوو کۆنەبەعسی لەقەڵەم دراوە، بەڵام پاش کوژرانی لەلایەن هێزێکی تایبەتی عێراقی، دەرکەوت ئەبو عەلی بەشێکی زۆر لە ژیانی سەلەفی بووە و بەر لە چوونە نێو قاعیدە لە 2003، ئەنسارولئیسلام بووە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە کەیسی پەیوەندیی نێوان عیزەت دووری و داعش دەکات و بە یەکێک لە نموونەکانی زانیاریی هەڵە لەسەر پەیوەندی بەعسییەکان بە بزووتنەوە ئیسلامییە توندئاژۆکانی دەزانێت. لە کاتێکدا هەم گرووپی نەقشبەندییەکانی سەر بە دووری و هەم داعشیش ڕەتیانکردەوە عیزەت دووری پەیمانی بە داعش دابێت. جیا لەمەش ڕاپۆرتەکە پێیوایە ڕەخنەی توندی گرووپەکەی دووری لە شێوازی حوکمڕانی داعش، کوشتاری شیعەکان لە کەمپی سپایکەر، لەسێدارەدانی بەرپرسانی پێشووی حکومەت لە مووسڵ دەریدەخات گرووپەکەی دووری و داعش نێوانیان باش نەبووە.

وایتساید دەڵێت ژیاننامەی سەرکردەکانی داعش دەریدەخات، سەرکردایەتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ئێستای داعش لە بزووتنەوە سەلەفییەکانی پێش 2003وە دێن، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەوە ئایدیۆلۆژیای سەلەفیزم بووە کاریگەری لەسەر کۆنەبەعسییەکان داناوە نەک بە پێچەوانەوە. ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە بەدووری نازانێت (حەملەی ئیمانی) کە حیزبی بەعسی عێراق لەدوای 1993 پەیڕەوی دەکرد، ڕۆڵی سەرەکیی بینیبێت لەوەی دواتر کادیر و ئەندامانی ئەو حیزبە لە گرووپە سەلەفییەکان نزیک ببنەوە.

بەڵام زۆر ئاماژە هەن کە وای دەردەخەن هەمان "مقاوەمە"ی عێراقیی پاش 2003 کە پاشماوەکانی بەعس سەرکردایەتییان دەکرد، بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری خۆیان، بەرگی جیهادیان پۆشی. ئەوەشی لەم تەکتیکەدا هاوکاریی کردن، ئەوە بوو کە لایەنی داگیرکەر ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بوو، جێگرەوەی بەعسیش شیعەی نزیک لە ئێران بوو.

مایکڵ بریل و سام هێلفۆنت، دوو توێژەری بواری ڕێکخراوە توندئاژۆکان، بە پێچەوانەی وایتساید پێیانوایە ڕووخانی دەوڵەتی عێراق و بەهێزبوونی شیعە هۆکاری سەرەکیی نزیکبوونەوەی بەعسییەکان و قاعیدە بووە لە یەکدی. واتە پەیوەندییەکە دوای ئەو قۆناغە بەهێز بووە و هیچ بەڵگەیەکی کۆنکریتی نییە ئەوە بسەلمێنێ کە سەدام یان سەرکردایەتیی بەعس پەیوەندییەکی شاراوەیان لەگەڵ ڕێکخراوە توندئاژۆکاندا هەبووبێت.

کرێگ وایتساید بەدووری نازانێت لەو قۆناغەدا قاعیدە و دواتر داعش هەستیان بە نیگەرانیی کۆنەبەعسییەکان کردبێت و بۆ پڕکردنەوەی شارەزاییە دەگمەنەکان بەکاریان هێنابن، هەڵبەت بەو مەرجەی شێوازی بیرکردنەوەی ڕێکخراوەکەیان قەبووڵ بووبێ.

بەعسییەکان و پێکهاتەی ئیدارییی قاعیدە و داعش

(دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق) یەکەم کابینەی خۆی لە ساڵی 2007 ڕاگەیاند کە ژمارەیەک ئەمیر و بەرپرسی باڵای لەخۆدەگرت، لەوانەش ئەمیری جەنگ، پەیوەندییە گشتییەکان، ئاسایشی گشتی، تەندروستی، میدیا، نەوت، شەریعە، شەهیدان و بەندکراوان، کشتوکاڵ و ماسی. ستروکتوری ئێستای دەوڵەتی ئیسلامی لە 2016 بۆ 2017ش لە هەمان ئەو بەشانە پێکدێت و تەنیا کۆمەڵە بەشێکی نوێی بۆ زیاد بووە، لەوانەش حسبە، غەنیمەتەکان و خزمەتگوزاری.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەو دامەزراوانەی کە لەساڵی 2007وە دەرکەوتوون، سەرەتای جیابوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق (داع) بوون لە شێوازی ڕێکخستنی باوی باڵی ناوەندی قاعیدە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت لە نێوان هەموو دامەزراوەکانی داع و داعشدا تەنیا (ئاسایش) ڕەنگدانەوەی کاریگەریی کۆنە بەعسییەکانی پێوە دیارە. بۆیە بەدووری دەزانێت کۆنە بەعسییەکان ئەو کاریگەرییە جەوهەرییەیان لە هەیکەلی گشتیی داع و داعشدا هەبووبێت کە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

## بەعس و توندوتیژیی جیهادی

لەسەرەتای جاڕدانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە 2007 ، زۆر لێکۆڵینەوە هۆکاری سەرکەوتنە خێراکان، توندوتیژیی لەڕادەبەدەر و چالاکییە هەواڵگرییە ئاڵۆزەکانی ئەو ڕێکخراوەیان بۆ کاریگەریی فەرماندە و بەرپرسانی هەواڵگریی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە ڕێکخراوەکەدا گەڕاندووەتەوە.

وایتساید پێیوایە ئەم لێکدانەوەیە لەسەر بنەمای گریمانەی ڕووتە و هەروەها مسداقیەتی مێژوویی نییە، چونکە بیرۆکەی بەکارهێنانی توندوتیژی وەکوو ئامرازێکی سیاسی لەلایەن ئەبو موسعەب زەرقاوییەوە بەرەوی پێدراوە، مێژووی ئەم بیرۆکەیەش بۆ 2003 دەگەڕێتەوە. زەرقاوی لە 2004 تیمی تیرۆری سەرکردەکانی شیعەی عێراق و دانانەوەی بۆمب و خۆکوژی دامەزراندبوو، سەرکردەکانی دواتری دەوڵەتی ئیسلامیش درێژەیان بە هەمان ڕێچکەی زەرقاوی دا.

بەڵام کۆمەڵێ ڤیدیۆی کوشتن و ئەشکەنجەدانی سەردەمی بەعس کە دوای 2003 کەوتنە بەردەست، وا نیشان دەدەن کە پاشماوەکانی بەعس لە قۆناغی دواتردا و لەناو گرووپە جیهادییەکاندا درێژەیان بە هەمان ڕێچکە دابێ ئەگەرچی بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەر دەست نییە بیسەلمێنێ کە بەعسیزم لەڕووی ستروکتور، ئایدیۆلۆژیا و چۆنێتی ڕێکخستنی چالاکییەکان و ئامانجەکانەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر قاعیدەی عێراق و داعش هەبووبێت.

## چاودێران دەڵێن ئەستەمە سەربگرێ

# ڕێککەوتنەکەی ئەمریکا و ڕووسیا میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەکاتە ئامانج

**بەشێکی سەرەکیی ڕێککەوتنی ئاگربەستی باشووری ڕۆژئاوای سووریا لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا، پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکانی نزیک لە ئێرانەوە هەیە کە پشتگیری لە مانەوەی ڕژێمی سووریا دەکەن.**

**ڕووداو- هەولێر**

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا لە پەراوێزی کۆبوونەوەی گرووپی 20دا کۆبوونەوەیەکی درێژیان سازدا، دوای کۆبوونەوەکە هەواڵی ڕێککەوتنی ئەمریکا و ڕووسیا لەسەر ئاگربەستێک و پلانی دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا بڵاوبووەوە، بەڵام وردەکارییەکی ئەوتۆ لەبارەی ڕێککەوتنەکە لەبەردەستدا نەبوو.

گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی لە زاری سێ دیپلۆماتەوە ئاشکرای کردووە کە لە ڕێککەوتنەکەدا باسی نیگەرانیی ئیسرائیل و ئوردن سەبارەت بە جموجۆڵەکانی هێز و میلیشیاکانی سەر بە ئێران، لەوانەش حیزبوڵڵا کراوە. لە ڕێککەوتنەکەدا کە ئوردن یەکێک لە جێبەجێکارانی دەبێت، داوا کراوە ئەو میلیشیایانە لە بەرزاییەکانی جۆلان نزیک نەبنەوە.

ژمارەیەک دیپلۆمات و فەرماندەی سەربازیی پێشووی ئەمریکا گومانیان هەیە ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێ، لەبەر ئەوەی ڕووسیا ناتوانێ گەرەنتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بکات. جێراڵد فیەرستاین، دیپلۆماتی پێشووی ئەمریکا پێیوایە "پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کێ ڕێکەوتنەکە جێبەجێ دەکات؟ تۆ بڵێی ڕووسیا ئامادەبێت ئەرکی ئەوە بگرێتە ئەستۆ کە بە ئێران بڵێت چی بکات؟".

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکەی نێوان ئەمریکا، ڕووسیا و ئوردن (کە ئێستا ئیسرائیلیشی تێکەوتووە) حکومەتی سووریا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەو ناوچەیە ئاگربەست ڕادەگەیەنن.

بەپێی ڕێککەوتنەکە ناوچەکانی خوار قونتەرییە و سوەیدا دەکرێتە زۆنێک کە نابێت گرووپ یان چەکداری غەیرە سوورییایی تێدابێت، لەوانەش میلیشیاکانی سەر بە ئێران، چەکدارانی قاعیدە و چەکدارانی داعش.

فرێد هۆف، ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا پێیوایە "ئەم پلانە بۆ ئەوەیە دڵنیایی بە ئیسرائیلییەکان بدرێت کە ئەو گرووپانە لە نزیک بەرزاییەکانی جۆلان چالاکی ناکەن".

دیپلۆماتکارەکەی پێشووی ئەمریکا پێیوایە هیچ چەشنە ئاگربەستێک لە سووریا بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی ئێران سەرناگرێت، جیا لەمەش ڕوانگەی ئێرانییەکان بۆ داهاتووی سووریا بە بەراورد لەگەڵ ڕوانگەی ڕووسەکان لە ڕوانگەی حکومەتی سووریا نزیکترە. لە کاتێکدا هەم ئێران و هەم ڕژێمی سووریا سوورن لەسەر ئەوەی هەتا سوپای سووریا و لایەنگرانی دەست بەسەر هەموو سووریادا نەگرن، شەڕی نێوخۆیی لەو وڵاتە کۆتایی نایەت، بەڵام مامەڵەی ڕووسیا لەگەڵ داهاتووی سووریا پراگماتیکترە. بە بۆچوونی فیەرستاین "قورسایی شەڕی لایەنگری لە ڕژێمی سووریا کەوتووەتە سەرشانی ئێران و میلیشیاکانی، نەک ڕووسیا. بەرپرسانی ئێرانیش ڕایانگەیاندووە هیچ ڕێککەوتنێک بێ ڕەزامەندیی ئەوان سەرناگرێ.

ئێران و ڕووسیا لە سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆی سووریاوە لە بەرەی پارێزگاری لە دەسەڵاتی ئێستای سووریا بوون. ئەم هاوپەیمانییە لە ساڵی 2015 و لەگەڵ بەشداریی ڕاستەوخۆی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا لە جەنگی سووریا بەهێزتر بووە، بەڵام هەتا ئێستاش ئێران هاوپەیمانی سەرەکیی سووریایە نەک ڕووسیا، چونکە ستراتیژی ئێران زیاتر لە خەونی حکومەتی سووریا بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە نزیکە.

هۆف پێیوایە "هۆکاری سەرەکیی مانەوەی ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات ئێران بووە نەک ڕووسیا". بەدووریشی دەزانێت "ڕووسیا پەلە لە جێبەجێکردنی ئاگربەستەکە و پلانی دامەزراندنی ناوچەی ئارام بکات، یان بێ بیرکردنەوە لە ئاکامەکانی ڕێککەوتنەکە یەکسەر جێبەجێی بکات".

لە ماوەی نزیک دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووسیا چەندینجار لە کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی میلیشیا شیعەکان و هێزەکانی لایەنگری ئەسەد شکستی هێناوە. دوایین نموونەشیان بۆ هێرشی هێزەکانی نزیک لە ئێران و فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی سووریا بۆ سەر ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەگەڕێتەوە کە هێزی تایبەتی ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکراتی لێ جێگیرکراوە، بۆیە ئەمریکا ناچار بوو فڕۆکەیەکی سووری و فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی دروستکراوی ئێران بخاتەخوارەوە و هێزەکانی سەر بە ئێران لەو ناوچەیەش بکاتە ئامانجی هێرشەکانی.

لە بەشێکی دیکەی ڕێککەوتنەکەدا داوا دەکرێت حوکمڕانی و ئاسایشی ئەو ناوچەیە لەدەستی ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆندا بمێنێتەوە کە ئێستا لە ناوچەکەدا دەسەڵاتدارن، ئەم داوایەش بەو مانایەیە هەتا ئەو کاتەی ئاگربەستەکە هەبێت، حکومەتی سووریا نابێ هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا بدات. چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە ئەم داوایە مەشروعیەتی زیاتر بە دابەشبوونی سووریا دەدات.

بەشێکی ڕێککەوتنەکەش کە گومان دەکرێ لەسەر داوای ئوردن بووبێت، پەیوەندی بە گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان و کردنەوەی ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوەی پەنابەرانی سووری بۆ ناوچەی ئارام لە باشووری ڕۆژئاوای سووریاوە هەیە. ئێستا ئوردن 650 هەزار کۆچبەری سووری لەخۆگرتووە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لێدوانی جیاواز و دژبەیەک سەبارەت بە وردەکاری و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانی ئاگربەست لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا دراوە. سێرگەی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕاگەیاندووە، بنکەیەکی چاودێریی ڕێککەوتنەکە لە ئوردن دەکرێتەوە، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەو لێدوانەی لاڤرۆڤی ڕەتکردەوە.

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە (فۆرین پۆلسی) ڕاگەیاند: "هەتا ئێستاش ئەمریکا و ڕووسیا کار لەسەر وردەکاریی ڕێککەوتنەکە دەکەن، بۆ نموونە کێ چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بکات، ئەو ڕێسایانە چین کە لایەنەکان بۆ پاراستنی ئارامی ناوچەکە دەبێت لەبەرچاوی بگرن و ئاخۆ پێویست دەکات چاودێر لە ناوچەکە جێگیر بکرێت".

یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی چاودێرانی ئەمنی و سیاسی ئەمریکا ئەوەیە کە پێنتاگۆن کەم تا زۆر ئاگاداری ڕێککەوتنەکە نەبووە. بۆیەش گومان دەکەن وەکوو چۆن ڕێککەوتنی هەماهەنگی هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا لە سەردەمی ئۆباما شکستی هێنا، ئەم ڕێککەوتنەش بەهەمانشێوە تووشی شکست بێت. ئەو کاتیش فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە گومانی هەبووە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئێران وەک دراوسێی ئیسرائیل

لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە تا رووخانی شای ئێران، سەرەڕای نارەزایەتی جیهانی ئیسلامی لە قبوڵکردنی دەوڵەتی جوو، ئێران یەکێک بوو لەو وڵاتانەی ناوچەکە کە پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسی و ئابووری و تەنانەت پەیوەندیی سەربازیشی لەگەڵ ئیسرائیل هەبووە. جگە لە پێویستییەکانی تری پەیوەندیی نێوانیان، ترس لە هەژموون و پێگەی عەرەب و یەکێتیی سۆڤیەت خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوولایان بوو. بەڵام لە هاتنە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامییەوە هاوکێشەکان گۆڕان، بەهۆی پشتیوانیی ئێران لە مقاوەمەی (فەلەستینی و حیزبوڵڵای لوبنانی)، پەیوەندییەکانی تاران و تەلئەبیب بەشێوەیەکی خێرا گۆڕا و لەو کاتەوە نەک هەر ناکۆکن بە یەکتری، بەڵکوو وەک دوژمنی ستراتیجی لەیەکتر دەڕوانن.

هەرچەندە لە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا، بەهۆی ئەو گەمارۆیەی جیهان خستبوویە سەر ئێران و بە پێچەوانەشەوە بەرەیەکی پشتیوانی بەرفراوانیان بۆ پرچەککردنی عێراق پێکهێنابوو، ترس لە بەهێزبوونی سوپای عێراق و بەرەی عەرەبی، کە لەیەک کاتدا مەترسی بوو بۆ ئیسرائیلیش، بەشێوەی نهێنی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و تەلئەبیب دۆخێکی تری بەخۆوە بینی و دەوڵەتی ئیسرائیل کۆمەکی سەربازیی بە ئێران دەکرد لە دژی عێراق، بەهۆی ئیسرائیلەوە ئێران دەستی گەیشت بە بەشێکی زۆر لەو چەکە پێشکەوتووانەی ئەو سەردەمەی ئەمریکا. بەڵام ئەم هەماهەنگییە لەگەڵ کۆتایی شەڕی عێراق ئێران کۆتایی هات و نەبووە خاڵێکی بەهێز بۆ رەواندنەوەی مەترسییەکانیان لە یەکتری.

ئێران و ئیسرائیل وەک جوگرافیا لێک دوورن، بەڵام تەکنەلۆژیای سەربازیی ئسرائیل مەترسی لەسەر ئێران هەیە و پەرەپێدانی مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئێران و ئەگەری دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی، هەڕەشەکانی ئێرانیشی لەسەر ئیسرائیل زیاتر کردووە. هەرچەندە رێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جۆرێک دڵنیایی دروستکردووە لەوەی ئێران نەتوانێ پەرە بە کوورە ئەتۆمییەکانی بدات، بەڵام ئێستا ئێران لە کورتکردنەوەی جوگرافیادا خەریکە مەترسی دەخاتە سەر ئیسرائیل، واتا ئەگەر لەڕووی تەکنەلۆجیای سەربازییەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانیبێتی بەر بە پێشکەوتنی توانای سەربازیی ئێران بگرێت بەوەی چەکەکانی نەگەنە ئیسرائیل، ئێستا لە رێگەیەکی ترەوە دووریی مەودای نێوان ئیسرائیل بۆ ئێران کورتتر دەبێتەوە.

ئەو رێگە وشکانیەی ئێران چەندین ساڵە کاری بۆ دەکات و یەکێک بووە لە ئامانجەکانی شۆڕش کە ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان پێکەوە دەبەستێتەوە، ئێستا سیناریۆی داعش خەریکە ئێران لەو ئامانجە نزیک دەکاتەوە. لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، واشنتن گۆڕەپانی عێراقی بێ پاسەوان بۆ ئێران بەجێهێشت و دوای هاتنی داعش بۆ عێراق و بەهۆی شەڕی سێ ساڵەی دژ بە داعشەوە، چ بەهۆی حەشدی شەعبی وەک بەشێک لە ستراتیجیەتی شیعە لە ناوچەکە و هەروەها بەهۆی ئامادەیی راستەوخۆی سوپای قودس لە شەڕەکەدا، ئێران رێگا وشکانیەکەی، بەبێ بوونی هیچ لەمپەرێک لە ئێرانەوە بۆ عێراق و بۆ سووریا دەستەبەر کرد. ئێستا رۆژانە دەبیستین یەکەی تایبەت بە سوپای قودسی ئێرانی لەناو خاکی سووریا ئەرکی تایبەت جێبەجێ دەکەن. کەواتا وەک قۆناغی یەکەم کشانەوەی ئەمریکا ئێرانی پەلکێشی عێراق کرد، شەڕی داعش ئێرانی گەیاندە سووریا و بە ئاسانی لە سووریاشەوە دەگاتە لوبنان. لەناو خاکی سووریا لە بەرزاییەکانی جۆلان و لەناو خاکی لوبنانیشەوە راستەوخۆ ئێران دەبێتە دراوسێی ئیسرائیل و دەتوانێ بە ئاسانی ئامانجەکانی دژ بە ئیسرائیل بپێکێت. ئەمەش ئەو تەڵەیەیە کە دواجار بەپێی ئێراندا دەتەقێ.

ئەوەی مەبەستمە لەم وتارەدا ئەوەیە کە ئەمریکا زۆر لە مێژە دەیەوێ رۆڵی ئێران لاواز بکا و سوپای ئێران بچووک بکاتەوە. پێویستی بەوەیە شەڕێک لەگەڵ ئێران بکات، بەڵام لە دوای شەڕی ئەفغانستان و عێراق، وەرگرتنی بڕیار بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران هێندەی خودی شەڕەکە قورسە. واشنتن چەندین ساڵە کار لەسەر ئەوە دەکات وێنای ئێران وەک مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمرکا پیشانی کۆمەڵگەی ئەمریکی بدات، هەوڵیداوە ناکۆکی و کێشەی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دۆستی ئەمریکا گەورەتر لە قەبارەی خۆی وێنا بکات، ئێران بکات بە دێوەزمەیەکی گەورە لەپێشچاوی هاوپەیمانەکانی و خەڵکی ئەمریکا. بۆ ئەم مەبەستە و گەیشتن بەو ئامانجە کە شەڕی ئێرانە، پێویستی بە گەورەکردنی زیاتری ئێرانە. دەیەوێ ئێران پەلبهاوێت بۆ زۆرترین ناوچەکانی دەوروبەری و ببێتە مایەی هەڕەشە و مەترسیی زیاتر لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و دۆستەکانی.

ئەم سیناریۆیە لە کشانەوەی ئەمریکاوە لە عێراق دەستپێدەکات، سەرەتا ئێرانی پەلکێش کردە ناو عێراقەوە، هێنانی داعش بۆ ناو عێراق، ئێرانی زیاتر پەلکێش کرد بەرەو قووڵایی و ناوچە سنوورییەکانی سووریا. بەمەش ئێرانی خستە سەر کەڵکەڵەی بەدیهێنانی ئامانجەکەی لە پێکەوە بەستنەوەی هیلالی شیعی. بەبەرچاوی مانگە دەستکردەکانی ئەمریکاوە فەرماندە و بەرپرسان و یەکە تایبەتەکانی سوپای پاسداران لە عێراق تەراتێنیانە، هەڵکشان بۆ سووریا و، ئەمریکا لە ئاسمانەوە هاوکاریی پێشڕەوییەکانی ئەو سوپایەی دەکرد کە ئێران لەژێر پەرچەمەکەیدا خۆی حەشار دابوو، لە سووریاش ئاگای لە جموجوڵی رۆژانەیانە، تەنانەت لە سووریاشەوە بۆ لوبنان.

ئەمریکا ئەوەی دەوێ، پێویستی بەوەیە سوپای پاسداران بگاتە سووریا و لوبنان، چاوپۆشی لەوەش دەکات سبەینێ ئێران کاروانی سەیارەی بارهەڵگری پڕ لە مووشەک لە تارانەوە بەرێگەی وشکانیدا بگەیەنێتە دەستی حیزبوڵڵای لوبنان و رۆژانە شارەکانی ئیسرائیل مووشەکباران بکرێن. چونکە تەنها لە حاڵێکدا دەتوانێ کۆمەڵگەی ئەمریکی ئامادە بکات بۆ بڕیاردان لە شەڕی دژ بە ئێران، کە مەترسییەکانی ئێران راستەوخۆ بگەنە نێو ماڵی ئیسرائیل، چونکە بەشی زۆری ناوەندەکانی بڕیاری ئەمریکا، لەژێر هەژموونی لۆبی جووەکاندان. ئەمریکا پێویستی بەوەیە ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی لە دوای هاتنە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل هەن، لە هەڕەشەوە بکرێن بە کردار، واتا تەنها لە گوتاردا خوازیاری مەرگ بەر ئیسرائیل نەبن، بەڵکوو دەبێت بە کردەوە مەرگ بۆ ئیسرائیلییەکان بچێنن کە لە دید و ستراتیژی ئەمریکادا چاندنی تۆوی مەرگ بۆ جوو، مەرگی تارانی بەدواوە دەبێت.



بەختیار کەریم

# هۆتێل کوردستان

ساڵی 1991 پاش سەرکەوتنی راپەڕین، هێزە سیاسییەکان لە پێشبڕکێی ئاودیوکردنی هەموو جۆرە کەلوپەلێکدا بوون بۆ ئێران. یەکێک لە شرۆڤەکانی ئەو کات بۆ ئەم دیاردە سەیرە، ئەوە بوو کە سەرکردەی ئەم هێزە سیاسییانە گومانیان لە سەرکەوتنی ئەزموونی دوای راپەڕین هەیە، لەبەرئەوە پەلەی تاڵانکردنی کوردستان و پڕکردنی گیرفانی خۆیانە. بۆ خەڵکی هۆشیار ئەمە جێگەی خەم و تێڕامانێکی قووڵ بوو: چۆن دەکرێت کەسانێک کە چەندین ساڵ لە چیاکان مەرگیان خستووەتە پێش خۆیان، ئێستا پاش ئازادبوونی بەشێکی بەرچاوی وڵاتەکەیان، بەم شێوەیە تاڵانی دەکەن؟ بەکورتی کوردستان بۆ سەرکردایەتی هێزە سیاسییەکان (بەبێ جیاوازی) تەنها هۆتێلێک بوو بۆ مانەوەیەکی کاتی، لەبەرئەوە هەوڵیاندەدا زۆرترین سوود لەم مانەوە کاتییە لە هۆتێل کوردستان وەربگرن. ئەوەی لە توانای پێشبینیکردنی ئەو سەرکردانە بەدەربوو، مانەوەی هۆتێل کوردستان بوو بۆ ماوەیەکی درێژ و گۆڕانی سروشت و ئەرکی هۆتێل کوردستان. ئەو سەرکردایەتییەی خۆیان بە میوانێکی کاتیی دەزانی، ئێستا بوونەتە خاوەنی یاسایی هۆتێل کوردستان!

ئێستا هۆتێل کوردستان ئاماژەیە بۆ دیاردەیەکی تر کە دیسان رەهەندی ئابووریی هەیە (هەموو شتەکان، بەتایبەتی لە کوردستان رەهەندی ئابوورییان هەیە!)، لەژێر فشاری قەیرانی ئابووری و نەزانیی حکومەت لە بەڕێوەبردنی ئابووری و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی وەک ئاگری سەرخەرمان، خەڵکی کوردستان هەستدەکەن لە هوتێل کوردستان نیشتەجێن و بۆ هەموو شتێک دەبێت شتێک بدەن (پارە یان بەهایەکی تر). هاوشێوەی نیشتەجێبوون لە هۆتێل، ژیان لە کوردستان بێبەرامبەر نییە. ئاو، کارەبا، پەروەردە، تەندروستی، رێگاوبان و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی تر بەرامبەر بڕێک پارە، بە کواڵیتی و نرخی جیاواز بەردەستن. بێگومان لەسایەی مەکینە بێبەزەییەکەی سەرمایەداریدا، ئابووریی هەموو جیهان ئەم ئاراستەیەی وەرگرتووە، ئەوەی جیاوازە لە کوردستان چەمکی "هاووڵاتی" لە هەموو واتا سیاسی-یاساییەکانی بەتاڵکراوەتەوە و گۆڕاوە بۆ "نیشتەجێ"ی هۆتێل کوردستان. چیتر ئێمە هاووڵاتی نین بەواتا سیاسییەکەی، بەڵکو وەک بەکاربەری ئابووری، بەپێی ئەو پارەیەی پێمانە، لە یەکێک لە بەشەکانی هۆتێل کوردستاندا نیشتەجێ دەبین، ئیتر خۆمان و بەختمان.

لە سایەی عەقڵیەتی بە هۆتێل سەیرکردنی کوردستاندا، ئێستا هەموو شارەکانی کوردستان، بەپێی شێوازی ژیان دابەش بوون بەسەر ناوچەی دەوڵەمەند و هەژاراندا، کە ئەوانیش جارێکی تر دابەش بوونەتەوە بۆ ناوچەی وردە دەوڵەمەند و هەژاری رەها. بۆ نموونە لە هەولێر، هەولێرێکت هەیە لەسەر مۆدێلی مێترۆپۆڵێتانتەکانی وەک نیویۆرک و لەندەن کە میوانەکانی ئەم بەشەی شار هەست دەکەن گوڵ و گوڵزار و ئارامییەکی بێوێنە لە پێشوازییاندایە، بەڵام تەنها چەند کیلۆمەترێک لەولاوە، هەولێرێکت هەیە لەسەر مۆدێلی وێرانەشارەکان (شانتی تاون)ەکانی دەلهی و جۆهانسبێرگ کە زێرابەکانی لە پێشوازیی میوانەکاندان. ئەم جیاوازییە گەورەیە، کە پێناچێت ئیدارەی شار و سەرکردایەتی حکومەت ببینن، چونکە خۆیان تەنها لە بەشە گوڵاوییەکەی شار دەژین و کاردەکەن، ئاکامی مەترسیداری هەیە لەسەر ئایندەی شار و وڵات! ئەمە بابەتێکی زێدە گرنگە و پێویستی بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەیە. بەڵام ئێستا باسی رەهەندێکی تری هۆتێل کوردستان دەکەین، کە زیاتر دەرەکییە.

رەهەندێکی دەرەکیی هۆتێل کوردستان، هەوڵەکانی حکومەتی عێراقە بۆ کردنی کوردستان بە هوتێلێکی گەورە و هاوینەهەوارێک بۆ هاووڵاتییە پلەیەکەکانی عێراق. ئیتر هۆتێل کوردستان دەبێتە تەنها دەروازەی بژێوی خەڵکی کوردستان (هاووڵاتییە پلەدووەکانی عێراق)! ئەوان دێن و ئێمە و پارێزگاری شار تا (پشتی سەیتەرە) بەرەوپیریان دەچین و هەموومان وەک کارمەندی هۆتێلە گەورەکە لە خزمەتی ئەم میوانە شیرینانەدا دەبین! لە کۆتایی هەموو وەرزێکیشدا، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەشانازییەوە داتاکان بڵاودەکاتەوە: چەند کەس هاتن و چەند کەس خزمەتیان کردن!

لێرەدا مەبەست بەکەم سەیرکردنی بەهای کەرتی گەشتوگوزار نییە، گەشتوگوزار بایەخی گەورەی هەیە بۆ ئابووریی هەر وڵاتێک، بەڵام لە کوردستان گەشتوگوزار بووەتە خاڵی یەکتربڕی ئەم سێ جۆرە هۆتێلەی لەسەرەوە باسکران: ئەو هۆتێلەی سیاسییەکان بوونەتە خاوەنی، ئەو هۆتێلەی هەموومان تێیدا کرێچین و ئەو هۆتێلەی هەموومان تێیدا خزمەتکارین. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ ستراتیژێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە هیچ یەکێک لە بوارەکاندا. وڵاتێک کە ستراتیژی پاراستنی زمانی نەتەوەیی نەبێت، چۆن چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ستراتیژی گەشتوگوزاری هەبێت؟ بەکورتی گەشتوگوزار بووەتە کەرتێکی ئابووریی دابڕاو لە هەموو بوارەکانی تر، بەتایبەتی بوارە گرنگەکانی وەک ژینگە، زمان، کولتوور، ئاسایشی نیشتمانی و شوناسی نەتەوەیەک کە بەدرێژایی مێژوو ئەوەندەی ئێستا شوناسی لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوە و لەناوچووندا نەبووە.

دەکرێت کەلێنی گەورەی لەم جۆرە لەو هۆکارانە بن کە ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر، کە لە بنەڕەتدا سەربەخۆییخوازن، گومان لە توانای ئەم سەرکردایەتییەی ئێستا بکەن بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کوردستان. شکستی ئەم سەرکردایەتییە لە پاراستنی خەونی دەوڵەت و سەربەخۆیی و گۆڕینی ئەم خەونە بۆ خەونی هەبوونی ژوورێکی باشتر و باڵێکی باشتر لە هوتێل کوردستان، هۆکارە بۆ ئەوەی لاوەکانی ئەمڕۆ بە بێباکییەوە لە خەونی دەوڵەت بڕوانن. ئەمانە هەر ئەو لاوانەن کە باوکیان گیانی بۆ کوردستانێکی ئازاد بەخشی، کەچی ئەمڕۆ لە سایەی ئەو هەڵە گەورانەی چارەکە سەدەیەکە هاوار دەکەین مەترسیدارن، بەشێکی زۆری ئەم لاوانە هیچ ئومێدێکیان بەو کوردستانە نەماوە کە ئێوە کردووتانەتە هۆتێل.

بۆ ئەوەی کوردستان لە هۆتێلەوە بکەینەوە بە نیشتیمان، بۆ ئەوەی کاردانەوەمان بۆ گلەیی لاوان، تەنها رەتکردنەوە نەبێت، دەبێت وزەکان ئاراستە بکەین بەرەو راستکردنەوەی ئەو هەڵە گەورانەی چارەکە سەدەیەکە دووبارەیان دەکەینەوە، پاشان هەوڵ بدەین بۆ بونیاتنانی ئایندەیەک کە هەمووممان ببینە خاوەن ئەرک و بەرپرسیارێتی. بەبێ ئەم هەنگاوە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان، ئێمە تەنها دەتوانین قەڵاکانی رابردوو لە ئایندەدا بەناوی کۆشکەوە بونیات بنێینەوە و شتێکمان نەبێت بەناوی نیشتیمان، تەنانەت ئەگەر خاوەنی دەوڵەتیش بین!



کاوە ئەمین

# "هیچ شتێک لە سەربەخۆیی بەنرختر نییە"

بەیانییەکی ساڵی 1985، لە مەوقیفێکی پاسەکانی ئازادی لە شاری سلێمانی چاوەڕێی پاسم دەکرد، بە عەموودێکەوە پارچە کاخەزێک کە بە سیکۆتین پێوەی لکێنرابوو سەرنجی راکێشام، کاتێک چوومە پێشەوە نەخشەیەکم بینی لە ناوەڕاستیدا نوسرابوو کوردستان، لە دامێنی کاخەزەکەدا نووسرابوو "پارتی سۆسیالیستی کورد — پاسۆک". ئەوە یەکەمجارم بوو نەخشەیەک ببینم کە کوردستانی بەو گەورەییە لەسەر نەخشێنرابێت. ئیدی ئەو نەخشەیە لەمێشکمدا چەسپی. ساڵێک دواتر بە ئەدەبیاتی پاسۆک ئاشنابووم و زانیم "ئاڵای سووری کوردایەتی" چییە!

دواتر لە سوێد، زیاتر لە نرخ و بەهای سەربەخۆیی و دەوڵەت تێگەیشتم، دەمبینی خەڵکی وڵاتانی جۆربەجۆر چۆن وڵاتی خۆیان خۆشدەوێت، چۆن رێز لە ئاڵای خۆیان دەگرن و پاش چەندین ساڵ ژیان لە سوێدیش هێشتا حەزیان لە دەنگی دەهۆڵی وڵاتەکانی خۆیانە. باشووری کوردستان فیدراڵیەتی راگەیاند و بەهەموو کەموکورتییەکانییەوە دەرگایەک بوو بەرەو سەربەخۆیی یەکجاری. شەڕی براکان هەموومانی تاساند و هەموومانی شەرمەندە کرد، رەخنەبارانی دەسەڵاتی کوردیمان کرد، بەڵام وڵاتمان زیاتر لا شیرینتر بوو.

لەوێ لە نزیکەوە بە ئەدەبیاتی پەکەکە ئاشنابووم و هەندێک لە کادرە دڵسۆزەکانیم ناسین، باسی یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچەی کوردستان بەتەواوەتی مەستی کردین، ئەگەرچی هیچ کاتێک ئەندامی ئەو حیزبە نەبووم، بەڵام دروشمەکانی بۆ من هێندە گەورەبوون، وامدەزانی فریای ئەوە ناکەوم بەردێک بخەمە سەر بەردی سەربەخۆیی و ئەوان دیوارەکە تەواو دەکەن. تەنانەت گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە دەبێت لەکاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستاندا تا چەند ساڵێک یەک پارت و یەک سەرکردە هەموو سنوورەکان بگرن تا کوردستان دەکەوێتە سەر پێکانی خۆی.

رۆژنامەی سەرخۆبوونی پەکەکە کە هەمووی بە تورکی بوو تەنیا یەک دێڕی نەبێت بە کوردی کرابووە دروشمی رۆژنامەکە، ئەویش بە خەتێکی سوور نووسرابوو: هیچ شتێک لە سەربەخۆیی و ئازادی بەنرختر نییە!

تورکیم نەدەزانی، بەڵام لەبەر ئەو دێڕە کوردییە پڕ ناوەڕۆکە، رۆژنامەکەم دەکڕی. ئیدی زیاتر رقم لە وشەی "ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمیی راستەقینە"ش دەبووەوە کە سەردەمانێک دورشمی سیاسی پارتەکانی باشووری کوردستان بوو.

کەچی لەپڕ وەکو کاسەیەک خۆڵ و دۆ بەسەرماندا بکەن، پەکەکەش دەستبەرداری سەربەخۆیی بوو، ئیدی سەربەخۆیی کوردستان لایان بووە "پرۆژەیەکی کۆنەپەرستی"، پڕ بە گەروویان هاواریان کرد باوی باسکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەماوە و ئەوە بیرکردنەوەی "ناسیۆنالیزمی سەرەتاییە".

باسکردنی سەربەخۆیی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا بوو بە دروشمێکی چەپسپاو لای سەرۆک مەسعود بارزانی و لە زۆر بۆنە و گوتاری جیاوازدا دووپاتی دەکردەوە. بەڵام ئەوانەی کە لەسەر تیۆری رووخانی دیواری ماڵی بارزانی سیاسەتیان کرد، کەوتنە دژایەتی و لاقرتێکردن، ئەو قسانەیان بە "سەربەخۆیی بەهاران" و لەو شتانە دەدایە قەڵەم، بەتایبەتی لایەنگرانی پەکەکە و هەندێک حیزب و بزووتنەوە، پەکەکە هەتا داوای سەربەخۆیی دەکرد، کوڕێکی دیکە بوو، هەرچەندە ریفراندۆم لە کوردستان هیچ پەیوەندییەکی بە پەکەکەوە نییە، بۆیە دژایەتی پەکەکە بۆ ریفراندۆم بە وەکالەتە.

ئێستا کە شتەکە بووە بە جددی و بڕیاری لەسەر دراوە و دەبێت گشتپرسی بکرێت، دەڵێن ئەمە پرۆژەی پارتییە، پارتی دەیەوێت بیکات بە دەستکەوتی خۆی. ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە یەکێتی ناتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەوان دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس بە مۆنۆپۆڵی خۆیان دەزانن و دەڵێن کۆپی رایتەکەی هی خۆمانە، دەی برادەرینە کەواتە چاوەڕێی چین، بۆ نایکەن بە پرۆژەی خۆتان؟

ریفراندۆم و سەربەخۆیی موڵکی هیچ پارتێک و تاکێکی کورد نییە بەتەنیا، بەڵکو پرۆسەیەکی نەتەوەییە کە تەنیا و تەنیا کەرامەتی کورد بە سەربەخۆیی دەپارێزرێت بە عێراقچیەکانیشەوە، ئاخر ئەگەر باشووری کوردستان لەسەر عێراق نەبێت، کێ حساب بۆ ئەو مقاشانە دەکات.

ئەگەر هەموو پارتەکان پێکەوە لەگەڵ ریفراندۆم و سەربەخۆیی بن و خەنجەرەکانیان لە کێلان دەربهێنن بۆ پاراستنی دەوڵەتی کوردستان و پشتی یەک بگرن باشە، باشترە پێش ئەوەی هەرشتێک بین کوردبین، بەڵام کە بەشێک نەبن و نەیانەوێت، دەبێت سەرۆک مەسعود بارزانی ئەو هەنگاوە بهاوێت و چاوەڕێ نەکات، سەد ساڵە چاوەڕوانین، ناکرێت نەوەکانی داهاتووشمان سەد ساڵی دیکە چاوەڕێ بن. دەوڵەتی کوردستان لە گوندێکیش بێت رابگەیەنرێت باشترە لەوەی کە رانەگەیەنرێت. ئازەرییەکان پەندێکیان هەیە دەڵێت: 'ساڵی جارێک دەمانەوێت نوێژێک بکەین، بەڵام شەیتان لێ ناگەڕێت."، ئێستا کورد کە دەیەوێت بۆ یەکەمینجار بەردە گەورەکە بهاوێت، پیاوە گچکەکان رێگریی دەکەن، بۆیە ناکرێت چیدی چاوەڕێ بکرێت.

خۆ رەنگە بە خێرایی هەموو گرفتەکانی کورد بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان چارەسەر نەبن، بەڵام لەو دەوڵەتەدا دەتوانین هەموومان کار بۆ یەکسانی و دادوەریی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی بکەین، ئاخر کوردستانێکی ئازاد، یەکسانیی دەوێت، یەکسانیش بەبێ سەربەخۆیی و ئازادی بەدی نایەت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بەرهەم سالح دەتوانێ؟

1

سیاسییەکی شارەزا و تێکنۆکراتێکی لێوەشاوە کە بەدەردی یوسفی کەنعان چووە، ئیتر هیچ شانسێکی لەبەردەمدا نەماوە مەگەر ئەوەی لەو بیرەی (براکانی) تێیانهاویشتووە، بهێنرێتە دەرێ. پێگەی دکتۆر بەرهەم سالح لەناو یەکێتیدا و رۆڵی ئەو پیاوە لە دروستکردنی رایەڵەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، هەمیشە جێگەی ئیرەیی بەناو هاوقەتارانی بووە. گوناهی ئەو پیاوە ئەوە بوو کە کوڕی پیاوێکی خوێندەوار بوو، لە باوکەوە مەلایی و لە دایکەوە جەلالی! قەت دڵی دایکی نەشکاند، بەڵام شکۆی باوکیشی پاراست. ئەوە راستییە کە هەموو جەلالییە کۆنەکان بۆ رۆژێکیش بێت مەلایی بوونە!

برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا و زۆر کۆنە مەلایی دیکە کە لە بارزانی هەڵزۆقینەوە و ویستیان ببن بە پرۆژەی ئاڵتەرناتیڤ، فەشەلیان هێنا و خۆیان عاقیبەت بوون بە (مەلاییە نوێیەکان). چونکە کۆڵەگەی سیاسەتکردنیان پتر لەوەی دژایەتیی پارتی بێت، گەڕانەوەیەکی شایستە بوو بۆ باوەشی پارتی و پەیداکردنی پلە و پۆستی بەرزتر لای ماڵی بارزان (بەرهەم سالح دەمێکە ئەو شانسەی هەیە و قەت بیری لە بەکارهێنانی نەکردووەتەوە). ئەوان لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا قەت نەیانتوانی شتێک پێشکەش بکەن کە بتوانێ تەجاوزی پارتی و بارزانی بکات. بۆیە ئەم بەرەیە پێویستی بە رابەرێکی نوێ هەیە بتوانێ تەجاوزی ئەو عوقدە مێژووییە بکات کە (لە سلێمانییەوە) باڵی بەسەر سیاسەت و ئایندەی کوردستاندا کێشاوە. بزووتنەوەیەک کە لە هەموو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا (بێ قەید و شەرت) لە ریزی پێشەوە بێت، بەڵام بەقەدەر سەرە دەرزییەک لە کەمایەسیەکانی حوکمڕانی خۆش نەبێت. چونکە پارتی خاڵی لاوازی رکابەرەکانی کەشف کردووە، ئەویش ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی لە کارنامەیدا 31ی ئابیش هەیە، بەڵام دەرسی نیشتمانپەروەری دەداتە رکابەرەکانی!

بزووتنەوەی سیاسیی سلێمانی بەدەست قەیرانی ناسنامەوە گیری خواردووە، رۆژێک لە دژی مەلا مستەفای عەشایر دەبێ بە کۆمۆنیست، دواییش هەر خۆی کۆمۆنیست قەلاچۆ دەکات! شەڕی ئیسلامی سیاسی دەکات و دوایی هەرچی کۆنە ئیخوان و تیرۆریستە وەک سیمبولی نوێخوازی پێشکەشی کۆمەڵگا دەکات! بۆیە گۆڕانی راستەقینە ئەوکاتە روودەدات کە ئەو جوڵانەوە مەدەنییە بتوانی خۆی تەعریف بکات. ئێستا بەرهەم سالح لە غیابی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا دەتوانێ تەجاوزی ئەو عوقدە مێژووییە بکات و ئاراستەیەک بۆ شەراکەت و ململانێ لەگەڵ پارتیدا دروست بکات، نە ببێتە پاشدز و نە ببێتە هاوماڵ. ئەو نە لە هەکاری و نە لە قڕناقە و پشتئاشان، نە لە کڵاوقاسم و کەپکی حەمەدئاغا بڕیاری کوشتنی براکانی نەداوە تا شەرمەزاری مێژووی خۆی بێت، بۆیە ئەو دەتوانێ.

## گێژاوی گۆڕان

2

ئەڵبەتە میراتی نەوشیروان مستەفاش (وەک ئۆجاغکوێری سیاسی) هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سەرکردەکانی پێش خۆی نییە، ئەویش موڵک و ماڵ و دارایی بزووتنەوە سیاسییەکەی بۆ موستەحەقترین کەسەکان بەجێهێشت کە منداڵەکانی خۆی بوون، هاوکات مەسەلەی جێگرەوەی خۆیشی وەک کەرەستەیەکی ململانێی سیاسیی ئەبەدی بۆ هاوقەتارانی کردە میرات تا دوای کۆمەڵێک ملشکاندن و پەرتەوازەیی، وارسە حەقیقییەکانی (کوڕەکانی) رێشمەی بزووتنەوەکە بگرنە دەست.

سەنگی مەحەکی جیاوازیی گۆڕان ئەوکاتە بوو کە نەوشیروان مستەفا نەمێنێت. چونکە لە بنەڕەتدا بە حزووری نەوشیروان مستەفا، فۆرمی حزبی کوردی هەمان تاس و حەمام بوو. هەشت ساڵە ئەو حیزبە تەنها یەک کۆنگرەی بەستووە و لەکاتێکدا کە رێکخەری گشتی لە ژیاندا بوو، هیچ ئۆرگانێک و دامەزراوەیەک بۆیان نەبوو قسە لەسەر قسەی ئەو بکەن یان بڕیارە تاکە کەسییەکانی رەتبکەنەوە. هاوکات هەڵبژاردن و گۆڕینی سەرۆک تابۆ بوو! بۆیە هەرچەندە ئەو بزووتنەوەیە پێش مەرگی رێکخەرەکەی، ئینتیحاری سیاسیی کردبوو، بەڵام لێرە بەولاوە ململانێیەکی سەخت لەسەر (مالیکیەتی) گۆڕان دەستپێدەکات و پێناچێ وا بە ئاسانی کۆتایی بێت. نەوشیروان مستەفا یۆتۆپیایەکی (ئەڵبەتە نا راستەقینەی) لە زیهنیەتی ئەوانەدا دروست کردبوو کە خۆی (هەڵیدەسووڕاندن) و ئەوانیش خۆیان پێ هەڵسووڕاو بوو! بۆیە ئێستا هەڵسووڕاوەکان بەتەنگ ئەوەوەن کە پەتەکانی خۆیان بپچڕێنن، چونکە کەس نازانێ تا ئێستا چۆن گەمەی کردووە. ئاراستەیەک دەیەوێ گۆڕان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی پێشوو) بکاتە حیزبێکی ئیسلامیی عەیار بیستوچوار و ئەوەی دیکەش بەتەنگ گەڕانەوەیەکی شەرافەتمەندانەیە بۆ باوەشی یەکێتی! لەو بەینەشدا جەماوەرەکەیان سەریان لێشێواوە.

## دوو سوورچی

3

یەکیان پارتی و ئەوەی دیکەیان یەکێتی، هەردووکیان دیلی دەستی داعش. یەکیان زەق زەق و گۆشاوگۆش بەبەرچاوی هەموو دنیاوە سەری لە جەستەی جیاکرایەوە: هوجام. ئەوەی دیکەیان سەید ئەحمەد کە ئەویش ئیفادەی دەموچاوی دوای رزگاربوونی هیچی لە ساتەوەختی سەربڕینی هوجام کەمتر نەبوو. هوجام کۆڵێک منداڵی هەتیوی لەپاش خۆی بەجێهێشت، بەڵام شوکر سەید ئەحمەد هاتەوە ناو خێزانی. گرنگ نییە کێ سەید ئەحمەدی رزگار کرد، دیل بەدیلیان پێ کرد یان شێرە کوڕانی (جەنگی) دەستەویەخەی زانیاری رزگاریان کرد، بەڵام پرسیاری سەرەکی لە کاربەدەستانی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەیە: کەسێکی وەکو سەید ئەحمەدی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە ریزی پێشەوەی جەبهەی شەڕ چی دەکرد؟ ئەسڵەن بە هەموو پێوەرە پیشەییەکان، کەسانی وەکو سەید ئەحمەد نەک ناکرێ و ناشێ لە بەرەی پێشەوەی شەڕ بن، تەنانەت سەربازیی زۆرەملێیش نایانگرێتەوە. بۆیە پێش ئەوەی مرۆڤ دانیشێ پرسیار لەوە بکات کە کێ سەید ئەحمەدی رزگار کرد، دەبێ ئەو پرسیارە بکات کە کێ ئەوی دامەزراند و بردییە بەرەی پێشی پێشەوەی شەڕ؟!



دانە ئەبوبەکر

# گشتپرسی و کاردانەوەی یەکێتیی ئەوروپا

دەوڵەتی داهاتووی سەربەخۆی کوردستان تەواو لەگەڵ بەرژەوەندی و جیۆسیاسیی یەکێتی ئەوروپادا یەکدەگرێتەوە! چۆن؟

یەکێتیی ئەوروپا کە لە 28 وڵاتی ئەوروپی پێکهاتووە و وەک ناوچەیەکی کۆنفیدراڵی یاخود رێکخراوێکی سیاسی و ئابووریی گرینگ لە دونیادا دامەزراوە، لە رووی ئابووری و داهاتی ناوخۆییەوە بە گرینگترین و دەوڵەمەندترین ناوچەی جیهان هەژمار دەکرێت، لە رووی سیاسی و سەربازیشەوە خاوەنی نزیکەی نیوەی وڵاتانی پێنج کۆ یەکە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و باڵانسی هێزی جەمسەرە کاریگەرەکەیە لە دونیادا لەژێر ناوی رۆژئاوا.

لای هەموو لایەک روون و ئاشکرایە یەکێتی ئەوروپا لەسەر پرەنسیپی یەکسانی و ئازادیی بۆ تاک و پاراستنی مافی نەتەوەکان دامەزراوە. وشەی نەتەوە وەک چەمکێکی سیاسی لە سەردەمی ریفۆرم لە ئەوروپا سەریهەڵدا، لەو کاتەوە بەشێوەیەکی گشتی لە ئەوروپا دەستکرا بە جیاکردنەوەی مانا و چەمکی گەل و نەتەوە لە یەکتر. وەک زانای ناوداری رووسی ئەلێکساندەر دووگین دەڵێ، چەمکی نەتەوە سیاسییە، بەڵام گەل مێژووییە. هیچ گومانێک نییە لەوەی کە کورد گەلە، بەڵام بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لە باشووردا نابێت پشت بەو سیاسەتە ببەسترێت کە کوردستان تەنیا وڵاتی کوردان دەبێت، بەڵکو کۆمەڵێک نەتەوەی تر هاوبیر لەگەڵ گەلی کورد کاردەکەن لەپێناوی ئەو دەوڵەتە کە تاوەکو ئەمرۆ ناوی ئەم دەوڵەتە لەدایکنەبووە کوردستانە، بەهەمان شێوە ئەرمەن و ئاشوور و تورکمان و باقی ئەوانی تر دەبنە خاوەنی.

لەم ساتەوە بەشێوەیەکی فراوانتر و بەردەوام کار دەکرێت لەسەر پێکەوە کارکردنی نەتەوەکانی جیهان. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نموونەیەکی زیندووی ئەم کارکردنەیە.

هەر ئەوەی ئەمرۆش پێی دەگوترێ یەکێتی ئەوروپا بەرهەمی ئەو ریفۆرم و بیرکردنەوانەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی 17 دەستیانپێکرد، دواتر رێکخراوی یەکێتی ئەوروپایان لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەکانی ناو کیشوەری ئەوروپا لێ پێکهێنا، بە لەبەرچاوگرتنی پاراستن و رێزگرتن لە بەها و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤایەتی کە مەرجی سەرەکیی بوونە بە ئەندام لەم یەکێتییەدا.

رێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا نەک تەنیا لەناو دەوڵەتانی ئەندام، بەڵکو لە سەرتاپای جیهاندا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ لەڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا باری ئابووری و ئاسایش و بارودۆخی وڵاتان راستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، ئەویش لەبەر بەهێزیی باری ئابووری و دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتووانی وڵاتەکانیان. بینیمان لە کاتی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی و ئابووریی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی باکووری ئەفریقا چۆن بە لێشاو کۆچبەر روویان لە وڵاتانی ئەوروپا دەکرد و چۆن کاریگەریی نەرێنی خستە سەر ئەو وڵاتانە هەم لە رووی ئاسایش و خۆشگوزەرانی هەمیش لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە.

لەم چوارچێوەیەدا یەکێتیی ئەوروپا بە پێچەوانەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ترەوە هیچ کاتێک لە بەرژەوەندییاندا نییە باری ئەمنیی ئەم ناوچانە تێکبچن و شەڕ و ئاژاوە تێیاندا بەردەوام بن بۆ ئەوەی چەک و تەقەمەنی و فڕۆکە و مووشەکیان پێ بفرۆشن، یاخود سەرقاڵیان بکەن بە یەکتر و لاوازیان بکەن لە رووی ئابووری و سەربازی و سیاسی بۆ ئەوەی نەگەن بەو ئاستەی دژ بە جیۆسیاسییان بوەستنەوە لە دونیادا. بەڵکو بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی زلهێزەکان، تێکچوونی باری ئەمنی و لاوازیی ئابووری وڵاتانی جیهان یەکێتی ئەوروپا رووبەڕووی نەهامەتی و کێشەی گەورە دەکاتەوە وەک ئەمرۆ پێوەی دەناڵێن بەهۆی تێکچوونی ئاسایشی جیهان و قەیرانی ئابوورییەوە.

کوردستانی باشوور لە ماوەی رابردوودا ئەوەی سەلماندووە کە بووەتە زامنی ئاسایش و ناوچەیەکی ئارام بۆ کاری بازرگانی و دیپلۆماسیی جیهانی، بەجۆرێک تا ساڵانی پێش 2014 خەڵکانێکی زۆری وڵاتانی دەوروبەر و ئاسیای ناوەڕاست و باشوور روویان تێدەکرد بۆ کارکردن، تەنانەت زۆرێک لە کوردە نیشتەجێبووەکانی یەکێتی ئەوروپا گەڕانەوە زێدی باب و باپیرانیان. ئەم راستیانە لای وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا شاراوە نین و ئاگاداری تەواوی گۆڕانکارییەکانن. هەروەها بینیشیان لە دوای ساڵی 2014 و تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی و ئابووریی کوردستان و ناوچەکە بەهۆی سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات و چۆن بە لێشاو خەڵکی ئەم ناوچانە روویان لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا کرد. ئەم رووداوانە بوونە هۆکاری گۆڕینی دیمۆگرافیا و تا رادەیەکیش کولتوور و بەرزبوونەوەی هەستی ناسیۆنالیستی لەناو وڵاتانی ئەوروپادا کە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی یەکێتیی ئەوروپایە. دەوڵەتانی ئەوروپا باش لەوە تێدەگەن کە ئەمرۆ بەهۆی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە زۆر دەوڵەت لە باری لاواز و ناجێگیردان. لاشیان ئاشکرایە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش تەنیا سیاسی و سەربازی نییە، بەڵکو بەشێکی گرینگی پەیوەندی بە لایەنی ئابووری و خراپ دابەشبوونی سامان و داهاتە بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ئەمە جگە لە هۆکارە مەزهەبی و ململانێ ئایینییەکان کە لەم ناوچانەدا هەن و بوونەتە هۆکاری دروستبوونی ئەم بارودۆخە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێوەی دەناڵێنن، ئەورووپاش وەک قوربانیی یەکەم سەیر دەکرێت لەم رووەوە.

فاکتەری کورد و کێشەی نەبوونی دەوڵەتی کوردستان هەمیشە وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو باس دەکرێت و لە کات و ساتدایە بۆ تەقینەوە. بە تەقینەوەی ئەم بۆمبە بە دڵنیاییەوە رووداوی زۆر کاریگەر و مەترسیدارتر روودەدەن کە لە شەڕ و نەهامەتی و کاریگەرییەکانی داعش بۆ سەر ئەم ناوچانە و دواتر ئەوروپا هەموو جیهان زۆر زیاتر زەرەرمەند دەبن.

بۆیە یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ چارەسەرکردنی پرسی کوردە لەناو هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەتایبەتی لە باشوور کە ئەمرۆ لە بارودۆخێکی تایبەتدایە وەک ئەڵتەرناتیڤی شەڕ و پێکدادانی قەومی کە ئەگەرێکی بەهێز و چاوەڕوانکراوە بەهۆی بەردەوامبوونی ئەم جۆرە حوکمڕانییەی لە عێراقدا دەکرێت، کارکردنی حکومەتی هەرێم وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و نەگەڕانەوە بۆ بەغدا لە پەیوەندییە دیپلۆماسی و کۆنتراکتە ئابوورییەکان و هێزی سەربازیی جودا و دوور لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی. روونتر بڵێین کارکردنی دوو دەوڵەت یان دوو حکومەت لە ناو یەک وڵاتدا، درەنگ یان زوو پێکدادانی لێدەکەوێتەوە. بە تایبەتی ئەو کاتانەی کارە دیپلۆماسی و ئابووری و سەربازییەکان تێکەڵ دەبن و بەرژەوەندییەکان بەریەک دەکەون وەک ئەوەی ئێستا دەبینرێت.

سەردانیکردنی شاندی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم بۆ یەکێتی ئەوروپا بە سەرۆکایەتی بارزانی و ئەنجامدانی کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنی گرینگ و کاریگەر بە ئاڵای کوردستانەوە بەبێ ئاڵای عێراق لەگەڵ دەسەڵاتداران و ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، گەواهیدەری ئەم راستیانەن، بە تایبەتی لەکاتی پرسیارکردنی ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا و زۆر جەختکردنەوە لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووری و بارودۆخی سەربازی بۆ دوای ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان چۆن دەبێ و چ گەرەنتییەک هەیە.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بارودۆخی سەربازی و ئابووریی ئەم ناوچانە زۆر گرینگن بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، بەجۆرێک هەر پێکدادان و ناسەقامگیرییەک لەم ناوچانەدا رووبدات ئەوە لێشاوی کۆچ و کۆچبەران دەستپێدەکاتەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، ئەمە جگە لە دەرهاویشتە چاوەڕوانکراوەکانی تری وەک تیرۆر و بێکاری و گۆڕینی دیمۆگرافیا و کاریگەرییە فەرهەنگییەکان لەسەر دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.

نابێت ئەوەشمان لەبیربچێ یەکێک لە هەرە مەترسییە راستەقینەکانی سەر هەڵوەشانەوەی یەکێتی ئەوروپا کۆچی بەلێشاو و تیرۆری نێودەوڵەتییە کە سەرچاوەکانیان ئەم ناوچانەن بەهۆی نەمانی سیادە و هێزی دیپلۆماسیی جێگای باوەڕ لە نێوان دەوڵەتان هاتووەتە ئاراوە. سەلمێندراوە بە لە دایکبوونی دەوڵەتی کوردستان ئەمن و ئاسایش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ زۆرێک لەم ناوچانە دەستەبەر دەبێ کە ئەمرۆ بە ناوچەی نائارام دەبینرێن و دانیشتووانیان روو لە وڵاتانی ئەوروپا دەکەن بۆ ژیانێکی باشتر. لەهەمان کاتدا دەکرێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان باڵانسی هێز جێگیر ببێت لەنێوان لایەنی سوننی و شیعی و دواتریش کورد و عەرەبی عێراق.

کەواتە بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتووانی ناوچەیەکی پان و بەرینی پڕ لە کێشە و شەڕ و نەهامەتی دابین دەکرێت و ئەوروپاش دەپارێزێ لە کۆچی بەلێشاو و دروستبوونی رێکخراوی توندڕەوی ئیسلامیی نوێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان شارەزاییەکی بێ هاوتای هەیە لەم رووەوە. ئەمە جگە لە دەوڵەمەندیی کوردستان بە نەوت و گازی سروشتی کە هەمیشە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پێویستیان بە برێکی زۆری سامانە سروشتییەکانە. ئەمن و ئاسایش و رۆڵی کوردستان لەناو بازاڕی نەوتی جیهاندا بەڵگەیەکی بەهێزی ئەم لایەنانەن. بەمەش یەکێتیی ئەوروپا دەگات بە جیۆپۆلیتیکی خۆی لە کوردستاندا.

دواجار ئەم فاکت و بەڵگانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، ئەوەمان پێدەڵێن کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان تەواو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا یەکدەگرێتەوە، هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دژ بە مافە رەواکانی کوردستانیان و جیۆسیاسیی خۆیان نەوەستنەوە لەم ناوچەیەدا.



مامەند رۆژە
mamend.roje@rudaw.net

# بارزانی بۆ نایکات؟
# پرۆژەیەکی ستراتیژیی تازە

کوردستان ببێ بە دەوڵەتیش، دەولەتێکی داخستەیە، واتە Landlocked Country. ئەمە بە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی کامڵ دەگوترێ کە چواردەوری بە وشکانی گیراوە و هیچ دەروویەکی دەریایی نییە. ئێستا لە دنیادا 49 دەوڵەتی داخستە هەن کە بە زۆری لە ئاسیا و ئەفریقا هەڵکەوتوون.

یەک لە دەرچە دەریاییە نزیکەکان لە کوردستان عێراقە، سەرچاوەی کێشەکەش دیسان عێراقە! کەوابوو چارەسەر چۆن بەرهەمدەهێنرێت و بارزانی چۆن دەتوانێ عێراقییەکان دڵنیابکاتەوە؟

پرسیاری ئێمە ئەمەیە: گەلۆ هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێ نیگەرانیی لایەنی عێراقی بڕەوێنێتەوە؟ هەروەها گریمانەشمان ئەمەیە کەوا هەرێمی کوردستان لە توانایدایە بە تێزی کۆنفیدراسیۆنی نوێ ئەم نیگەرانییە عێراقییە بڕەوێنێتەوە.

### تێزی کوردستان: کۆنفیدراڵیی ناوەڕاست

هەموو پرۆژەیەکی ستراتیژی هەڵگری بۆچوونی جیۆسیاسییە. ئەگەر هزر لەپشت پرۆژە سیاسییەکانەوە بێ، ئەوە نەک قەیرانساز نییە، بەڵکوو قەیرانڕەوێنیشە. هەندێجار تێزێکی گەورە رەهەندە سیاسی و ستراتیژییەکانی وڵاتێک بەرفراوان دەکا و کۆتایی بە بنبەستی ستراتیژی دەهێنێت.

بۆ نموونە: رووسیا بە تێزی نۆئۆراسیایی خەریکە حەوزی نفوزی پەرەپێدەدات، فەرەنسا بە تێزی ئەورۆناوەڕاستی پەیوەندییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری دەریای ناوەڕاستی بەسوودی خۆی رێکخستووە، تورکیا بەتێزی نۆئۆسمانی دەیەوێ بە فاکتەری ئیخوان گەمە بکات، عەرەبستان تێزی ماکی سوننەی ناوچەکەی پێیە و ئێران خەریکە بە تێزی هیلالی شیعە پەلدەهاوێت.

هەموو دەوڵەتێک بۆ ئەوەی بەهێز بێ، بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلی ناوچەیی، پێویستە تێزی جیۆسیاسیی خۆی ئامادە بکات. عێراق بەدەست نەبوونی تێزی جیۆسیاسییەوە دەناڵێت. عێراق وڵاتێکە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە تەنگژەی ناوخۆیی و ناوچەیی هەیە، بەڵام توانای ئەوەی نییە ئەم ئەزموونە بقۆزێتەوە.

هەموو عێراقییەکان دەزانن ئەم وڵاتە خەریکە دەبێتە کۆڵۆنییەکی نوێی ئێران.

هەرچەندە ئەم پرۆژەیە پشت بە تیۆری هاوبەرژەوەندیی شیعە دەبەستێ، بەڵام وڵاتی ناوەند ئێرانە و وڵاتی وابەستەش عێراق. بۆیە عێراق بۆ دەرچوون لە دۆخی نۆکۆڵۆنیی ئێران، پێویستی بەوەیە تێزی جیۆسیاسیی خۆی دابڕێژێت.

لێرەدا کورد بەتایبەتی بارزانی دەتوانێ هەڵگری پرۆژەی کۆنفیدراڵییەکی نوێ بێت.

### عێراق: کۆنفیدراڵیی ناوەڕاست

عێراق ئەگەر بتوانێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر سیغەیەکی نوێ پەیوەندییەکانی پێناسە بکات، ئەوە دەتوانێ لە ناوچەکەدا ببێتە مۆدێل. بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت؟ جارێ عێراق دەبێ واز لە تێزی ناوەندخوازیی ستوونی بهێنێ، چونکە ئەم مۆدێلە لە ئەزموونەکانی پادشایی، قاسمی، سەددامی و مالیکیدا شکستی هێناوە. بۆیە هەرجۆرە ناوەندخوازییەکی نوێ کە پشت بە قۆستنەوەی هێزە چەکدارەکان دەبەستێ، مەحکووم بە شکستە.

عێراق پێویستە مێژووی دەوڵەمەندی نیوسەدەی رابردووی بکاتە سەنگی مەحەک بۆ خۆی. پێویستە پشت بە تێزی مۆدێلی کۆنفیدڕاڵیی ئاسۆیی لەگەڵ کورد و سوننە ببەستێ. پێویستە پشت لە تێزی داگیرکاری و ناوەندگەرایی چڕی عەسکەرتاری بکات. ئەم تێزە دەیان ساڵە هەموو سامانی مرۆیی و سامانی ماددیی عێراقی هەڵلووشیوە و کارەساتی بەرهەمهێناوە.

ئەگەرعێراق بتوانێ ئەم تێزە سەربخات و پیادەی بکا، ئەگەر بتوانێ لەگەڵ کورد و سوننە نموونەیەکی نوێ لە دابەشکاریی دەسەڵات جێبەجێ بکا، ئەوە لە ناوچەکەدا دەبێتە وڵاتێکی سەرمەشق. بەمجۆرە عێراق بە بنیاتنانی کۆنفیدراڵی عێراقی — کوردستانی دەتوانێ بۆ سەرانسەری ناوچەکە ببێتە نموونەی چارەسەرکردنی تەنگژە دەیان ساڵییەکان.

### ئەنجام: ئەم مۆدێلە چۆنە؟

مۆدێلی کۆنفیدراڵی عێراقی — کوردستانی دەکرێ بەناوی کۆنفیدراڵیی ناوەڕاستیش بناسرێ، چونکە عێراق واتە میزۆپۆتامیا، ناوجەرگە، قیبلەگا یاخود هارتلاندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. عێراق ئەزموونی مێژوویی گەورەی بۆ ئەمە هەیە. رۆحی ئیمپراتۆری عەباسی کە جۆرێک لە کۆنفیدراڵی بووە، لەگەڵ رۆحی تێزی ناوچەگەرایی ئەم سەردەمەدا وێکدێتەوە.

کۆنفیدراڵیی ناوەڕاست دەتوانێ بەچارەسەرکردنی کێشەی دێرینەی کوردی — عەرەبی و کێشەی دێرینەی شیعە — سوننە، بۆ سەرانسەری ناوچەکە ببێتە سەرمەشق.

ئەگەر عێراق ئەمە بکا، ئەگەر بارزانی بتوانێ ئەم تێزە دابڕێژێ، ئەوە کورد لە "هێزی راکردن لە ناوەند"ەوە دەبێتە "هێزی راکێشان بۆ ناوەند".

هەروەها سوننە لە هێزی راکردن لە ناوەندەوە دەبێتە هێزی راکێشان بۆ ناوەند. بەمجۆرە عێراق دەتوانێ لە سیاسەتی ناوچەیی خۆیدا قەڵەمبازێک باوێ و کوردی ئێران، تورکیا و سووریاش بۆ لای خۆی رابکێشێ و بیکاتە ئامرازی سیاسەتی ناوچەیی خۆی. هەروەها دەبێتە وڵاتی دایک بۆ سوننە و شیعەی سەرتاسەری ناوچەکە.

عێراق دەتوانێ بە دەستەبەرکردنی چارسەرێک لەنێوان کورد — عەرەب و شیعە— سوننە، سەنتێزێکبهێنێتەکایەوە.

لەم دۆخەدا کوردستان دەبێتە خاوەن سەروەریی ناوەکی و دەرەکی، پارەی خۆی چاپ دەکا، سوپای خۆی دادەمەزرێنێ، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆی پیادە دەکا، بەڵام لەگەڵ عێراق دەبێتە یەک کۆنفیدراسیۆن.

لەم فیدراڵییە ناوەڕاستییەدا عێراق و کوردستان سیاسەتی بەرگریی هاوبەش دادەڕێژن، ناوچەی بازرگانیی هاوبەش پێکەوەدەنێن کە دەتوانێ بۆ تێکڕای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە بەردی بناغەی پێکەوەنانی یەکێتی ناوچەیی. ئەم پرۆژەیە لە توانایدایە کە بۆ هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە سەرمەشقی یەکلاکردنەوەی پرسە ستراتیژییەکان.

ئەم ئەرکە لەسەر بارزانییە و ئەگەر بەم پرۆژەیەوە بگەڕێتەوە بەغدا، دەتوانێ دەروازەیەک بە رووی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی داخستەدا بکاتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more


## باران
## دەبێتە بازرگان

« 10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل


هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net


# زیان و وێرانکاریی شەڕی 6 ساڵەی سووریا

## 226 ملیار دۆلار زیان بە ئابووریی سووریا گەیشتووە



## زیانەکانی کەرتی پەروەردە





قوتابخانەی سەرەتایی کە تاڕادەیەک یان بە تەواوەتی وێرانکرابن
قوتابخانەی دواناوەندی کە تاڕادەیەک یان بەتەواوەتی وێرانکرابن
ناوەندە پەروەردەییەکانی کە هیچ زیانێکیان پێ نەگەیشتووە

**53 %** ناوەندە پەروەردەییەکانی سووریا زیانیان پێگەیشتووە.


**10 %** ناوەندە پەروەردەییەکانی سووریا بەتەواوەتی وێرانکراون

## زیانەکانی کەرتی نیشتەجێبوون




ئاپارتمان:زیانی پێگەیشتووە
ئاپارتمان: بە تەواوەتی وێرانکراوە
خانووبەرە: زیانی پێگەیشتووە
خانووبەرە: بەتەواوەتی وێرانکراوە
ئەو یەکانەی زیانیان پێنەگەیشتووە

## زیانەکانی کەرتی تەندروستی




نەخۆشخانەی تایبەت کە تارادەیەک یان بەتەواوەتی وێرانکراون
نەخۆشخانەی تایبەت کە تاڕادەیەک یان بەتەواوەتی وێرانکراون
وێرانکاری لەنەخۆشخانەی نەخۆشییە تایبەتەکان
بنکە پزیشکییەکان کە تارادەیەک یان بەتەواوەتی وێرانکراون
دامەزراوە تەندروستییەکان کە هیچ زیانێکیان پینەگەیشتووە

سەرچاوە : بانکی جیهانی

**50 %** بنکە تەندروستییەکانی سووریا زیانیان پێگەیشتووە.

**16 %** بنکە تەندروستییەکان سووریا وێرانکراون.

## بەژمارە - ئاستی وێرانبوونی کەرتی نیشتەجێبوون لە 8 پارێزگا

| پارێزگا | ژ. یەکە لە 2010 | تاوەکو 2017 وێرانکراوە: زیانی پێگەیشتووە | تاوەکو 2017 وێرانکراوە: وێرانبووە | تاوەکو 2017 وێرانکراوە ( % ): زیانی پێگەیشتووە (%) | تاوەکو 2017 وێرانکراوە ( % ): وێرانبووە (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| حەلەب | 889.884 | 236.947 | 68.743 | 23.3 | 7.5 |
| ڕەققە | 145.374 | 27.054 | 8.899 | 12.9 | 4.3 |
| دەرعا | 157.430 | 44.081 | 12.596 | 12.0 | 3.0 |
| دیمەشق | 600.955 | 103.794 | 40.259 | 18.5 | 4.7 |
| دێرەزۆر | 171.679 | 48.070 | 13.734 | 31.2 | 10.0 |
| حمس | 356.577 | 97.936 | 28.144 | 17.3 | 5.8 |
| حەما | 305.518 | 18.402 | 27.547 | 2.5 | 3.0 |
| ئدلیب | 261.302 | 73.165 | 20.904 | 25.3 | 6.3 |
| کۆی گشتی | 2.888.719 | 649.449 | 220.826 | 22.8 | 8.6 |

### ئاماری کۆبانیێ:



ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە 2010: **20801**

ژمارەی ئەو یەکانەی تاڕادەیەک وێرانبوون: **2226** یەکە **(% 10.7)**

ژمارەی ئەو یەکانەی بەتەواوەتی وێرانبوون: **814** یەکە **(% 3.9)**